زانکۆی سلێمانی
کۆلیجی ئاداب
بەشی زمانی کوردی

# زمانی کوردی
# بۆ
# دەستپێکەران

دانانی
دکتۆر کامل حسن عزیز البصیر

بە بڕیارو لەسەر ئەرکی زانکۆی سلێمانی چاپکراوە

١٣٩٧ ی کۆچی    ١٩٧٧ ی زایینی

## ( دەنگەکانی زمانی کوردی )

### ئەلفو بێی کوردی :ـ

ئ ، ب ، پ ، ت ، ج ، چ ، ح ، خ ، د ، ر ، ڕ ، ز ، ژ ، س ، ش ، ع ، غ ، ف ، ڤ ، ق ، ك ، گ ، ل ، ڵ ، م ، ن ، و ، وو ، ۆ ، هـ ، ە ، آ ( ئا ) ، ی ، ێ •

### چەند سەرنجێك :ـ

١ ـ سێ نیوە بزوێن لە ئەلف و بێی کوردیدا هەیە تائیستا پیتیان بۆ دانەنراوە ، ئەم نیوە بزوێنانە لە دوای پیتی یەکەمی ئەم وشانەی خوارەوە هەستیان پێئەکرێ :

ژن ، پیاو ، خوا •

٢ ـ ئەم دوو ڕیزە وشانە بخوێنەرەوەو سەرنج لەو پیتانە بدە کە لەناو دوو کەوانەدان :

| ڕیزی یەکەم | | ڕیزی دووەم | |
|---|---|---|---|
| ( پ ) | پایسکل | ( پ ) | پیاز |
| ( چ ) | چـای | ( چ ) | چاڵ |
| ( ڕ ) | رّب | ( ڕ ) | کەڕ |
| ( گ ) | گال(١) | ( گ ) | گڵێنە |
| ( لل ) | الله | ( ڵ ) | لاڵ |
| (ضمة القاف) | قُفل | ( و ) | گوڵ |
| وا | قالوا | ( وو ) | سوور |
| ۆ | شلون(٢) | ( ە ) | سەبەتە |
| فتحة الكاف | كَتَبَ | ( ۆ ) | ڕۆژ |
| فتحة التاء | | | |
| فتحة الباء | | | |
| ێـ | زین(٣) | ( ێ ) | دێ |
| ی | مرادی | ( ی ) | ئازادی |

١ ـ گال : قال باللهجة البغدادية .

٢ ـ شلون : كيف = = .

٣ ـ زین : حسن = = .

٣ ـ وشەکانی ڕیزی یەکەم بە عەرەبین ٠ وشەکانی ڕیزی دووەم
بە کوردین بە وردی سەرنج لە دەنگە وەك یەکەکانی بدە :

| وشە عەرەبی‌یەکان | وشە کوردی‌یەکان |
| --- | --- |
| ثابت | سابت |
| ظالم | زاڵم |
| طارق | تاریق |
| صابون | سابوون |
| أستاذ | ئوستاز |
| حلاء | حەڵوا |
| عرب | عەرەب |
| غم | غەم |
| ليلى | لەیلا |
| أرض | ئەرز |

| واتای وشەکان | معانی الكلمات |
|---|---|
| دەنگەکان | الاصوات |
| زمانی کوردی | اللغة الكردية |
| چەند سەرنجێك | بعض الملاحظات |
| سێ | ثلاثة |
| نیوە بزوێن | نصف حركة ، حرف علة قصير |
| پیت | حرف |
| وشە | الكلمة |
| هەیە | يوجد |
| تا | حتى |
| ئێستا | الآن |
| بۆ دانەنراوە | لم يوضع لها |
| لە | في |
| دوای | وراء |
| یەکەم | أول |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
|---|---|
| ئەم وشانەی خوارەوە | هذه الكلمات الآتية |
| هەستیان پێ ئەکرێت | يحس بها |
| ژن | المرأة |
| پیاو | الرجل |
| خوا | الله |
| دوو ڕیزە | المجموعتين |
| بخوێنەرەوە | اقرأ |
| سەرنج بدە | تأمل |
| لەو | في تلك |
| کە | التي |
| لەناو دوو کەوانەدا | الموجودة بين القوسين |
| پایسکل | الدراجة الهوائية |
| چای | الشاي |
| پیاز | البصل |
| چاڵ | الحفرة |
| کەڕ | الأطرش |
| گلێنە | كرة العين |
| لاڵ | الأخرس |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| گوڵ | الورد |
| سوور | الأحمر |
| ڕۆژ | الشمس |
| سەبەتە | السلة |
| دێ | القرية |
| ئازادی | الحرية |
| بە وردی | بدقة |
| هاوبەش | المشترك ( شريك ) |

## زانـــــــکۆ

من قوتابیم • ئێمە لە زانکۆی سلێمانیدا ئەخوێنین •

تۆ مامۆستایت • ئێوە لە زانکۆی سلێمانیدا قوتابی فێر ئەکەن •

زانکۆ شاری زانیاری‌یە ، زانکۆ شاری خوێنەواری‌یە •

جووتیار پێویستی بە زانست هەیە •

ئەو لە زانکۆ سوود وەرئەگرێ •

کرێکار پێویستی بە خوێندەواری هەیە •

ئەوان لە زانکۆ سوود وەرئەگرن • زانکۆ شاری زانیاری‌یە • زانکۆ شاری خوێندەواری‌یە •

دەستوری زمان :ـ

| | |
|---|---|
| من مامۆستام | تۆ مامۆستایت |
| ئەو مامۆستایە | ئێمە مامۆستاین |
| ئێوە مامۆستان | ئەوان مامۆستان |

دەستووری جێناوی کەسی جوێ :ـ

| کەسی | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | من | ئێمە |
| دووەم | تۆ | ئێوە |
| سێیەم | ئەو | ئەوان |

بۆ ڕێنووس :ـ

پیتە خاڵدارەکان :

ا ـ ئەم پیتانە یەك خاڵیان هەیە :ـ
ب ، ج ، ، خ ، ز ، غ ، ف ، ن .

ب ـ ئەم پیتانە دوو خاڵیان هەیە :ـ
ت ، ق ، ی ، ێ ، ـیـ ، ـێـ .

ج ـ ئەم پیتانە سێ خاڵیان هەیە .
پ ، چ ، ژ ، ش ، ڤ .

## ڕاهێنانی ( ١ )

دەرسەکە بخوێنەرەوە ئەمجا وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە :

١ ـ تۆ چی‌یت ؟
٢ ـ ئێوە لە کام زانکۆ ئەخوێنن ؟
٣ ـ ئێمە لە زانکۆی سلێمانی‌دا چی ئەکەین ؟
٤ ـ زانکۆ شاری چی‌یە ؟
٥ ـ جووتیار پێویستی‌ی بە چی هەیە ؟

## ڕاهێنانی ( ٢ )

ئەم بۆشایی‌یانە بە یەکێك لە جێناوە جوێیەکان پڕبکەرەوە :

١ ـ . . . . . . . کرێکارم .
٢ ـ . . . . . . . جوتیارن .
٣ ـ . . . . . . . قوتابین .
٤ ـ . . . . . . . مامۆستاین .

## ڕاهێنانی ( ٣ )

ئەم ڕستانەی خوارەوە بخوێنەرەوە لە پاشا هەر جێناوێکی جوێی تێدا ئەبینی هێڵی بە ژێردا بکێشە :ـ

١ ـ من پزیشکم .
٢ ـ ئێوە بران .
٣ ـ تۆ کوڕیت .
٤ ـ ئێمە پیاوین
٥ ـ ئەوان مامۆستان .
٦ ـ ئەو ژنە .

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| زانکۆ | الجامعة |
| من | أنا |
| قوتابی | الطالب |
| ئێمە | نحن |
| ئەخوێنین | ندرس |
| تۆ | أنت |
| مامۆستا | الأستاذ |
| ئێوە | أنتم |
| فێرکردن | التعليم |
| شار | المدينة |
| زانیاری | العلم |
| خوێندەواری | المعرفة |
| جووتیار | الفلاح |
| پێویستی | الاحتياج |
| ئەو | هو |
| سوود وەرئەگرێ | يستفيد |
| کرێکار | العامل |
| ئەوان | هم |
| دەستووری زمان | قواعد اللغة |
| جێناو | الضمير |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| کەسی ی | الشخصي |
| جوێ | المنفصل |
| تاك | المفرد |
| کۆکردن | الجمع |
| بۆ ڕێنووس | للأملاء |
| خاڵدارەکان | المعجمة ، المنقطة |
| ڕاهێنان | التمرين |
| بۆشایی | الفراغ |
| پڕبکەرەوە | املأ |
| ڕستە | الجملة |
| لە پاشا | فيما بعد |
| هەر | أيّ |
| تێدا ئەبینین | نرى فيها |
| هێڵێ بەژێریدا بکێشە | ضع خطاً تحته |
| پزیشك | الطبيب |
| برا | الأخ |
| کوڕ | الأبن |
| پرسیار | السؤال |
| ئەمجا | ثم |
| وەڵام بدەرەوە | أجب |
| چی | أي شيء ، ماذا |
| کام | أي |
| ئەکەین | نفعل |

## یەکتر ناسین

ئەمە ڕێگایەکە بۆ کۆلێجەکان • کچێك وەستاوە ، کوڕێك ئەڕوات •

کچەکە : ڕۆژباش •

کوڕەکە : ژیانت باش •

کچەکە : تکایە کۆلێجی کشتوکاڵ لەکوێوەیە ؟

کوڕەکە : من بە لای کۆلێجی کشتوکاڵدا ئەڕۆم ، فەرموو با پێکەوە بڕۆین •

کچەکەو کوڕەکە بەرەو کۆلێجی کشتوکاڵ کەوتنە ڕێ •

کوڕەکە : دیارە بەڕێزتان قوتابین •

کچەکە : بەڵێ من لە کۆلێجی زانست قوتابیم ، ناوم زەینەبە، ئەی بەڕێزتان ؟

کوڕەکە : من لە کۆلێجی ئاداب قوتابیم ، ناوم شوانە •

کچەکە : وا دیارە بەڕێزتان کوردن •

کوڕەکە : بەڵێ کوردم ، لە دانیشتوانی شاری سلێمانیم ، ئەی بەڕێزتان ؟

کچەکە : من عەرەبم ، خەڵکی شاری بەسرەم •

کوڕەکە : بە ناسینتان زۆر بەختیارم •

کچەکە : هەر بژیت •

کوڕەکەو کچەکە گەیشتنە کۆلێجی کشتوکاڵ •

کوڕەکە : ئەمە کۆلێجی کشتوکاڵە •

کچەکە : زۆر سوپاستان ئەکەم •

کوڕەکە : بەخوات ئەسپێرم •

کچەکە : خوات لەگەڵ •

## دەستووری زمان :

| | | |
|---|---|---|
| ڕێگا | ڕێگایەك | ڕێگاکە |
| زانکۆ | زانکۆیەك | زانکۆکە |
| کوڕ | کوڕی ( کوڕێك ) | کوڕەکە |

دەستووری نــاوی گشتی و ناوی تاکی نەناســراو و ناوی ناسراو :

١ ـ ئەگەر ناوە گشتی‌یەکە کۆتایی بە پیتی بزوێن هاتبێ ، بە پاشگری ( یــەك ) ئەبێ بــە ناوی تاکی نەناســراو ، و بە پاشگری ( کە ) ئەبێ بە ناوی ناسراو وەك :

| ناوی گشتی | ناوی تاکی نەناسراو | ناوی ناسراو |
|---|---|---|
| ڕێگا | ڕێگا + یەك = ڕێگایەك | ڕێگا + کە = ڕێگاکە |
| زانکۆ | زانکۆ + یەك = زانکۆیەك | زانکۆ + کە = زانکۆکە |

٢ ـ ئەگەر ناوە گشتی‌یەکە کۆتــایی بە پیتی نەبزوێن هاتبێ بە پاشگری ( ێ ـ ێك ) ئەبێ بــە ناوی تاکی نەناسراو و بە پاشگری ( ەکە ) ئەبێ بە ناوی ناسراو :

| ناوی گشتی | ناوی تاکی نەناسراو | ناوی ناسراو |
|---|---|---|
| کوڕ | کوڕ + ێ ( ێك ) = کوڕێ (کوڕێك) | کوڕ + ەکە = کوڕەکە |

**بۆ ڕێنووس :ـ**

ئەو پیتانەی نیشانەدارن ئەمانەن :

ڕ ، گ ، ۆ ، ێ ، وێ .

## ڕاهێنانی ( ۱ )

دەرسەکە بە وردی بخوێنەرەوە ، ئەمجا وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە :

۱ ــ کێ ڕاوەستاوە ؟
۲ ــ کێ ئەڕوات ؟
۳ ــ کچەکە چی‌ی لە کوڕەکە پرسی ؟
٤ ــ کوڕەکە لە وەڵامدا وتی چی ؟
٥ ــ کچەکەو کوڕەکە بەرەو کوێ کەوتنە ڕێ ؟
٦ ــ کچەکە لە کام کۆلێج قوتابی‌یە ؟
۷ ــ کچەکە ناوی چی‌یە ؟
۸ ــ کوڕەکە لە کام کۆلێجدا قوتابی‌یە ؟
۹ ــ کوڕەکە ناوی چی‌یە ؟
۱۰ــ کوڕەکە لە دانیشتوانی کام شارە ؟
۱۱ــ کچەکە خەڵکی کام شارە ؟

## ڕاهێنانی ( ۲ )

ا ــ ڕێگایە ، ڕۆژ ، باش ، کشتوکاڵ ، ئەسپێرم ، خوات .
ب ــ بەو وشانەی سەرەوە ئەم ڕستانەی خوارەوە تەواو بکە :

۱ ــ ئەمە . . . . . . . بۆ کۆلێجەکان .
۲ ــ . . . . . . . . باش .
۳ ــ ژیانت . . . . . . . .
٤ ــ تکایە کۆلێجی . . . . . . . لەکوێیە ؟
٥ ــ بە خوات . . . . . . . .
٦ ــ . . . . . . . لەگەڵ .

## ڕاهێنانی ( ٣ )

لەم ڕستانەی خوارەوەدا هەرچی ناوی گشتی و ناوی تاکی نەناسراو و ناوی ناسراو هەیە دەریان بهێنە :ــ

١ ــ قوتابی مامۆستای دوا ڕۆژە ٠
٢ ــ قوتابی یەك ڕاوەستاوە ٠
٣ ــ قوتابی یەکە لەگەڵ کچەکەدا کەوتە ڕێ ٠
٤ ــ کتێبەکەم خوێندەوە ٠
٥ ــ کتێب هاوڕێمە ٠
٦ ــ کۆلێجی کشتوکاڵ نزیکە ٠
٧ ــ کۆلێجەکە نزیکە ٠
٨ ــ زانکۆ شاری زانیاری یە ٠

## ڕاهێنانی ( ٤ )

پاشگری تـاکی نەناسراو و پاشگری ناسراو لـەم وشانەی خوارەوەدا جیا بکەرەوە :

ژنەکە ، پیاوێ ، ژنێك ، کچەکە ، مامۆستایەك ٠

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| یەکتر ناسین | التعارف |
| ڕێگایەکە | طريق |
| کۆلێجەکان | الكليات |
| کچێك | بنت |
| ڕاوەستاوە | واقفة |
| ئەڕوات | يمشي |
| ڕۆژباش | صباح الخير |
| ژیانت باش | حياتك سعيدة |
| تکایە | رجاء |
| کشتوکاڵ | الزراعة |
| لە کوێوەیە | أين هي |
| بەلایدا ئەڕۆم | أمر بجانبها |
| فەرموو | تفضلي |
| پێکەوە | معا |
| بابچین | لنذهب |
| بەرەو | نحو |
| کەوتنە ڕێ | أتخذا الطريق |
| دیارە | ظاهر |
| بەڕێزتان | حضرتكن |
| بەڵێ | أجل |
| ناوم | اسمي |
| دانیشتوان | السكان |
| خەڵك | أهالي |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
|---|---|
| بەناسینتان | بمعرفتكن |
| زۆر | كثير |
| بەختیار | محظوظ |
| هەر بژیت | لتعش |
| گەیشتن | وصلا |
| سوپاستان ئەکەم | أشكركم |
| بەخواتان ئەسپێرم | أودعتك الله |
| خوات لەگەڵ | الله معك |
| ناوی گشتی | الاسم العام |
| تاکی نەناسراو | المفرد النكرة |
| ناوی ناسراو | المعرفة |
| ئەگەر | اذا |
| کۆتایی هاتبێ | مختوم |
| پاشگر | اللاحقة |
| وەکو | مثل |
| نەبزوێن | الصامت |
| نیشانەدار | ذو علامة |
| دوا ڕۆژ | المستقبل |
| هاوڕێ | الرفيق |
| نزیك | القريب |
| جیاکەرەوە | أفصل |

## له یانەی کۆلێجی ئەندازیاری‌دا

### بەشی یەکەم

ئەمە یانەی کۆلێجی ئەندازیـــاری‌یە ، قوتابی‌یان پۆل پۆل ئەچنە ژوورەوە و پۆل پۆل دێنە دەرەوە •

ئەوە زەینەبە لەگەڵ لاوێکدا ئەچنە ژوورەوە ، بۆ مێزێکی بەتاڵ چاو ئەگێڕن • شوان لەگەڵ کچێکدا دانیشتووە ، زەینەب ئەبینێ هەڵئەستێت و بانگ ئەکات :

زەینەب خان فەرموو لێرەدا کورسی‌ی چۆڵ هەیە •

زەینەب : ئەوە کاکە شـــوانە ، زەینەبو هاوڕێکەی بەرەو مێزەکەی شوان دێن • دەستی شوان ئەگوشێ و ئەڵێت :ـ ئـــەمە سەمیری ئامۆزامە لە کۆلێجی کشتوکاڵدا قوتابی‌یە •

شوان : چاومان ڕوون ، یاخوا بەخێربێن • دیارە ئەو ڕۆژە لەبەر کاك سەمیر ئەچووی بۆ کۆلێجی کشتوکاڵ •

زەینەب زەردەخەنە ئەیگرێ •

شوان : ئەمەش جوانی خوشکمە لــە کۆلێجی ئەندازیاری‌دا قوتابی‌یە •

زەینەب و سەمیر بە گەرمی دەستی جوان ئەگوشن و دائەنیشن•

### بەشی دووەم

شوان شاگردی یانەکە بانگ ئەکات : کاکە حەمە وەرە •

کاکە حەمە دێتو ئەڵێت : فەرموو چی ئەخۆنەوە ؟

زەینــەب : ســوپاس ، ئێمــە زۆر دانانیشــین ، بــە دوای

هاورێیەکماندا ئەگەڕێین لە کۆلێجی ئەندازیاریدا قوتابی‌یە .

شوان : قەیناکە خۆ هەر ئەبێ لێرەدا چاوەڕێی هاورێکەتان بکەنو ئەبێ شتێك بخۆنەوە .

زەینەب : کەوابوو من ماستاو ئەخۆمەوە .

جوان : کاکە سەمیر ئەی تۆ چی ئەفەرموویت ؟

سەمیر : بۆ من چایەکی ڕوون بێنە ، ڕوو ئەکاتە شوان ئەی تۆ چی ئەخۆیتەوە ؟

شوان : منیش چا ئەخۆمەوە .

جوان : کاکە حەمە :ـ کەوابوو دوو چاو ماستاوێكو بیبسی‌یەك بهێنە .

شاگردەکە ئەڕوات .

## بەشی سێیەم

شوان : خوشکە زەینەب دیارە کە تەندروستیتان باشە بەچی‌یەوە خەریکن ؟

زەینەب : بەڵێ سوپاس بۆ یەزدان ، تەندروستیم باشە ، بەڵام تۆزێك ماندووم چونکە خەریکی گواستنەوەی شتەکانم بووم لە ئوتێلەوە بۆ خانووی قوتابی‌یان .

جوان : لە کام بەشی خانووی قوتابی‌یانیت ؟

زەینەب : لە بەشی حەوتەمم نزیك کۆلێجەکان .

شوان : ئەی کاك سەمیر تۆ ؟

سەمیر : منیش لە خانووی قوتابی‌یانم بەڵام بەشەکەمان لە کۆلێجەکانەوە دوورە .

## « بەشی چوارەم »

شاگردی یانەکە ئەوانەی داواکرابوون ئەیانهێنێ و لە سەر مێزەکە بە ڕێکو پێکی دایان ئەنێ و ئەڕوات ، هەر یەکــە دەست ئەکات بە خواردنەوەی داواکراوەکەی •

جوان : خوشــکە زەینەب هیچت ناوێت لــە بازاڕ بیکڕیت ؟ من ئامادەم لەگەڵتا بێم •

زەینەب : زۆر سوپاست ئەکەم ، ئێستا هیچم ناوێ ، سەمیر ڕوو ئەکاتە زەینەب و ئــەڵێت : ــــ بۆچی لەگەڵ جــوان ناچیت بۆ فرۆشــگای کتێب ؟ بێ گــومان ئەتوانێت لــە کڕینی کتێبدا یارمەتیت بدات •

زەینەب : ئەترسم زەحمەت بێت •

جوان : نەخێر هیچ زەحمەت نییە ، چ کاتێك ئەفەرموویت من ئامادەم ، هێشتا خوێندن لەبەشەکەماندا دەستی پێ نەکردووە •

زەینەب : زۆر ســوپاست ئەکــەم ، سبەینێ دوای ســەعات دوانزە لە بەردەمی فرۆشگای کتێبدا چاوەڕێت ئەکەم •

## « بەشی پێنجەم »

ئالەمکاتەدا لاوێك یەتە ژوورەوە ، سەمیر هەڵئەستێ و ئەڵێت :ــ
زەینەب ، ئەوە کاك شوکورە • لاوەکە بەرەو سەمیر دێت •

سەمیر : کاك شوکور بەخێر بێیت ، فەرموو با بەم کۆڕەت بناسێنم •

کاك شــوکوری هاوڕێمتان پێشــکەش ئەکــەم ، لــە برا تورکومانەکانمانە خەڵکی شاری کەرکووکە لــە پۆلی ســێیەمی بەشی میکانیك لە کۆلێجی ئەندازیاریدا قوتابییە •

جوان: من ناوم جوانە، لە پۆلی یەکەمی کۆلێجی ئەندازیاریدا قوتابیم •

شوان : مـن ناوم شوانە ، برای جوانم ، لـە سالی دووەمی بەشی زمانی کوردیم لە کۆلێجی ئاداب •

شوکور یەکە یەکە دەستیان ئەگوشێ و هەموویان دائەنیشن •

« بەشی شەشەم »

شاگردی یانەکە دێت بۆ بردنەوەی بۆشەکان •

شوان : کاکە حەمە بزانە کاك شوکور چی ئەخواتەوە ؟

شوکور : زۆر سوپاستان ئەکەم تۆزێ ئاوی ساردم بۆ بێنە •

شوان : نابێت ، هەر ئەبێت شتێك بخۆیتەوە •

شوکور : باشە ، چایەکی خەستم بۆ بێنە •

جوان : کاك شوکور ، دیارە کوردی‌یەکی باش ئەزانیت ؟

شوکور : بەلێ ، ڕاست ئەفەرموویت ، چـونکە ئێمە لەگەل کورددا تێکەلین •

حەمە چاکەی بۆ شوکور هێنا و دەستی کرد بە خواردنەوەی •

شـوان ڕوو ئەکاتـە کـوڕەکە و ئـەلێت : هەرچـەندە دانیشتنەکەمان زۆر خۆشە ، بەلام تۆزێك ئیشمان هەیە ، ئەبێ من و جوان ئێوە بەجێ بێلێن •

زەینەب : هێشتا زووە ، •

جوان : نەبەخوا درەنگە •

جوان و شوان هەلئەستن •

شوان شاگردی یانەکە بانگ ئەکات و پارەکەی ئەداتێ •

جوان : زەینەب خان ، لـە بیرت نەچێ ، بـەیانی چاوەڕێت ئەکـەم •

زەینەب : زۆر سوپاستان ئەکەم ٠

جوان و شــوان خوا حافیزی لە زەینەب و ســەمیر و شوکور ئەکەن و بەرەو دەرگای یانەکە ئەڕۆن ٠

دەستوری زمان :ـ

| | |
|---|---|
| ژن | ژنان |
| مامۆستا | مامۆستایان |
| سەبەتەکە | سەبەتەکان |

دەستوری ناوی تاك و ناوی کۆ :ـ

١ ٠ ئەگەر ناوە تاکەکە کۆتایی بە پیتی نەبزوێن هاتبوو ئەوا بە ئامرازی ( ان ) ئەکرێ بە کۆ وەك :ـ

| ناوی تاك | | پیت | | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ژن | + | ان | = | ژنان |
| پیاو | + | ان | = | پیاوان |

٢ ٠ ئەگەر ناوە تاکەکە کۆتایی بەم پیتە بزوێنانە (اـ ۆـ ێـ ی) هاتبوو ئەوا بە ئامرازی ( یان ) ئەکرێ بە کۆ وەك :ـ

| تاك | | پیت | | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| مامۆستا | + | یان | = | مامۆستایان |
| قــوتابی | + | یان | = | قوتابییان |

٣ ٠ ئەگەر ناوە تاکەکە کۆتایی بە پیتی (ە) هاتبوو ئەوا لەپاش فڕێدانی ئەو پیتە(ە) بە ئامرازی(ان) ئەکرێ بە کۆ وەك:ـ

| کۆ | پیت | فڕێدان | تاك |
| --- | --- | --- | --- |
| سەبەتەکان = | ان + | سەبەتەك | سەبەتەکە ـ ە |
| مامۆستاکان = | ان + | مامۆستاك | مامۆستاکە ـ ە |

## بۆ ڕێنووس :ـ

ئەم پیتانەی خوارەوە خاڵیان نییە :ـ

(ئە ، ح ، د ، ر ، ڕ ، س ، ع ، ك ، گ ، ل ، ڵ ، م ، و ، وو ، ۆ ، وێ ، ی ، ێ ، ە ، ا )

## ڕاهێنانی ( ١ )

بە وردی دەرسەکە بخوێنەرەوە ، ئەمجا وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە :ـ

١ ـ ئەمە یانەی کام کۆلێجە ؟
٢ ـ زەینەب و لاوەکە چاو بۆچی ئەگێڕن ؟
٣ ـ شوان چیی بە زەینەب وت ؟
٤ ـ زەینەب چیی خواردەوە ؟
٥ ـ زەینەب بە چییەوە خەریك بوو ؟
٦ ـ ئایا سەمیریش لە خانووی قوتابییاندایە ؟
٧ ـ جوان لەگەڵ زەینەب بۆ کوێ ئەچێت ؟
٨ ـ شرکور کێیە ؟

## ڕاهێنانی ( ٢ )

ا ــ پۆل پۆل ، فەرمــوو ، ئامۆزا ، ئەخۆنەوە ، ڕوون ، بێنــە ، بازاڕ ، دەستی پێ نەکردووە ، چاوەڕێت ئەکەم ٠

ب ــ بەو وشانەی سەرەوە ئەم ڕستانەی خوارەوە تەواو بکە :ــ

١ ــ قوتابی یان ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ئەچنە ژوورەوە ٠

٢ ــ زەینەب خان ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ لێرەدا کورسی ی بەتاڵ هەیە ٠

٣ ــ ئەمە سەمیری ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ مە ٠

٤ ــ فەرموو چی ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠

٥ ــ بۆ من چایەکی ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ بێنە ٠

٦ ــ کەوابوو دووچاو ماستاوێك لەگەڵ بیبسی یەك ٠ ٠ ٠ ٠ ٠

٧ ــ هیچت ناوێ لە ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ بی کڕیت ؟

٨ ــ هێشتا خوێندن لە بەشەکەمان دا ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠

٩ ٠ سبەینێ دوای سەعات دوانزە لە بەردەمی فرۆشــگای کتێب دا ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠

## ڕاهێنانی ( ٣ )

ئەم ڕستانە بخوێنەرەوە لــە پاشا هەرچی ناوی تاکو ناوی کۆ هەیە لێ یان دەربێنە :

١ ــ مامۆستا دەرسەکە ئەنوسێتەوە ٠

٢ ــ دەرسەکان قورسن ٠

٣ ــ سەبەتەکان لە سەر مێزەکەن ٠

٤ ــ ژنەکە و کوڕەکە هاتن ٠

٥ ــ قوتابی یەکان لە مامۆستاکەیان ئەپرسن ٠

## ڕاهێنانی ( ٤ )

ا ـ بـرا

ب ـ برایان

دەتۆش ئەم وشانەی خوارەوە وەك وێنەی (ب)یان لێ بکە:

چەقۆ ، قوتابی ، چرا ، ترێ ، کانی

## ڕاهێنانی ( ٥ )

ئەم ناوانەی خوارەوە لە تاکەوە بکە بە کۆ :ـ

ڕستە ، بۆش ، ماسی ، کچەکە ، هەرمێ ، شاگرد ، یانە

## ڕاهێنانی ( ٦ )

ئەم ناوانەی خوارەوە لە کۆوە بکە بە تاك :ـ

پیاوان ، ژنەکان ، برایان ، کوڕان ، سەبەتەکان

| واتای وشەكان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| یانە | النادي |
| كۆلێجی ئەندازیاری | كلية الهندسة |
| بەشی | القسم |
| پۆل پۆل | جماعة جماعة |
| ئەچنە ژورەوە | يدخلون |
| دێنە دەرەوە | يخرجون |
| لاوێك | شاب |
| مێزێكی بەتاڵ | مائدة خالية |
| چاو ئەگێڕن | يديران العين ، يفتشان |
| دانیشتووە | جالس |
| هەڵئەسێت | يقوم |
| بانگ ئەكا | ينادى |
| دەستی ئەگوشێ | تصافحه |
| ئامۆزا | ابن العم |
| زەردەخەنە ئەیگرێ | تبتسم |
| بەگەرمی | بحرارة |
| شاگرد | الصانع |
| وەرە | تعال |
| ئەگەڕێین | نفتش |
| قەیناكا | لا بأس |
| ماستاو | الشنينة |
| چایەكی ڕوون | شاي خفيف |
| بێنە | هات |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| کەوابوو | لما كان الأمر هكذا |
| تەندروستی | الصحة |
| خەریکن | مشغولة |
| یەزدان | الله |
| تۆزێ | قليل |
| ماندوو | مرهقة |
| گواستنەوە | نقل |
| شتەکان | الأشياء |
| خانووی قوتابییان | دار الطلبة |
| حەوتەم | سابع |
| کۆمەڵ | مجموعة ، مجتمع |
| داواکراو | المطلوب |
| بە ڕێکی و پێکی | بشكل منتظم |
| بازاڕ | السوق |
| ناوێ | لا تريدين |
| ڕوو ئەکاتە | يتوجه |
| ئەڵێت | يقول |
| فرۆشگا | المبيع |
| بێ گومان | بلا شك |
| کڕین | شراء |
| یارمەتیت بدات | تساعدك |
| ئەترسم | اخشى |
| کاتێك | وقت |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| ئامادە | مستعد |
| سبەینێ | غدا |
| دوای | بعد |
| دوانزە | الثانية عشرة |
| بەردەم | أمام |
| کۆڕ | مجلس ، جماعة |
| بناسێنم | يعرفك |
| پێشکەش ئەکەم | أقدم ، أهدي |
| هەموویان | جميعهم |
| ئاوی سارد | الماء البارد |
| تێکەڵین | مختلطون |
| ئیش | العمل ، شغل |
| ئەبێ | ينبغي |
| ئێوە بەجێ بهێڵین | نترككم ، نغادركم |
| هێشتا | لايزال |
| پارەکەی | الحساب |
| لەبیرت نەچێ | لا تنسى |
| بەیانی | غدا ، صباحا |
| دەرگا | الباب |
| سەبەتە | السلة |
| فڕێدان | الحذف |
| ئەنووسێتەوە | يكتب |
| قورس | صعب |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| ئەپرسن | يسألون |
| چەقۆ | السكين |
| چرا | المصباح |
| ترێ | العنب |
| کانی | العين ، الينبوع |
| ماسی | السمك |
| هەرمێ | العرموط |

## لە فرۆشگای کتێبدا

### بەشی یەکەم

کات پێنجی ئەوێ بۆ دوانزەی نیوەڕۆ ، جوان لەبەر دەرگای فرۆشگای کتێبدا ڕاوەستاوە ، چاوەڕوانی زەینەبی هاوڕێی ئەکات .

جوان لە دڵی خۆیدا ئەڵێت : خوایە، بۆچی زەینەب دواکەوت، تۆ بڵێی کاتژمێرەکەم ڕاست نەبێت ! با لەم قوتابی‌یە بپرسم : خوشکێ ، تکایە سەعات چەندە ؟

کچەکە تەماشای کاتژمێرەکەی ئەکات و ئەڵێت : ئێستا کات پێنجێ ئەوێ بۆ دوانزە .

جوان : زۆر سوپاست ئەکەم ، دیارە کاتژمێرەکەم ڕاستە . جوان لە بەردەمی فرۆشگای کتێبدا دەست بە هاتوو چۆ ئەکات ، لە دوورەوە زەینەب دەرئەکەوێ جوان بە پیریەوە ئەچێ .

زەینەب : نیوەڕۆتان باش •

جوان : ژیانتان باش •

جوان : هەر بژیت لە کاتی خۆیدا گەیشتیت •

زەینەب : من بە وردی پارێزگاریی بەڵێنەکانم ئەکەم •

جوان : ئەمە خوویەکی باش و پەسەندە ، فەرموو با بڕۆین بۆ لای لێپرسراوی کتێب فرۆشتن •

## بەشی دووەم

جوان و زەینەب چوونە ژوورەوە •

جوان : با بزانین ژووری کتێب فرۆشتن لە کوێوەیە ؟ تەماشای ئەملاو ئەولای خۆی ئەکات ، فەڕاشێك ئەبینێت و لێی نزیك ئەبێتەوە و ئەڵێت :ــ

مامەکە زەحمەت نەبێت ژووری کتێب فرۆشتن کامەیە ؟

فەڕاشەکە : لەو ڕیزەوە یەکەم دەرگا تا دووەم دەرگا تا سێیەم دەرگا خۆیەتی •

جوان : مامە زۆر سوپاست ئەکەم •

## بەشی سێیەم

جوان و زەینەب بەرەو دەرگای سێیەم ئەڕۆن ، دەرگاکە داخراوە ، جوان لە دەرگاکە ئەدات ، ئەمجا خۆیو زەینەب ئەچنە ژوورەوە • ژوورەکە گەورەیە دیوارەکانی بە تاقی پڕ لە کتێب ڕازاونەتەوە ، فەرمانبەرێك لە پشت مێزێکەوە دانیشتووە ، جوان ڕۆژ باشی لێ ئەکات و ئەڵێت : ئەم خوشکە لە پۆلی یەکەمی کۆلێجی زانستەکان قوتابییەو ئەیەوێت پرسیارتان لێ بکات، لەبارەی چەند

سەرچاوەیەکەوە ·

فەرمانبەرەکە : فەرمووو ، ئایا ناوی سەرچاوەکانی پێیە ؟

جوان : لە زەینەب ئەپرسێت ·

زەینەب : بـەڵێ پێمە ، جانتـاکەی ئەکاتـەوە و پەڕەیەك دەرئەهێنێ و پێشکەش فەرمانبەرەکەی ئەکات ·

فەرمانبەرەکە سەیری پەڕەکە ئـەکات و سەرهەڵئەبڕێت و ئەڵێت :ـ

هەموو سەرچاوەکانمان هەیە جگە لە سەرچاوەی شەشەم کە ڕەنگە دوو سێ ڕۆژیتر بۆمان بێت ، جا نازانم ئەوانەی ئێستا هەمانە ئەتانەوێ یان چاوەڕێ ئەکەن ئەوی‌تریش بگات ·

زەینەب تۆزێك بیر ئەکاتەوە و ئەڵێت : قەیناکە ئەوەی ئێستا هەیە بمان‌دەرێ ·

## بەشی چوارەم

فەرمانبەرەکە هەڵئەستێت و کتێبەکانیان بۆ ئامادە ئەکات ·

جوان : تکایە پارەکەی چەندە ؟

فەرمانبەرەکە : بە یارمەتی خۆتـان ، دەست ئەداتە قەڵەم و ئەنووسێت ·

| کتێب | نرخ |
|---|---|
| یەکەم | دینارێك |
| دووەم | دینار و نیوێك |
| سێیەم | سێ‌سەد و پەنجا فلس |
| چوارەم | دووسەد و پەنجا فلس |
| پێنجەم | هەشت سەد و چل فلس |

هەمووی ئەکاتە سێ دینار و نۆسەد و چل فلس ، زەینەب ، دە دیناری‌یەك ئەدات بە فەرمانبەرەکە ، فەرمانبەرەکە باقی‌یەکەی ئەداتەوە ، زەینەب کتێبەکان هەڵئەگرێت .

جوان : کتێبەکان قورسن با یارمەتیت بدەم ، دوو کتێب هەڵئەگرێت و خوا حافیزی لە فەرمانبەرەکە ئەکەن و دێنە دەرەوە .

## بەشی پێنجەم

جوان : خوشکە زەینەب ئەتەوێ بچیت بۆ بازاڕ دەفتەر و قەڵەم بکڕیت ؟

زەینەب : نەخێر سوپاست ئەکەم دەفتەر و قەڵەمم کڕیوە ئەمەوێ تەلەفۆنێك بۆ سەمیر بکەم .

جوان : بۆچی هیچ ڕووی‌داوە ؟

زەینەب : سەمیر تۆزێ نەخۆشە ، بەیانی بینیم ئەیویست بچێ بۆ پزیشگای زانکۆ .

جوان : خوا نەکات ، وەرە با لە پۆستەخانەی زانکۆوە تەلەفونی بۆ بکەین .

جوان و زەینەب بەرەو پۆستەخانەی زانکۆ ئەکەونە ڕێ .

جوان : ئایا ژمارەی تەلەفۆنەکەی کاك سەمیرت پێ‌یە ؟

زەینەب : بەڵێ لەبەرمە ( دوو ــ دوو ــ حەوت ــ هەشت ــ دوو ) ئەمە ژمارەی تەلەفۆنی بەشی نۆیەمی خانووی قوتابی‌یانە ، جوان تەلەفۆنەکە هەڵئەگرێت و داوای ئەو ژمارەیە ئەکات و ئەمجا تەلەفۆنەکە ئەداتە دەست زەینەب .

زەینەب : هەلەو •

دەنگی پیاوێك : هەلەو کێ تان ئەوێ ؟

زەینەب : بێزەحمەت سەمیر عەبدولحەمید لەوێ یە ؟

دەنگەکە : بەداخەوە لێرە نی یە ، چۆتە دەرەوە •

زەینەب تەلەفونەکە دائەخات و بە جوان ئەڵێت : لەوێ نی یە، دیارە هێشتا لە پزیشگای زانکۆ نەگەڕاوەتەوە •

جوان : خەفەت مەخۆ ، هیچ نی یە ، ئەگەر لە کۆلێج ئیشت نی یە بڕۆ بۆ خانووی قوتابی یان و دڵنیابە ، من شوان ئەنێرم بە دوای دا •

زەینەب : نەء ، نەء زەحمەت مەکێشن •

جوان : هیچ زەحمەت نی یە فەرموو با بڕۆین •

## بەشی شەشەم

جوان و زەینەب بەرەو ئێستگەی پاس ئەکەونە ڕێ •

زەینەب : ئەوا پاسی ژمارە ( دە ) گەیشت ، زۆر باشە ئەم پاسە ئەگاتە بەردەمی بەشەکەمان • پاسەکە ئەوەستێ و جوان دەستی زەینەب ئەگوشێ و کتێبەکانی ئەداتێ و ئەڵێت : فەرموو سەرکەوە ، من ئەگەڕێمەوە بۆ کۆلێج ، تۆزێ ئیشم هەیە •

زەینەب : زۆر باشە خوات لەگەڵ •

جوان : خوات لەگەڵ تا چاو پێ کەوتنەوەیەکی تر •

## دەستووری زمان

| | | |
|---|---|---|
| یەك | یەکەم | یەکەمین |
| حەوت | حەوتەم | حەوتەمین |
| سێ | سێیەم | سێیەمین |
| پەنجا | پەنجایەم | پەنجایەمین |

## دەستووری ژمارەی ڕیزی

ژمارەی ڕیزی بەم جۆرەی خوارەوە پێكدێت :ـ

١ ـ ئەگەر ژمارەکە کۆتایی بە پیتی نەبزوێن هاتبوو ئەوا پاشگری(١) ( ەم ) ، ( ەمین ) ئەخرێتە سەری وەکو :

| ژمارە | پاشگر | ژمارەی ڕیزی |
|---|---|---|
| یەك + | (ەم) ، (ەمین) = | یەکەم ، یەکەمین |

٢ ـ ئەگەر ژمارەکە کۆتایی بە پیتی بزوێن هاتبوو ئەوا پاشگری (٢) « یەم » « یەمین » ئەخرێتە سەری وەکو :

| ژمارە | پاشگر | ژمارەی ڕیزی |
|---|---|---|
| سێ + | (یەم) ، (یەمین) = | سێیەم ، سێیەمین |
| حەفتا + | (یەم) ، (یەمین) = | حەفتایەم ، حەفتایەمین |

**(١)** ئەلوێ پاشگری (هەم) (هەمین) لە بری «ەم» ، «ەمین» بەکار بهێنرێ ۰

**(٢)** دروستە پاشگری (هەم) ، (هەمین) لە بری «یەم» «یەمین» بەکار بهێنرێ ۰

## بۆ ڕێنووس :

ئەم وشانەی خوارەوە بنووسەرەوە و لە پیتە بزوێنەکانیان وردبەرەوە :

| | |
|---|---|
| کون | کۆن |
| بۆ | بو |
| چۆن | چوون |
| گۆزە | گوێز |
| توو | توێ ، تۆ |
| سوور | سوێر |

## ڕاهێنانی ( ١ )

دەرسەکە بە وردی بخوێنەرەوە ئەمجا وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە :

١ ـ جوان لە کوێ ڕاوەستاوە ؟

٢ ـ تکایە سەعات چەندە ؟

٣ ـ ژووری کتێب فرۆشتن کامەیە ؟

٤ ـ ئەتەوێ بچیت بۆ بازاڕ دەفتەر و قەڵەم بکڕیت ؟

٦ ـ پارەی کتێبەکان هەمووی چەند ئەکات ؟

٧ ـ زەینەب لە کوێوە تەلەفۆنی بۆ سەمیر کرد ؟

## ڕاهێنانی ( ٢ )

ا ـ نیوەڕۆ ، کاتژمێر ، لێپرسراو ، فەرمانبەرێك ، قەڵەم ، سەرچاوەیەکەوە ، یارمەتی ، نەخۆش ، لەبەرمە ، گەیشت ٠

ب ـ بەو وشانەی سەرەوە ئەم ڕستانەی خوارەوە تەواو بکە ٠

١ ـ کات پێنجی ئەوێ بۆ دوانزەی ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠
٢ ـ دیارە ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ەکەم ڕاستە ٠
٣ ـ فەرموو با بڕۆین بۆ لای ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ی کتێب فرۆشتن ٠
٤ ـ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ لە پشت مێزەکەوە دانیشتووە ٠
٥ ـ ئەیەوێ پرسیارتان لێبکات لە بارەی چەند ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠
٦ ـ فەرمانبەرەکە : بەیارمەتی خۆتان ، دەست ئەداتە ٠٠٠و ئەنووسێت ٠
٧ ـ کتێبەکان قورسن با ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ت بدەم ٠
٨ ـ سەمیر تۆزێك ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠
٩ ـ بەڵێ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ دوو ، دوو ، حەوت ، هەشت ، دوو ٠
١٠ـ ئەوا پاسی ژمارە ( دە ) ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠

## ڕاهێنانی ( ٣ )

ئەم ژمارانەی خوارەوە بکە بە ژمارەی ڕیزی :ـ

نۆ ، هەزار ، حەفتا ، بیست ، نۆزدە ، هەشت ، دە ، سەد ، دوو ، هەشتا ٠

## ڕاهێنانی ( ٤ )

ا ــ یەکەم ب ــ یەك + ەم ٠

ا ــ سێیەم ب ــ سێ + یەم ٠

تۆش ئەم ژمارە ڕیزییانــەی خوارەوە وەك وێنەی ( ب ) شی بکەرەوە :ــ

چلەم ، پانزەیەم ، شەستەم ، نۆیەم ، دەیەم ، پەنجایەم ٠

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
|---|---|
| نیوەڕۆ | الظهر |
| دڵ | القلب |
| خۆی | نفسها |
| کاتژمێر | الساعة |
| ڕاست نەبێ | غير صحيحة |
| هاتو چۆ | الرواح والمجيء |
| پارێزگاری ئەکەم | أحافظ |
| بەڵێنەکان | المواعيد |
| خوو | العادة |
| پەسەند | حسنة |
| لێپرسراو | المسؤول |
| فرۆشتن | البيع |
| لا | جهة ــ جانب |
| ژوور | الغرفة |
| ڕێڕەو | الممر |
| مامەکە | أيها العم |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| داخراوە | موصدة |
| لە دەرگا ئەدات | تطرق الباب |
| دیوار | الحائط |
| پڕ | المليء |
| ڕازاوەتەوە | مزينة |
| فەرمانبەر | الموظف |
| خوشك | الاخت |
| لە بارەی | حول |
| سەرچاوە | المصدر |
| ئایا ؟ | هل ؟ |
| لیستە | القائمة |
| پێیە | يوجد معها |
| پەڕە | الورقة |
| سەیری ئەکات | ينظر اليها |
| سەر | الرأس |
| هەڵبڕێت | يرفع |
| جگە | ما عدا |
| ڕەنگە | من المحتمل |
| بیر ئەکاتەوە | تفكر |
| بماندەرێ | اعطناها |
| نرخ | السعر ، الثمن |
| نیو | نصف |
| پەنجا | خمسون |
| سەد | مائة |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| نەخۆش | المريض |
| پزیشکگا | الطبابة |
| پۆستەخانە | البريد |
| بەداخەوە | مع الأسف |
| دڵنیابە | أطمئن |
| ئێستگە | المحطة ، الموقف |
| سەرکەوە | اصعدى |
| ئەگەڕێمەوە | أعود ، أرجع |
| چاوپێکەوتنەوە | لقاء |
| تر | آخر |
| ژمارەی ڕیزی | العدد الترتيبى |
| پاشگر | اللاحقة |
| ئەخرێتە سەری | يضاف اليه |
| کون | الثقب |
| کۆن | القديم |
| بۆ | لأجل |
| بوو | كان |
| چۆن | كيف |
| چوون | الذهاب |
| گۆزە | الجرة |
| توو | التوت |
| سوور | الأحمر |
| سوێر | المالح |
| گوێز | الجوز |

## له پزیشگای زانکۆدا

### بەشی یەکەم

بەیانی‌یە ، شوان ئەچێ بۆ خانووی قوتابی‌یانی ژمارە (١٠) بۆ هەواڵ پرسینی سەمیر •

دەرگاوانێك لە بەردەمی خانووەکەدا دانیشتووە •

شوان : خاڵە گیان زەحمەت نەبێت کاك سەمیر عەبدولحەمید لێرەیە ؟

دەرگاوانەکە : بەڵێ کاکە گیان ، لێرەیە ، لەو ژوورەدایە ، فەرموو •

### بەشی دووەم

شوان بەرەو ژوورەکە ئەڕوات و لە دەرگاکە ئەدات ، سەمیر دەرگاکە ئەکاتەوە چاوی بە شوانی هاوڕێی ئەکەوێت •

سەمیر : کاکە شوان ، یاخوا بەخێر بێیت فەرموو •

شوان دەستی هاوڕێکەی بـە توندی ئەگوشێ و لەگەڵی‌دا ئەچێتە ژوورەوە •

شوان : ئیستا چۆنیت ؟ لە جوانم بیست کە ناساغیت •

سەمیر : بەڵێ وا هەست ئەکەم کە نەخۆش بم •

شوان : ئەی دوێنێ نەچووی بۆ لای پزیشکی زانکۆ ؟

سەمیر : نەبەخوا ، پێم نەکرا دەرسەکانی دوێنێم گران بوون ، هیچ پشووم نەبوو ، ئەبێت ئەمڕۆ بچم •

شوان : کەوابوو لەگەڵتا دێم •

سەمیر : سوپاس ، پێویست ناکات ، تۆش دەرست هەیە •

شوان : دەرسەکانم دوای نیــوەڕۆیە ، هەر ئەبێت لەگەڵتا بێم ، هەستە بابڕۆین ٠

سەمیر : قەیناکە ، با قاوەیەك بخۆینەوە ، ئەمجا ئەڕۆین ، من قاوەیەکی چاك لێ ئەنێم ٠

شوان پێ ئەکــەنێ و ئەڵێت : وا دیــارە ژیان لــە خانووی ·قوتابی‌یاندا چێشت لێ نــانیشی فێرکردوویت ، پێــویست ناکات تاقیت بکەمەوە ، بابڕۆین درەنگە ٠

## بەشی سێیەم

سەمیر خۆی ئەگۆڕێ و لەگەڵ شواندا دێنە دەرەوە ٠

شوان : هەرچەنــدە پزیشگای زانکۆ لێــرەوە دوور نی‌یە ، بەڵام با تاکسی‌یەك بگرین تۆ نەخۆشی ٠

سەمیر : نەء پێویست بــە تاکسی ناکات ، من حەز لە پیاسە ئەکەم ٠

شوان و سەمیر تۆزێك ئەڕۆن و ئەگەنە پزیشگای زانکۆ ٠

شوان : ئایا کاغەزی کۆلێجت پێ‌یە ؟

سەمیر : بەڵێ لە دوێنێوە وەرم گرتووە ٠

شوان و سەمیر چوونە ژوورەوە ٠

شوان : ژووری پزیشك لە ســەرەوەیە ، با بەم پلیکانانەدا سەرکەوین ٠

فەڕاشێك لە بــەردەمی ژووری پزیشــکەکەدا دانیشتووە ، شوان و سەمیر ڕۆژباشی لێ ئەکەن ٠

شوان : ئەرێ خاڵە کەسمان لەپێشەوەیە ؟

فەڕاشەکە : نەء کاکە فەرموو ٠

## بەشی چوارەم

شوان و سەمیر ئەچنە ژوورەوە و ڕۆژباش لە پزیشکەکە ئەکەن ٠

پزیشکەکە : فەرموون دانیشن ، کامتان نەخۆشن ؟

سەمیر : کاغەزەکەی کۆلێجی پێشکەش ئەکات و ئەڵێت : من نەخۆشەکەم ٠

پزیشکەکە : فەرموو لەسەر ئەم کورسی‌یە دانیشە ، سەمیر بەرامبەر بە پزیشکەکە دائەنیشێت ٠

پزیشکەکە : کاك سەمیر هەست بە چی ئەکەیت ؟ بە دوور و درێژی بۆم باس‌کە ٠

سەمیر : هەموو لەشم تێك‌شکاوە ، قوڕگم ئەیەشێ و تام هەیە ٠ هەندێ جاریش لەرزم لێ‌دێ ، زۆر ئەپژمم ، ئاو بە لووتم‌دا دێتە خوارەوە ، دەمم تاڵە ٠

پزیشکەکە : چەند ڕۆژە وایت ؟

سەمیر : لە پێرێ شەوەوە ٠

پزیشکەکە : دەمت بکەرەوە ، سەیری ناو دەمی ئەکات و تەرمۆمەترێك ئەخاتە دەمیەوە ، پاش تاوێك تەرمۆمەترەکە دەرئەهێنێ و ئەی‌خوێنێتەوە ئەڵێت : هیچ نی‌یە ، ئاسانە ، هەڵامەتتە و تۆزێك ئاڵووت کەوتووە ، جا نازانم هەمیشە ئاڵووت ئەکەوێت ؟

سەمیر : نەخێر هەمیشە ئاڵووم ناکەوێت ٠

پزیشکەکە : کەوابوو بەم دەرمانانەی بۆت ئەنووسم پشت بە خوا چاك ئەبیتەوە ٠

## بەشی پێنجەم

پزیشکەکە دەست ئـەکات بە نووسینی دەرمانـەکان ، کە لێبووەوە ڕووی کردە سەمیر و وتی : گوێم لێ بگرە ، کەبسوولم بۆ نووسیویت ، هەر شەش سەعات جارێك دوو دەنك قووت بدە ، هەروەها دەرمانی خواردنەوەم بۆ نووسیویت ، ئەبێ ڕۆژی سێ جار لێی بخۆیتـەوە هەر جاری کەوچکێکی نان خـواردن، جگە لەمانەش سێ دەرزیم بۆ نووسیویت هەر ڕۆژی دەرزی‌یەك لە خۆت بدە ، باشـتر وایە ئەمڕۆ لەناو جێگادا بکەویت و خـۆت گەرم داپۆشی •

سەمیر : ئەی خواردن و خواردنەوەم چۆن بێت ؟

پزیشکەکە : تا ئەتوانی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ هەر شیر و شلە بخۆرەوە ، شتی ترش مەخۆ ، جگەرە مەکێشە •

سەمیر ڕەچەتەکە لە پزیشکەکە وەرئەگرێ و لەگەڵ شواندا خوا حافیزی لێ ئەکەن و بەجێی ئەهێڵن •

## بەشی شەشەم

شوان : کاکە سەمیر دەرمانخانەکە لە خوارەوەیە • شوان و سەمیر بە پلیکانەکاندا دێتە خوارەوەو ئەچێتە لای دەرمانسازەکەو دەرمانەکانی لێ وەرئەگرن و ئەمجا ئەچن بۆ لای برین پێچەکە تا دەرزی‌یەکەی لێ بدات ، لە پاشا دێنە دەرەوە •

سەمیر : کاکە شوان ئەترسم هەتا دوو ڕۆژی‌تر چاك نەبمەوە•

شوان : بـە پێکەنینێـکەوە : بـۆچی ئەتـرسی ؟ چیت بە دەستەوەیە ؟

سەمیر : من لە نەخۆشی ناترسم بەڵام شەوی هەینی‌ی داهاتوو

ئاهەنگی یەکتر ناسینمان هەیە ، بەڵێنم بە ڕێکخەرانی ئاهەنگەکە داوە کە گۆرانیی عەرەبی بڵێم ، جا ئەگەر قوڕگم چاك نەبێتەوە چۆن ئەتوانم گۆرانیی خۆش بڵێم ؟

شوان : لەوە ئەچێ دەنگت خۆش بێ ٠

سەمیر : لە ئاهەنگەکەدا بۆت دەرئەکەوێ چونکە تۆ و جوانم بانگ کردووە ٠

شوان : بەناوی خۆم و جوانی خوشـکمەوە زۆر سوپاستان ئەکەم و هەر ئەبێ لەو ئاهەنگەدا ئامادەبین ٠

## بەشی حەوتەم

سەمیر و شوان بەدەم قسەوە گەیشتنە خانووی قوتابی‌یان ٠

شوان : دیارە ئەمڕۆ ناچی بۆ کۆلێج ٠

سەمیر : بەڵێ ئەبێ نەچم ، تاکو ماندوێتیم بحەسێتەوە ٠

فەرموو با پێکەوە لە هۆڵی بەشەکەماندا دانیشین ٠

شوان : سـوپاس ئـەبێ بچـم بـۆ کتێبخـانەی زانکـۆ ، لێکۆڵینەوەیەکم هەیە ، پێویستە سەرچاوەکانی بخوێنمەوە ٠

سەمیر : زۆر باشە فەرموو ، بـەڵام ئاهەنگەکەمانت لە یاد نەچێت ٠

سەمیر دەستی شوان ئەگوشێ و خواحافیزی لێ ئەکات و ئەچێتە ژوورەوە ، شوانیش ملی ڕێ ئەگرێ بەرەو کتێبخانەی زانکۆ ٠

### دەستووری زمان :

خانووی قووتابی‌یان ، شتی ترش ٠

### دەستووری ئاوەڵناو :

ئەگەر بمانەوێ وشەیەکی گشتی بە هۆی خاوەنەکەی یاخود ئاوەڵناوەکەیەوە بناسێنین ئەبێ پیتی ( ی )ی پێوە بلکێنین وەك :

| ناوی گشتی | پیت | خاوەنەکەی ئاوەڵناوەکەی | ئەنجام |
|---|---|---|---|
| خانوو | ی | قوتابی‌یان / | = خانووی قوتابی‌یان |
| شت | ی | / ترش | = شـتی ترشـ |

### بۆ ڕێنووس :

ئەم وشانەی خوارەوە بنووسەرەوە و لە پیتە بزوێنەکانیان وردبەرەوە :

تێر ، تیر ، شێر ، شیر ، دێ ، دی ، یانە ، ئازادی ، ڕێز ، ڕیز ٠

## ڕاهێنانی ( ١ )

دەرسەکە بە وردی بخوێنەرەوە ئەمجا وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە :

١ ــ بەم بەیانی‌یە شوان بۆ کوێ ئەچێ ؟
٢ ــ بۆچی سەمیر دوێنێ نەچوو بۆ لای پزیشکی زانکۆ ؟
٣ ــ بۆچی شوان و سەمیر تاکسی‌یان نەگرت ؟
٤ ــ سەمیر هەستی بە چی ئەکرد ؟
٥ ــ پزیشکەکە چی‌ی بە سەمیر وت ؟

٦ ـ پزیشکەکە چی ی بۆ سەمیر نووسی ؟
٧ ـ کێ دەرزی یەکەی لە سەمیردا ؟
٨ ـ سەمیر ، شوان و جوانی بۆکوێ بانگ کردبوو ؟

## ڕاهێنانی ( ٢ )

ا ـ دەرگاوانێك، بەتوندی، ژیان، پلیکانانە، پزیشکەکە، ئاڵوو، داپۆشی ، دەرمانخانە ، ئاهەنگ ٠

ب ـ بەو وشانەی سەرەوە ئەم ڕستانەی خوارەوە تەواو بکە :ـ

١ ـ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ لەبەردەمی خانووەکەدا دانیشتووە ٠

٢ ـ شوان دەستی هاوڕێکەی ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ئەگوشێ ٠

٣ ـ وا دیارە ٠٠٠٠٠٠٠٠٠ لە خانووی قوتابی یاندا چێشت لێنانیشی فێرکردووی ؟

٤ ـ ژووری پزیشك لە سەرەوەیە ، با بەم ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ دا سەرکەوین ٠

٥ ـ سەمیر بەرامبەر بە ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ دائەنیشێت ٠

٦ ـ جا نازانم هەمیشە ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ت ئەکەوێ ؟

٧ ـ باشتر وایە ئەمڕۆ لە ناو جێگادا بمێنیتەوە و خۆت گەرم ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠

٨ ـ کاکە سەمیر ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ کە لە خوارەوەیە ٠

٩ ـ بەڵام شەوی هەینی ی داهاتو ٠٠٠٠٠٠٠٠٠ ی یەکتر ناسینمان هەیە ٠

## ڕاهێنانی ( ٣ )

ئەم ئاوەڵناوانە بخەرە ئەم بۆشایییانەی خوارەوە :

جوان ، پەسەند ، درەنگ ، خەست ٠

١ ــ چایەکی ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ئەخۆمەوە ٠

٢ ــ کاتێکی ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ هات ٠

٣ ــ منداڵێکی ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ لەوێیە ٠

٤ ــ ڕاستگۆیی خوویەکی ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠

## ڕاهێنانی ( ٤ )

ا ــ قوتابی ، زیرەك ٠

پزیشك ، زانکۆ

ب ــ قوتابیی زیرەك

پزیشکی زانکۆ

دە تۆش ئەم وشانەی خوارەوە وەك وێنەی ( ب ) لێبکە :

( من ، قوتابی ) ٠ ( تۆ ، هاوڕێم ) ٠ ( دەست ، شوان ) ٠

( کتێب ، قورس ) ٠ ( وێنە ، ڕەنگاوڕەنگ ) ٠

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
|---|---|
| دەرگاوان | البواب |
| بەتوندی | بقوة |
| هەست ئەکەم | أحس |
| پزیشك | الطبيب |
| پشوو | الفرصة |
| لێ ئەنێم | أطبخ |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| ژیان | الحياة |
| چێشت لێنان | الطبخ |
| خۆی ئەگۆڕێ | يغير بملابسه |
| پیاسە | التنزه |
| پلیکانەکان | السلالم |
| بە دوورودرێژی | بالتفصيل |
| لەش | الجسم |
| قوڕگ | الحنجرة |
| ئەیەشێ | تتألم |
| تا | السخونة |
| لەرزم لێدێ | تعتريني القشعريرة |
| ئەپژمم | أعطس |
| لووت | الأنف |
| دێتە خوارەوە | ينزل |
| دەم | الفم |
| تاڵ | المر |
| لە پێرێ شەوەوە | منذ ما قبل ليلة أمس |
| بکەرەوە | أفتح |
| ئاسانە | سهلة ، بسيطة |
| هەڵامەت | نشلة |
| ئاڵوو | البلاعيم |
| دەرمان | الدواء |
| دەرمانخانە | الصيدلية |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| دەرمانساز | الصيدلي |
| گوێم لێ بگرە | أصغ لي |
| دەنك | الحبة |
| قووت بدە | ابلع |
| کەوچك | الملعقة |
| دەرزی | الابرة |
| ناو جێگا | في الفراش |
| بمێنیتەوە | ابق |
| شیر | الحليب |
| شلە | السائل |
| ترش | الحامض |
| جگەرە مەکێشە | لا تدخن |
| برین پێچ | المضمد |
| بە پێکەنین | بضحك |
| چیت بە دەستەوەیە | علام أنت عازم ؟ ماذا وراءك ؟ |
| ئاهەنگ | حفلة |
| هەینی | جمعة |
| ڕێکخەران | المنظمون |
| گۆرانی | الاغنية |
| تۆو جوانم بانگ کردووە | داع اياك وجوان |
| کتێبخانە | مكتبة |
| لێکۆڵینەوە | البحث والدراسة |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| ملی ڕێ ئەگرێ | يسلك الطريق |
| تێر | الشبعان |
| تیر | السهم |
| شێر | الأسد |
| دێ | القرية |
| دی | رأى |
| ئازادی | الحرية |
| ڕێز | الاحترام |
| ڕیز | الترتيب ، صف |
| منداڵ | الطفل |
| ڕاستگۆیی | الصدق |
| زیرەك | الذكي |
| وێنە | الصورة |
| ڕەنگاوڕەنگ | الملون |
| ئاوەڵناو | الصفة |

## لە سەرتاشـــــخانەدا

### بەشی یەکەم

تەلەفۆن لــە ئوتێــلی بێخــاڵ لێئــەدا ، خــاوەن ئوتێلەکە تەلەفۆنەکە هەڵئەگرێ :

**هەلەو** •

**دەنگێك** : کاك شوکور لەوێیە ؟

خاوەن ئوتێل : بەڵێ لێرەیە ، بڵێم کێ بانگت ئەکات ؟

دەنگەکە : بڵێ سەمیر بانگت ئەکات • پاش تاوێك شوکور دێت •

شوکور : هەلەو ، کاکە سەمیر چۆنیت ؟ زۆر شەرمەزارتم ، لە خوشکە زەینەبم بیست کە هەلاّمەتتە ، بەداخەوە نەمتوانی سەرت لێبدەم ، چونکە لەم ڕۆژانەدا خەریکی تاقیکردنەوە بووم •

سەمیر : سوپاست ئەکەم ، ئێستا تەندروستیم زۆر باشە ، گوێ بگرە ، بانگم کردوی بۆ ئاهەنگی یەکترناسینی کۆلێجەکەمان •

شوکور : کەی ؟

سەمیر : ئیمڕۆ ، کاتی حەوتی ئێوارە •

شوکور : لە کوێ ؟

سەمیر : لە هۆڵی زانکۆ •

شوکور : ڕاستت ئەوێ زۆر حەزئـەکەم بێم ، بەلاّم سەرم هاتووەو هەفتەیەك ئەبێت خۆم نەشتووە •

سەمیر : ئاسانە ، سەرت بتاشە و خۆشت بشۆ لە دوو سەعات زیاترت پێ ناچێت •

شـوکور : چـۆن ؟! ئیمـــڕۆ پێنـج شەممەیـە ، هەمـوو سەرتاشخانەکان قەلەباڵغن •

سەمیر : گوێی مـەدەرێ ، لەگەڵمـا وەرە ئەتبـەم بـۆ لای سەرتاشەکەی خۆم ، ئەگەر دەستیشی بەتاڵ نەبوو پێی ئەڵێم زوو بۆت بتاشێ •

شوکور : باشە بەلاّم چۆن بتبینم ؟

سەمیر : سەعات دەو نیو لەبەر دەرگای ئوتێلەکەدا چاوەڕێم بکە ، منیش ئەمەوێ ڕیشم بتاشم •

شوکور : واتە پاش چارەکێکی تر •
سەمیر : بەڵێ ، بەڵێ •
شوکور : باشە ڕێکەوتین خواحافیز •
سەمیر : خوات لەگەڵ تا بەیەك ئەگەینەوە •

## بەشی دووەم

شوکور جلەکانی لەبەر ئەکا و دەرگای ژوورەکەی دائەخاو کلیلەکەی ئەداتە دەست خاوەن ئوتێلەکەو دێتە خوارەوە ، تۆزێك لەبەردەمی ئوتێلەکەدا چاوەڕێ ئەکا سەمیر دێ و پێکەوە ئەچن بۆ سەرتاشخانەکە •

شوکور : سەرتاشخانەکە لە کام شەقامدایە ؟

سەمیر : لە شەقامی کاوەدایە نزیك کارگەی شەهلا •

شوکور : لەکام لایە ؟

سەمیر : لە لای ڕاستەوەیە بەڵام ئەم هەموو پرسیارەی بۆ چی یە ؟! من لەگەڵتا نیم ؟

شوکور : من ئەمەوێ جێگاکە بزانم ڕەنگە جارێکی تر بەتەنیا بێم •

سەمیر : هەرچۆنێك بێت چاووت بکەرەوە و نەخشەی ناوچەکە لەمێشکتا بکێشە •

شوکور : باشە فەرموو فێرمکە •

سەمیر : وا ئێمە لە شەقامی مەولەوی‌داین ، بەرەو سەروو ئەڕۆین ، پاش ماوەیەك ئەگەینە بەردەرکی سەرا ، لەوێوە بەرەو خوار ئەبینەوە بۆ شەقامی کاوە •

شوكور : باشه بـەلام سەرتاشەكەت لە كام بـەری شەقامی كاوەدایە ؟

سەمیر : بە زەردەخەنەیەكەوە : درێژەی مەدەرێ وا گەیشتین.

## بەشی سێیەم

شوكور دای لە قاقای پێكەنین و لەگەڵ سەمیری هاوڕێیدا خێرا ڕۆیشتن ، گەیشتنە شەقامی كاوە .

سەمیر : ئەمە شەقامی كاوەیە ، سەیری پێشەوە بكە بە لای چەپەوە ، نەء ، بە لای ڕاستەوە ، سەیرە تەماشای دواوە ئەكەیت.

شوكور : گوێت لـە دەنـگی ئوتومبێـل نیـیـە ؟ ئەتەوێت بمانكەیت بە ژێرەوە .

سەمیر : ئوتومبێلەكە دوورە دەی دەی بابڕۆین وا گەیشتین ، ئەوەتە سەرتاشەكەم .

## بەشی چوارەم

سەمیر و شـوكور چوونە سەرتاشخانەكەوە ، لاوێـك لەبەر دەستی سەرتاشەكەدایە سەمیر و شوكور ڕۆژباش لە سەرتاشەكە ئەكەن .

سەمیر : سوپاس بۆ یەزدان بەم زووانە بەرمان ئەكەوێت .

سەرتاشەكە : فەرموو دانیشن وا لێ ئەبمەوە .

سەمیر و شوكور لەسەر قەنەفەكە دائەنیشن .

شوكور ڕۆژنامەیەك لەسەر تەپڵەكەكە هەڵئەگرێ و دەست ئەكات بە خوێندنەوەی .

سەمیر : خۆزگەم بە خۆت ، کە ئەزانی کوردی باش بخوێنیتەوە .

شوکور : تۆش ئەزانیت کوردی بخوێنیتەوە .

سەمیر : بەڵێ وایە ، بەڵام وەکو تۆی نازانم .

سەرتاشەکە لە تەراشی لاوەکە ئەبێتەوە ، ڕوو ئەکاتە شوکورو سەمیر ئەپرسێ :ــ

کامتان لەپێشەوە تەراش ئەکەن ؟

سەمیر : من لەپێشەوە تەراش ئەکەم ، چونکە ئەبێ زوو بڕۆمو هەر ڕیشم ئەتاشم .

سەرتاشەکە : فەرموو .

## بەشی پێنجەم

سەمیر لەسەر کورسی‌یەك بەرامبەر بە ئاوێنەیەکی گەورە دائەنیشێت .

سەمیر : وەستا گیان سابوون زۆر لە ڕیشم بدە ، با باش بخووسێت ، هیوادارم کە تیغەکەت تیژ بێت ، ڕیشم زۆر هاتووە ، هەفتەیەك ئەبێت تەراشم نەکردووە .

سەرتاشەکە : بۆچی وا ڕیشت هێشتۆتەوە ؟

سەمیر : هەڵامەتم بوو .

سەرتاشەکە : گوێ مەدەرێ ، تەراشێکی جوانت بۆئەکەم ، بە دڵی خۆت .

سەمیر : سوپاست ئەکەم بەڵام خێراکە .

سەرتاشەکە دەست ئەکات بە تەراشی سەمیر ، پاش ماوەیەك لێ ئەبێتەوە و ئەڵێت :ــ

ئایا سمێڵت ڕێك بخەم ؟
سەمیر : نەخێر مقەستەکەم بەرێ خۆم ڕێکی ئەخەم •
سەرتاشەکە : بێگومان دەموچـاوت ئەشۆیت ، سەمیر سەر ئەلەقێنێ •
سەرتاشەکە : باشە ، دەی ئەحە مەسینەیەك ئاوی گەرم بێنە •
شاگردەکە : بەڵێ وەستا ، مەسینەکە ئامادەیە •
سەمیر دەموچـاوی ئەشواو شاگردەکەش خاولیـیـەکی پاکی ئەداتێ •
سەرتاشەکە : کاکە سەمیر قژت بۆ دابێنم ؟
سەمیر : ئەگەر زەحمەت نیـیە •
سەرتاشەکە : بەسەر چاو ، ئەی ڕۆنی سەرت ناوێ ؟
سەمیر : ڕۆنم بۆ چیـیە !
سەرتاشەکە : باشە بەڵام بۆنێکی خۆشم هەیە بۆت لێ ئەدەم •
سەمیر : باشە قەیناکە •

## بەشی شەشەم

سەمیر لە ڕیش تاشین ئەبێتەوە و کورسیـیەکەی بـۆ شوکور بەجێ ئەهێڵێت •
شاگردەکە : مامۆستا سەمیر پیرۆزت بێ •
سەمیر : سەلامەت بیت ، کوڕی باش •
شوکور : هەڵئەستێت و لەسەر کورسیـیـەکە بەرامبەر بـە ئاوێنەکە دائەنیشێ •
سەمیر : وەستا گیان شوکور یەکـەم جارە کە لە لاتان سەر ئەتاشێ ، ئاگات لێ بێت ، جوان سەری بتاشە ، با ببێ بە دۆستت •

سەرتاشەکە : بەسەر چاو، پێویست ناکات،دووکانی خۆتانە.

سەمیر جزدانەکەی دەرئەهێنێت و پارەکەی خۆیو شوکورو شاگردانەش بە شاگردەکە ئەدات .

شوکور : ئـەوە چی ئەکەیت ؟ دیارە پـارەت دۆزیوەتەوە ، کوڕم با هەرکەسە لەسەر خۆی بێت .

سەمیر : بەسە بەس ، هەر ئەمجارە میوانمیت .

شوکور : سوپاست ئەکەم .

سەمیر : شایـەنی نییە ، وا من ئەڕۆم با فریـای پەراوەی ئاهەنگەکە بکەوم .

شوکور : باشە ، منیش کە لێبوومەوە ئەچم بۆ گەرماو .

سەمیر : چـۆنت ئـەوێ باوابێ ، بـەڵام لـە ئاهەنـگەکە دوانەکەوی ، وا ئەڕۆم بە خواتان ئەسپێرم .

شوکور و سەرتاشەکە و شاگردەکە : خوات لەگەڵ .

## بەشی حەوتەم

سەرتاشەکە : کاك شوکور دیارە سەرت ئەتاشی ، چونکە قژت زۆر درێژە ، ڕیشیشت تەراش بکەم ؟

شوکور : نەخێر ، تەنیا سەرم ئەتاشم .

سەرتاشەکە : ئایا قژت سووك بکەم ؟

شوکور : نەختێك ئاگات لێبێ ، زۆر سووکی نەکەی ، چلەی زستان بەڕێوەیە .

سەرتاشەکە : چۆن ئەفەرموویت وا ئەکەم .

سەرتاشەکە دەست ئەکا بە سەرتاشین ، پێش ئەوەی لێبێتەوە ئەڵێ :

کاکە شــوکور وا بزانم سەرت ناشۆی ، گوێم لێ بــوو بە هاورێکەتت وت ئەچم بۆ گەرماو ·

شوکور : بەڵێ وایە ، بەڵام قژم بەبێ بۆن و ڕۆن بۆ دابێنە ·

سەرتاشەکە : بەسەرچاو ·

شوکور کــە لەسەرتاشین بۆوە هەستایە ســەر پێ و سوپاسی سەرتاشەکەی کرد ·

شاگردەکە چاکەتەکەی بۆ تەکانــد و دایە دەستی ، شوکور پەنجــا فلس بــەخشیشی دایــە و خــوا حافیــزی‌یان لێکــرد و سەرتاشخانەی بەجێ هێشت ·

## دەستووری زمان :ـ

| | |
|---|---|
| من خوێندم | من هاتم |
| ئێمە خوێندمان | ئێمە هاتین |
| تۆ خوێندت | تۆ هاتیت ، هاتی |
| ئێوە خوێندتان | ئێوە هاتن |
| ئەو خوێندی | ئەو هات |
| ئەوان خوێندیان | ئەوان هاتن |
| براکەم شوانە | |
| براکەمان شوانە | بخوێنە |
| براکەتان شوانە | بخوێنن |
| براکەی شوانە | |
| براکەیان شوانە | |
| براکەت شوانە | |

## دەستووری جێناوی کەسی لکاو :

جێناوی کەسی لکاو دوو وێنەی هەیە ، هەر وێنەیەك بۆ چەند ئەرکێك لە ڕستەدا بەکار ئەهێنرێ ٠

وێنەی یەکەم/ بۆ ڕابوردووی تێپەڕ :

| کەسی | تاك | کۆ |
| --- | --- | --- |
| یەکەم | م | مان |
| دووەم | ت | تان |
| سێیەم | | |

وێنەی دووەم/ بۆ ڕابوردووی تێنەپەڕ :

| کەسی | تاك | کۆ |
| --- | --- | --- |
| یەکەم | م | ین |
| دووەم | ی(یت) ( ە ) | **ن** |
| | — | ن |

## بۆ ڕێنووس :

گوڵ ــ گوڵاو ــ دلاوەر ــ مل ــ گڵ ــ گڵێنە ــ شل ــ قەل ــ قەڵەو ــ لاوان ــ لێو ــ داڵ ٠

## ڕاهێنانی ( ١ )

دەرسەکە بە وردی بخوێنەوە ئەمجا وەلاَمی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە :

١ ــ شوکور بۆ کوێ بانگ کرابوو ؟

٢ ــ سەمیر و شوکور پێکەوە بۆ کوێ ئەچن ؟

٣ ــ بۆچی سەمیر لە پێشەوە تەراشی کرد ؟

٤ ــ ئایا سەرتاشەکە سمێڵی سەمیری ڕێك خست ؟

٥ ــ سەمیر دەربارەی شوکور چی بە سەرتاشەکە وت ؟

٦ ــ شوکور کە لە سەرتاشین بۆوە بۆ کوێ ئەچێ ؟

٧ ــ بۆچی شوکور وتی نەختێ قژم سووك کە ؟

## ڕاهێنانی ( ٢ )

ا ــ زەنگ ، تاقیکردنەوە ، ڕیشم بتاشم ، نەخشە ، ڕۆژنامەیەك ، دەموچاو ، قژ ، میوان ، گەرماو .

ب ــ بەو وشانەی سەرەوە ئەم ڕستانەی خوارەوە تەواو بکە :

١ ــ . . . . . . . ی تەلەفۆن لە ئوتێلی بێخاڵ لێ ئەدا .

٢ ــ لەو ڕۆژانەدا خەریکی . . . . . . بووم .

٣ ــ منیش ئەمەوێ . . . . . . . .

٤ ــ . . . . . . . ی ناوچەکەی لە مێشكدا بکێشە .

٥ ــ شوکور . . . . . . . لەسەر تەپڵەکە هەڵئەگرێ و دەست ئەکا بە خوێندنەوە .

٦ ــ بێگومان . . . . . . . ت ئەشۆی ؟

٧ ـ كاكە سەمیر . . . . . . . ت بۆ داهێنم ؟

٨ ـ بەسە بەس هەر ئەمجارەیە تۆ . . . . . . . .

٩ ـ گوێم لێ بوو بە هاوڕێکەت وت : ئەچم بۆ . . . . . . . .

## ڕاهێنانی ( ٣ )

١ ـ زەینەب و سەمیر دانیشتن .

٢ ـ مەقەستەکەم بەرێ .

٣ ـ شوکور سەری شت .

٤ ـ نانەکەمان خوارد .

٥ ـ ئێمە چووین بۆ سەرتاشخانە .

٦ ـ ڕیشی سەمیر درێژە .

٧ ـ ئایا ئەچین بۆ ئاهەنگەکە .

٨ ـ دەرسەکەی نووسی .

## ڕاهێنانی ( ٤ )

ا ـ نووسی .

ب ـ نووسیم ـ نووسیمان ـ نووسیت ـ نووسیتان ـ نووسی ـ نووسییان .

دە تۆش ئەم کردارانەی خوارەوە وەك وێنەی ( ب )یان لێ بکە :

کڕی ، بڕی .

## ڕاهێنانی ( ٥ )

ا ـ نووست ·

ب ـ نووستم ـ نووستین ـ نووستیت ـ نووستن ـ نووست ـ نووستن ·

ده تۆش ئەم کردارانەی خوارەوە وەك وێنەی ( ب )یان لێ بکە :

ڕۆیشت ، کەوت ·

## ڕاهێنانی ( ٦ )

ئەم بۆشایی‌یانەی خوارەوە بە جێناوێکی لکاو پڕبکەرەوە :

١ ـ من دەست · · · · · · · شت ·

٢ ـ ئەوان چوو · · · · · · · ·

٣ ـ ئێمە ئەخۆین · · · · · · ·

٤ ـ تۆ لێرە نەبوو · · · · · · · ·

٥ ـ حەمە داواکراوەکان · · · · · · · هێنا ·

٦ ـ بنووس · · · · · · ·

٧ ـ قوتابی‌یان ئەبێ بخوێن · · · · · · · ·

٨ ـ کاکە شوکور نان · · · · · · خواردووە ·

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
|---|---|
| سەرتاشخانە | صالون الحلاقة |
| زەنگ | الجرس |
| خاوەن | المالك ، الصاحب |
| شەرمەزار | خجلان |
| سەرت لێ بدەم | أزورك |
| تاقیکردنەوە | الامتحان |
| کەی | متى |
| ئێوارە | المساء |
| حەز ئەکەم | أرغب ، أشتهي ، أحب |
| سەرم هاتووە | شعري طويل |
| خۆت بشۆ | اغسل |
| سەرتاش | الحلاق |
| ڕیشم | لحيتي |
| کارگە | المعمل ، المصنع |
| شەقام | الشارع |
| ڕاست | اليمين |
| نەخشە | الخارطة |
| مێشك | المخ ، العقل |
| بکێشە | أرسم |
| سەروو | الشمال |
| سووچ | الزاوية |
| چەپ | اليسار |
| بەردەستی | تحت يد |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| ڕۆژنامە | الجريدة |
| خۆزگەم بەخۆت | اتمنى لو كنت مثلك |
| ئەتاشم | أحلق |
| ئاوێنە | المرآة |
| با بخووسێت | لينتقع |
| تیغ | الموس |
| تیژ | الحاد |
| گوێ مەدەرێ | لا تبال |
| سمێڵ | الشوارب |
| سەر ئەلەقێنێ | يهز الرأس |
| مەسینە | الابريق |
| دەموچاو | وجه |
| پاك | النظيف |
| قژت بۆ دابێنم | أمشط شعرك ؟ |
| ڕۆن | دهن |
| بۆن | العطر |
| لێ ئەبێتەوە | ينتهي |
| پیرۆزت بێ | مبارك لك |
| شاگردانە | البخشيش |
| میوان | الضيف |
| شایەنی نییە | لا يستحق |
| گەرماو | الحمام |
| نەختێك | قليلا |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| ئاگات لێ بێ | انتبه |
| شوان | راعي |
| لکاو | متصل |
| گوڵاو | ماء الورد |
| مل | الرقبة |
| ڕابوردووی تێپەڕ | الماضي المتعدي |
| ڕابوردووی تێنەپەڕ | الماضي اللازم |
| گڵ | التراب |
| قەل | الديك الرومي |
| قەڵەو | السمين |
| لێو | الشفه |
| ڕۆیشت | ذهب |
| کەوت | وقع |

## ئاهەنگی یەکترناسین

### بەشی یەکەم

شەوێکی خۆشە لە شەوانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز ، ئەستێرەکان لە ناوجەرگەی ئاسمانی شیندا ئەدرەوشێنەوە ، شاری سلێمانی لەژێر ئەو ئاسمانەدا ئەڵێی بووکە ، هۆڵی زانکۆ کە کەوتۆتە سەرووی شاری سلێمانی بە چرا و دروشم و چەپکە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ ڕازاوەتەوە ، مامۆستایان و بانگ کراوان و قوتابییان بە ئوتومبێل و بەپێ پۆل پۆل بەرەو هۆڵی زانکۆ ئەڕۆن،

تاقمێك لـه كچان و كوڕانی كشتـوكاڵ له بـەردەمی هۆڵەكەدا پێشوازی له بانگ كراوەكان ئەكەن ، جوان و شوان بەرەو دەرگا سەرەكیەكەی هۆڵی زانكۆ ئەڕۆن • له دوورەوە گوێیان له شوكور بوو بانگیان ئەكا ، ئاوڕیان دایەوە ، شوكور شەوباشی‌یان لێ ئەكا•

شوان : ڕێكەوتێكی باش بوو یەكترمان دی ، دڵنیام كه سەمیر مێزێكی تایبەتی بۆ ئامادە كردووین، فەرموون بابچینە ژوورەوە•

شوكور بـە پێكەنینەوە : من بلیتی خۆمم پێیـە ، ئەترسم بلیتەكانتان نەهێنابێ •

جوان : مەترسە ، ئێمەش بلیتەكانمان پێیە •

## بەشی دووەم

جوان و شوكور ئەچنە ژوورەوە ، زەینەب بە پیریانەوە دێ و ئەڵێ : بەخێربێن ، فەرموو ئەمە جێگاكەمانە •

شوكور : بەخوا جێگایەكی خۆشـە ، مێزی مەولەوی‌یە ، له شانۆكەوە نزیكە •

شوان : مێزێكی گەورەیە ، جێگای هەشت كەسە •

زەینەب : باشـترە ، چونكە لەگەڵ سێ میوانی‌تر ئەبـێن بە هاوڕێ •

## بەشی سێیەم

جوان و زەینەب و سەمیر و شوكور هەر یەكە لەسەر كورسی‌ی خۆی دائەنیشێ •

جوان : بەڕاستی قوتابی‌یانی كۆلێجی كشتوكاڵ خاوەن چێژێكی بەرزن • سەیركەن چەند جوان دیوارەكانی هۆڵەكەیان بە دیمەنی

هونەری و کاغەزی زەرد و سوور ڕازانۆتەوە .

شوکور : جوان خان ، ئەی ئەو دروشمە پڕ واتایانە بۆ نالّیِی ، تەماشای ئەم دروشمە بکەن کە بەخێرهاتن لە قوتابی‌یانی ساڵی نوێ ئەکات ، ئەو دروشمە نیشتمانی‌یە و ئەوی‌تر کە بۆ تەرخان کردنی زانکۆ لە پێناوی پێشخستنی ئابووری لە وڵاتەکەماندا هان ئەدا .

زەینەب : بەڕاستی هەموو شتێك لەم هۆڵەدا جوان و پەسەندە . ئاوازێکی بەسۆز بەرز ئەبێتەوە . سەمیر دێت بۆ لای بانگ‌کراوەکانی و یەکە یەکە دەستیان ئەگوشێ و ئەڵێ : هیوادارم کە جێگاکەتان بە دڵ بێ .

کۆڕەکە : جێگایەکی زۆر خۆشە سوپاست ئەکەین .

## بەشی چوارەم

لەم کاتەدا پێشوازی‌کەرێك و مامۆستایەك و دوو قوتابی بەرەو مێزی مەولەوی دێن شەوباشی‌یان لێ ئەکەن .

پێشوازیکەرەکە : ببوورن ، میوانم بۆ هێناون ، هەموویان هەڵئەستنە سەرپێ .

مامۆستاکە : من دکتۆر حەیدەرم مامۆستای (کیمیا)م .

قوتابی‌یەکە : من ناوم (فەیروز ئەدیسۆن)ە لە پۆلی یەکەمی کۆلێجی کشتوکاڵدا قوتابیم .

قوتابی دووەم : ناوم (ئەدمۆن جەرجیس)ە .

دەستی یەکتر ئەگوشن و بە دڵخۆشی‌یەوە دائەنیشن .

مامۆستاکە : بە دانیشتنم لەگەڵتانا زۆر بەختیارم .

هەموویان : ئێمە بەختیارین .

مامۆستاکه : کورسی بەتاڵمان هەیه ڕەنگه هی ئەم بــرادەره بێ کەڕاوەستاوه ٠

سەمیر : بەڵێ مامۆستا جێگای منه ٠

مامۆستاکه : بۆچی دانانیشی؟دیاره که له پرۆگرامی ئاهەنگەکەدا هاوبەشی ٠

سەمیر : بەڵێ مامۆستا گیان ، گۆرانییەکم هەیه ئەیلێم و دێم له کۆڕه خۆشەکەتاندا هاوبەشی ئەکەم ٠

مامۆستاکه : پێشەکی بەخێر هاتنت ئەکەین ٠

کۆڕەکه : پێ ئەکەنن ٠

## بەشی پێنجەم

سەمیر ئەڕواتو کات خەریکه ئەبێ بە حەوتی ئێواره هۆڵی زانکۆ تادێت له بانگکراوان پڕتر ئەبێت ، بەرنامەی ئاهەنگەکه بەسەر بانگکراوانا دابەش ئەکرێ ٠

هەندێك له بانگکراوان دەست ئەکەن بە خوێندنەوەی بەرنامەکه شوان بەرنامەکه بۆ کۆڕەکەیان ئەخوێنێتەوه : ــــ

١ ــ وتاری دەســ پێکــردنی ئاهەنــگ ٠ لــه لایەن نوێنەری ڕێکخەرانی ئاهەنگ ٠

٢ ــ گۆرانی ( وەی وەی بارانه ) به دەنگی ( بەختیار علی ) قوتابی له پۆلی دووەمی کۆلێجی کشتوکاڵ ٠

٣ ــ گۆرانی ( هەر بــژی کورد و عــەرەب ) به دەنــگی سەمیر عەبدولحەمید قوتابیی پۆلی چوارەم له کۆلێجی کشتوکاڵ ٠

٤ ــ گۆرانییەکی (ترکمانی) لەلایەن (ئایدن خلیل)ەوه قوتابیی پۆلی دووەمی کۆلێجی کشتوکاڵ ٠

٥ ــ گۆرانی‌یــەکی (ئەرمەنی) لە لایەن قوتابیی پــۆلی یەکەمی کۆلێجی کشتوکاڵەوە (جیهان ئەرشاك) ٠

٦ ــ گۆرانی‌یەکی ( ئاسوری ) بە دەنــگی ( ئەدوەرد یوحەننا ) قوتابیی پۆلی چوارەمی کۆلێجی کشتوکاڵ ٠

٧ ــ پشوودان و دابەشکردنی بلیتی دومبەڵە ٠

٨ ــ شانۆگەری‌یەك بە ناونیشانی (جووتیاری زانا) ٠

٩ ــ هەڵپەڕکێ‌یەکی کوردی ٠

١٠ــ دەنگوباسی کۆلێجی کشــتوکاڵ ، پێشکەش‌کردنی قوتابیی لاساییکەرەوە (ئاسۆ جوامێر) ٠

١١ــ خوێندنەوەی دومبەڵە ٠

١٢ــ کۆتــایی هێنــانی ئاهــەنگ بە وتاری عەمیــدی کۆلێجی کشتوکاڵ ٠

سەمیر دێت و ئەڵێ : ئومێدەوارم کە بەرنامەکەتان بەدڵ بێت٠

شوکور : بەرنامــەکە خۆشە بەڵام ڕاست بڵێ لــە پشوودانا چیمان ئەدەنێ ؟

سەمیر : دڵنیابە زۆر ئەخۆیت ٠

شوکور : هەرچەندە بە ڕۆژوو بــووم ، سەعاتێك لەمەوبەر ڕۆژووەکەم شکاندووە بەڵام بۆم ڕاوەستن ٠

کۆڕەکە دووبارە پێ‌ئەکەنن ٠

## بەشی شەشەم

لێرەدا گوێیان لە ڕاکێشانی پەردەی شانۆکە بوو ، بانگ کراوەکان چاویــان بڕیبووە شــانۆکە ٠ قوتابی‌یەك بە ( ڕانك و

چۆغەوە) دەرکـەوت ، دەستی کرد بە کردنەوەی ئاهەنـگەکە ، هەموویان چەپڵەیان بۆ لێدا ، ئا بەم جۆرە ئاهەنگ بەردەوام بوو بانگکراوەکان بە بەرنامە جۆربەجـۆرەکە زۆر دڵخۆش بوون ، کەسیان هەستیان بە تێپەڕینی کات نەئەکرد • سەمیر پاش ئەوەی گۆرانی یەکەی وت گەڕایەوە شوێنەکەی‌و لەگەڵ کۆڕەکەیدا تێکەڵ بۆوە •

پشوودان دەستی پێکرد پێشوازیکەرەکان دەستیان کرد بە هێنانی ساردەمەنی و سەندویچ •

دکتۆر حەیدەر : کاکە سەمیر بەڕاستی برایەتی نەتەوەکانی وڵاتەکەمان لەم ئاهەنگەدا خۆی ئەنوێنێ •

سەمیر : ئەمەش ئامانجی ئاهەنگەکەمانە •

شوان : بەڕاسـتی گۆرانی‌یـــە ئاسـوری و ئەرمـــەنی و تورکمانی‌یەکە زۆر خۆش بوون •

شوکور : کەوابوو گۆرانی‌یەکەی سەمیر بەلای تۆوە خۆش نەبوو ، هێشتا سەندویجەکەت نەخواردووە ئاگات لە دەمت بێ • کۆڕەکە پێ ئەکەنن •

فەیروز : من کە کیژێکی ئەرمەنیم زۆر سوپاسی کاك شوان ئەکەم •

زەینەب : خوشکە فەیروز وە نەبێ لە بەرەو ڕووبێ ، هونەری مۆسیقا و گـۆرانی‌ی ئەرمـــەنی لە هەمـــوو جیهانـــدا ناوبانگی دەرکردووە •

ئەدمـــۆن : ئەمـــە زۆر ڕاســـتە ، کـــەس هەیـــە ناوبانـــگی ( سەمفۆنی‌یەکانی ئارام خەچەدۆرییان )ی نەبیستبێ ؟

فەیروز : کاك ئەدمۆن سوپاست ئەکەم ، بڕوا ناکەم خۆشی ی ئاوازەکانی گۆرانی ی ئاسوری لە مۆسیقا و گۆرانی ی ئەرمەنی کەمتر بێ • لەم کاتەدا پێشوازیکەرێك بەشی مێزەکەیان دێنێ •

شوکور : قسەکانتان دەربارەی مۆسیقا و گۆرانی زۆر ڕاستە، بەڵام پێشینیان ئەڵێن : کە « خواردن هات قسە نەهات » • کۆڕەکە پێ ئەکەنن •

## بەشی حەوتەم

بانگکــراوەکان لەگەڵ ئــاوازی بەسۆزدا دەست ئــەکەن بە خواردن و خواردنەوەی چا •

زەینەب : سەمیر دیارە کە شانۆگەری یەکەتان «جووتیاری زانا» شانۆگەری یەکی زانستی یە •

سەمیر : ئەمە ڕاستە ، بەڵام لە قاڵبێکی وێژەیی دا داڕێژراوە•

شوان : کەوابــوو ئەم شانۆگەری یە ئەو ڕاســتی یە دووپات ئەکاتەوە کە ئەڵێت :

« وێــژە و زانســتی دوو بــاڵی گەلــن بــۆ پێشــکەوتن و پەرەسەندن » •

دکتۆر حەیدەر : ئەبێ لە ژێر تیشکی ئەم ڕاستی یەدا نرخی وێژە و زانست لە وڵاتەکەماندا بناسین ، بەلای منەوە وێژە چرای ڕۆشنبیریمانە وە زانستی گیانی شارستانێتیمانە •

لێرەدا گوێیان لە ڕاکێشانی پەردەی شانۆکە بوو ، پەردەکە لابرا ، دیکۆرێکی جوان لەسەر شانۆکە دەرکەوت ، شانۆگەرێکە

دەستی پێکرد ، بانگکراوەکان بە پەرۆشەوە تەماشایان ئەکرد . بەم جۆرە پرۆگرامەکە هەنگاو بە هەنگاو ئەڕۆی ، کات هەرچەندە لە یانزەی شەو تێپەڕ بوو بوو هیچ کەسێ هەستی پێ نەئەکرد .

کە ئاهەنگەکە کۆتایی پێ هێنـرا بانگکراوەکان بە دڵێکی خۆشەوە بەرەو ماڵ بوونەوە .

**دەستووری زمان :ـ**

ئەمە کوڕێکە
ئەمە کچێکە
ئەمانە کوڕن

ئەم کوڕە شوانە
ئەم کچانە قوتابین
ئەم مامۆستایانە دڵسۆزن

ئەوە کوڕێکە
ئەوە کچێکە
ئەوانە کوڕن

ئەو کوڕە شوانە
ئەو کچانە قوتابین
ئەو مامۆستایانە دڵسۆزن

**دەستووری ئیشاری :**

١ ـ ( ئەمە ) ناوی ئیشارییە بۆ دەستنیشان کردنی کەسێ یا شتێکی تاکیی نەوتراوی نزیك بەکار ئەهێنرێ .

٢ ـ ( ئەمانە ) ناوی ئیشارییە بۆ دەست نیشانکردنی کۆمەڵە شتێ یا کۆمەڵە کەسی نەوتراوی نزیك بەکار ئەهێنرێ .

٣ ـ ( ئەوانە ) ناوی ئیشاری‌یە بۆ دەست نیشان‌کردنی کۆمەڵە شتێ یا کۆمەڵە کەسی نەوتراوی دوور بەکار ئەهێنرێ ٠

٤ ـ ( ئەوە ) ناوی ئیشاری‌یە بۆ دەست نیشان‌کردنی شتێ یا کەسی تاکی نەوتراوی دوور بەکار ئەهێنرێ ٠

٥ ـ ( ئەم ٠٠٠٠٠ انە ) ، ( ئەم ٠٠٠٠ یانە ) ناوی ئیشاری‌یە بۆ دەست نیشان‌کردنی کۆمەڵە شتێ یا کۆمەڵە کەسێکی وتراوی نزیك بەکار ئەهێنرێ ٠

٧ ـ ( ئەو ٠٠٠٠ ە ) ناوی ئیشاری‌یە بـۆ دەست نیشان‌کردنی شتێ یا کەسێکی تاکی وتراوی دوور بەکار ئەهێنرێ ٠

٨ ـ ( ئەو ٠٠٠ انە ) ، ( ئەو ٠٠٠ یانە ) ناوی ئیشاری‌یە بۆ دەست نیشان‌کردنی کۆمەڵە شتێ یا کۆمەڵە کەسێکی وتراوی دوور بەکار ئەهێنرێ ٠

**بۆ ڕێنووس :**

هەژار ـ هەزار ـ ژیان ـ زیان ـ زیرەك ـ ژێر ـ شێر ـ زەنگ ـ ژەنگ ـ ژین ـ زین ـ شین ـ ژوور ـ زوو ـ ژن ـ شنە ـ شوورە ٠

## ڕاهێنانی ( ١ )

١ ـ هۆڵی زانکۆ کەوتۆتە کوێی شاری سلێمانی‌یەوە ؟

٢ ـ مێزی مەولەوی جێگای چەند کەسە ؟

٣ ـ بۆچی سەمیر لەگەڵ میوانەکانی‌دا دانەنیشت ؟

٤ ـ بەرنامەی ئاهەنگەکە لە چی پێکهاتبوو ؟
٥ ـ دکتۆر حەیدەر چی بە سەمیر وت ؟
٦ ـ شانۆگەری یەکە بە لای شوانەوە چ ڕاستی یەك دووپات ئەکاتەوە ؟

## ڕاهێنانی ( ٢ )

ئەم ڕستانەی خوارەوە ناتەواون ، وشە تەواوکەرەکانیان لە دەرسەکەدان ، بیاندۆزەرەوە و ڕستەکانیان پێ تەواوکە :

١ ـ شەوێکی خۆشە لە شەوانی مانگی ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ پیرۆز ۰
٢ ـ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ باش بوو ، یەکتریمان دی ۰
٣ ـ سەیرکەن چەند جوان دیوارەکانی هۆڵەکەیان بە ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ هونەری و کاغەزی زەرد و سوور ڕازانۆتەوە ۰
٤ ـ تەماشای ئەم ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ کە بەخێرهاتن لە قوتابیانی ساڵی نوێ ئەکات ۰
٥ ـ لەم کاتەدا ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ لەگەڵ مامۆستایەك و دوو قوتابی بەرەو مێزی مەولەوی دێن ۰
٦ ـ شوان ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ بۆ کۆڕەکەیان ئەخوێنێتەوە ۰
٧ ـ بەرنامەکە خۆشە بەڵام ڕاست بڵێ لە ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ دا چیمان ئەدەنێ ؟
٨ ـ لێرەدا گوێیان لە ڕاکێشانی پەردەی ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ بوو ۰
٩ ـ هونەری مۆسیقا و گۆرانیی ئەرمەنی لە هەموو جیهانا ۰ ۰ ۰ دەرکردووە ۰
١٠ـ وێژە چرای ۰ ۰ ۰ ۰ مانە و زانستی گیانی ۰ ۰ ۰ ۰ مانە ۰

## ڕاهێنانی (٣)

ا ـ ڕۆژهەڵات ، ڕەش ، ڕۆژئاوا ، سپی ·

ب ـ

| وشـــه | پێچەوانەکەی |
|---|---|
| ڕۆژهەڵات | ڕۆژئاوا |
| ڕەش | سپی |

ده تۆش ئەم وشانەی خوارەوە وەکو وێنەی (ب) ڕێکخە ·

سەروو ـ ڕاست ـ چاك ـ درێژ ـ خراپ ـ کورت ـ هات ـ چەپ ـ سەر ـ چوو ـ پێشەوە ـ ژێر ـ ڕۆژ ـ ڕوون ـ دواوە ـ خەست ـ شەو ـ هەستە ـ دانیشە ·

## ڕاهێنانی (٤)

ئەم بۆشایی‌یانـــەی خوارەوە بە ناوێکی ئیشـــاری گونجاو پڕکەرەوە :

١ ـ · · · · · · · بران ·

٢ ـ · · · · · · · یانەی کۆلێجی ئادابە ·

٣ ـ · · · · · · · زەینەب و شوکور و سەمیر بوون ·

٤ ـ · · · · · · · شوان بوو ·

## ڕاهێنانی (٥)

أ ـ

١ ـ ئەم پیاوە سەرتاشە ·

٢ ـ ئەو مامۆستایە دڵسۆزە ·

ب -

١ ـ ئەم پیاوانە سەرتاشن ·

٢ ـ ئەم مامۆستایانە دڵسۆزن ·

دە تۆش ئەم ڕستانەی خوارەوە وەکو وێنەی ( ب ) بگۆڕە ·

١ ـ ئەم شارەزایە زیرەکە ·

٢ ـ ئەم کچە قوتابی‌یە ·

٣ ـ ئەم زانکۆیە پێشکەوتووە ·

٤ ـ ئەم سەبەتەیە پڕە ·

| واتای وشەکان | معانی الکلمات |
| --- | --- |
| پیرۆز | المقدس |
| ئەستێرەکان | النجوم |
| ناوجەرگە | في كبد |
| ئاسمان | السماء |
| ئەدرەوشێتەوە | تتلألأ |
| بووك | العروس |
| چرا | المصباح |
| دروشم | الشعار |
| چەپکە | الباقة |
| بانگکراوان | المدعوون |
| تاقم | المجموعة |
| پێشوازی لە .... ئەکەن | يستقبلون |
| سەرەکی | الرئيسي |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
|---|---|
| ئاوڕیان دایەوە | التفتوا |
| دڵنیام | مطمئن |
| بلیت | البطاقة |
| شانۆ | المسرح |
| بەرز | الرفيع |
| ساڵ | السنة |
| نوێ | الجديد |
| نیشتمانیی | الوطني |
| تەرخان کردن | التخصيص |
| ئابوری | الاقتصاد |
| وڵات | البلاد |
| ئاواز | اللحن |
| بەسۆز | العاطفية |
| هیوادار | الامل |
| پێشوازیکەر | المستقبل |
| ببوورن | عفوا |
| هاوبەشی ئەکەم | أشارك |
| ئێوارە | المساء |
| شین | الازرق |
| شەو | الليل |
| وتار | المقال |
| نوێنەر | الممثل |
| باران | المطر |

| معاني الكلمات | واتای وشەکان |
|---|---|
| الصف | پۆل |
| المسرحية | شانۆگەری |
| المنكت ، المقلد | لاسایی‌کەرەوە |
| الامل | ئومێدەوار |
| الآمل | هیوا ، ئومێد |
| الدجاج | مریشك |
| كنت صائما | بەڕۆژوو بووم |
| أفطرت | ڕۆژووەکەم شکاندووە |
| ثانية | دووبارە |
| السحب ، الجذب | ڕاکێشان |
| محدقون | چاویان بڕیبووە |
| الزي الكردي الخاص بالرجال | ڕانکوچۆغە |
| صفقوا له | چەپڵەیان بۆ لێدا |
| المتنوع | جۆربەجۆر |
| الفرح | دڵخۆش |
| المرور | تێپەڕین |
| المرطبات | ساردەمەنی |
| الاخوة | برایەتی |
| القوميات | نەتەوەکان |
| الهدف | ئامانج |
| راع لسانك | ئاگات لە دەمت بێ |
| الفتاة | کیژ |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| وەنەبێ لە بەرەو ڕوو بێ | ليس ذلك لانك حاضر |
| هونەر | الفن |
| جیهان | العالم |
| ناوبانگی دەرکردووە | المشهور |
| کەمتر | الاقل |
| قسە | الكلام |
| پێشینیان | الاسلاف |
| دارێژراوە | المسبوك |
| وێژەیی | الأدبي |
| ڕاستی | الحقيقة |
| دووپات ئەکاتەوە | يؤكد |
| باڵ | الجناح |
| گەل | الشعب |
| پێشکەوتن | التقدم |
| پەرەسەندن | الازدهار |
| تیشك | الضوٶ |
| ڕۆشنبیری | الثقافة |
| گیان | الروح |
| شارستانێتی | المدنية |
| بەپەرۆشەوە | بشوق |
| تەماشایان ئەکرد | يتفرجون |
| بەرەو ماڵ بوونەوە | توجهوا نحو البيت |
| دڵسۆز | المخلص |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| شت | الشيء |
| وتراو | المذكور |
| نەوتراو | المحذوف |
| هەژار | الفقير |
| هەزار | الالف |
| زیان | الضرر |
| ژیر | الفطن |
| ژەنگ | الصدأ |
| ژین | الحياة |
| زین | السرج |
| زوو | بسرعة |
| شنە | النسيم |
| شوورە | السور |
| کورت | القصير |
| هەستە | قم |
| ژێر | تحت |
| دانیشە | اجلس |
| گونجاو | الملائم |

## زمـان و ئـەدەبی کـوردی

### بەشی یەکەم

نم نم بـاران ئەبارێ ، زەینەب و سەمـیر و شوکور بەرەو کۆلێجی ئاداب ئەڕۆن ٠

شوكور : وا بزانم شوان نابينين ، بەم بارانەش هاتين ٠
سەمیر : نوقلانە لێمەدە ، بۆ کوێ ئەچێ ؟
زەینەب : خۆ هەر ئەبێ بڕۆین ، دەمێکە شوانمان نەدیوە ٠
شوکور : وس بن ، تەماشاکەن ئـەوە شوان نییە ؟ لەوێ ، لەسەر شەقامەکە نزیکی عەمادەی کۆلێجی ئاداب ٠
زەینەب : ئەرێ بەخوا خۆیەتی ٠
شوان ئەیانبینێ و بەگەرمی بە پیریانەوە دێت و ئەڵێ :
بەم بارانە بـۆ کوێ ئەچن ، بەو خوایە ئا ئێستا لـە یادما بوون ٠
شوکور : دڵ ئاوێنەی دڵە ئێمەش بۆ لای تۆ ئەهاتین ٠
شوان : یاخوا بەخێربێن ، بابچین لە یانەکەماندا دانیشین ٠
زەینەب : کاك شوان ئەترسین ئیشت هەبێ و دواتخەین ٠
شوان : نەبەخوا هیچ ئیشێکم نییە کە منتان دی لێرە بووم و ویستم مامۆسـتای ئەدەبی کوردی ببینم ، بۆ ئـەوەی دەربارەی سەرچاوەکانی لێکۆڵینـەوەکەم پرسیاری لێ بـکەم ٠ هەموویان بەرەو یانەی کۆلێجی ئاداب ئەکەونـە ڕێ و لە یانەکە مێزێك لە پەنایەکەوە هەڵئەبژێرن و دائەنیشن ٠

## بەشی دووەم

شوان : بەداخەوە لەبەر ڕەمـەزان لە یانەکەمانا هیچ شتێ دەست ناکەوێ ٠
سەمیر : پێی ناوێ هەموومان بەڕۆژووین ٠
شوان : هەرچۆنێك بێ تکامان وایە کە ئێوارەیەك گەورەمان کەن و لە ماڵمان بەربانگ بکەنەوە ٠

هەموویان : پێویست بەم ئەرکە ناکات ٠
شوان : هیچ ئەرك نی‌یە ، باوکیشم حەز بە بینینتان ئەکا ، زۆر باسی ئێوەم بۆ کردووە ٠
شوکور : دەی باشە لەبەر باوکت دێین ٠
هەموویان پێ‌ئەکەنن ٠
شوان : کەوابوو ئێوارەیەك دیاری بکەین ٠
زەینەب : ئێوارەی شەممە باشە ٠
شوان : بۆ من زۆر باشە ٠
سەمیر : ئەگەر شوکور ئیشی نەبێت ئێوارەی شەممە بۆ منیش باشە ٠
شوکور : منیش چیم هەیە هەتا زووتر بێ باشترە ٠
شوان : کەوابوو پشت بە خـوا ئێوارەی شەممە چاوەڕێتان ئەکەین ٠

## بەشی سێیەم

کۆڕەکە تاوێك بێ‌دەنگ ئەبن ٠
شوکور : کاك شوان بابەتی لێکۆڵینەوەکەت دەربارەی چی‌یە؟
شوان : بابەتەکەم دەربارەی شاعری نەمری کورد (ئەحمەدی خانی)یە خاوەنی هۆنراوەی داستانە لە ئەدەبی کوردی‌دا ٠
زەینەب : ئەم شاعرە کوردە کۆنە یاخود هاوچەرخە ؟
شوان : ئـەم شاعرە کۆنە لە سەدەی حەڤدەهـەمی زاینی‌دا ژیاوە ، چونـکە لە ساڵی (١٦٥٠ز) لە دایك بووە وە لـە ساڵی (١٧٠٦ز) کۆچی دوایی کردووە ٠
شوکور : بەرهەمەکانی ئەم شاعرە چین ؟

شوان : بەرهەمەکانی زۆر کۆنن وەکو (نەوبەهار) کە فەرهەنگێکی کوردی و عەرەبی یە (عقیدة الایمان) کە نامیلکەیەکی شیعری یە ، بەڵام بەناوبانگترین بەرهەمەکانی داستانی ( مەم و زین )ە ·

زەینەب : ئەم داستانە باسی چی ئەکا ؟

شوان : ئەم داستانە لە پێشەکی یەکەی‌دا باسی باری نەتەوەی کورد ئەکات و دوا بەدوای ئەوە چیرۆکی دڵداری لاوێکی کورد بە ناوی ( مەم ) و کیژۆڵەیەکی کورد بە ناوی ( زین ) ئەگێڕێتەوە کە بە ڕاستی لە ئەدەبی چیرۆکی شعری‌دا نموونەیەکی بەرزە ·

سەمیر : کاکە شوان ئەم گفتوگۆیە ڕەنگە دەرفەتی داخوازی‌یەکم بدات کە دەمێکە ئەمەوێ لە بەرێزتانی بکەم ·

شوان : فەرموو من هەمیشە مل کەچی هەموو داخوازی‌یەکانتانم

سەمیر : ئەمەوێ کورتە باسێکمان دەربارەی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ بکەی ·

شوان : زۆرم پێ خۆشە ئەگەر خوشکە زەینەب و کاك شوکور وەڕس نەبن ·

زەینەب و شوکور : بەپێچەوانەوە ئەوە داخوازی‌ی ئێمەشە ·

شوان : بێ‌گومان ئەبێ ئەم باسە زۆر کورت بێ ، چونکە لێ‌دوان لە زمان و ئەدەبی کوردی کاتێکی زۆری ئەوێ ·

سەمیر : بێ‌گومان ئێمە باسێکی کورت و ئاسانمان ئەوێ ·

شوان : باشە وای لێ ئەکەین ·

## بەشی چوارەم

زەینەب و سەمیر و شوکر بێ‌دەنگ ئەبن و بە پەرۆشەوە

چاو ئەبڕنە دەمی شوان ٠

شوان : (زمـانی کوردی) بە هەمـوو زاراوەکانیـەوە ، بە زمانێکی (ئێرانیی باکووریی ڕۆژئاوایی نوێ) ئەژمێررێت ، لەمەدا لەگەڵ (بلووجی و تالیشی و گێلـەکی و مازەندەرانی)دا یەك ئەگرنـەوە ٠ دابەشکردنی (زمانە ئێرانیـیـە نوێکان) بە ( باکووریی ڕۆژئاوایی ) و ( ڕۆژهەڵاتی ) و ( باشووریی ڕۆژ ئاوایی ) پەیوەندی بەسەر شوێنی جوگرافیی ئەم زمانانەوە نییە، بەڵکو بە پێی جیاوازی ڕێزمانیان (بەتایبەتی لە ڕووی دەنگ و گۆڕینی نـاوو کارەوە) دابەشکراون ٠ هەر بە پێی ئـەم جۆرە دابەشکردنە (زمانی کوردی) لە چوار کۆمەڵە زاراوە پێکهاتووە کە ئەمانەن :

(کوردیی ڕۆژئاوایی) یا ــ کرمانجیی سـەروو ــ ، (کوردیی ڕۆژهەڵاتی) یا ــ کرمانجی خـواروو ــ ، کوردیی باشـووری ، گۆرانی ، و زازایی ٠

زەینەب : بـوونی زاراو لە هەموو زمانێکـدا ڕووداوێکی سروشتییە ، ئەوەی سەرنجم ڕائەکێشێ زاراوەکانی زمانی کوردی لە چاو زاراوەکانی زمانی عـەرەبیدا کەمن ، بەڵام لەو زاراوە کوردییانە کامیان زمانی ڕۆشنبیری و زانستی کوردییە ؟

شوان : ئەتـوانم بڵێـم زاراوەی سـۆرانی کە یەکێـکە لە گرنگترین زاراوەکانی (کوردی ڕۆژهەڵات) زمانی ڕۆشـنبیریو زانستی کوردییە ، بە مەرجێك ئەوە بزانین کە ئەم زاراوەیە لە پەرەسەندن و خەملانـدنیدا (چ لە ڕووی وشە و چ لـە ڕووی ڕێزمانەوە) بە جۆرێکی وا کەڵکی لە زاراوەکانیتر وەرگرتووە ، کە بووە بە زمانی گشتیی نەتەوەی کورد ، بەم زاراوەیە زوربەی

نووسەرانی زاراوەکانی کورد کتێب دائەنێن ٠

زەینەب : واتــە ئەم زاراوەیە بــۆ نەتەوەی کــورد وەکو زاراوەی خێڵی قورەیشە بۆ نەتەوەی عەرەب ٠

شوان : بەڵێ وایە ٠

## بەشی پێنجەم

سەمیر : ئەی ڕێنووسی کوردی ، ئایا نەتەوەی کورد ئەلف و بێیەکی یەکگرتوویان هەیە ؟

شوان : نەخێر لــەم ڕۆژانەدا ئەلف و بێیــەکی نەتەوەیی یەکگرتوومان نییە :

لە عیراق و ئێراندا ئەلف و بێی عەرەبی بەکار ئەهێنن ، لە تورکیا و سوریا ئەلف و بێی لاتینی بەکار ئەهێنن ، لە یەکێتی سۆڤیەتدا ئەلفو بێی ڕوسی بەکار ئەهێنن ٠

## بەشی شەشەم

زەینەب : کاك شوان تۆزێ باسی ئەدەبی کوردیمان بۆ بکە ٠

شوان : ئــەدەبی کورد لە ژێــر سێبەری ئاینــی ئیسلامدا پێشکەوت و خەملا و گەلێ ئەدیبی کورد هەڵکەوتوون و باخچەی ئەدەبی کوردییان بە بەرهەمەکانیان ڕازانۆتەوە وەکو : (مەلای جزیری) هەزار و چوار سەد و حــەوتی زاینی ٠ ( بێسارانی ) هەزار و شەش سەد و چل و یەکی زاینی ٠

سەمیر : ئەی لقەکانی ئەدەبیی کوردی چین ؟

شــوان ئــەگــەر بمانەوێ لقــەکانی ئەدەبی کــوردی بــە پێوانەی زانستیی ڕەخنە بژمێرین ئەتوانین بڵێین ئەدەبی کوردی دوو بەشە :ـ

بەشی یەکەم هۆنراوەیە و بەشی دووەم پەخشانە ، هۆنراوەش لە ئەدەبی کوردیدا چوار لقە :

هۆنراوەی ( وجدانی ) خۆیی و هۆنراوەی داستانی و هۆنراوەی شانۆگەری و هۆنراوەی فێرکردن • پەخشانیش لەم ئەدەبەدا تا بڵێی لق و پۆپی زۆرە چونکە هەموو چەشنەکانی پەخشانی هونەری بە زمانی کوردی هەیە •

وەکو پەندی پێشینان و وتار و نامە و وەرگێڕان و شانۆگەری‌و چیرۆك جگە لەو لقانەش فۆلکلۆری ئەدەبی لە زمانی کوردیدا زۆر دەوڵەمەندە •

## بەشی حەوتەم

زەینەب : ئەرێ کاکە شوان کێش لە هۆنراوەی کوردیدا چۆنە

شوان : لە هۆنراوەی کوردیدا دوو چەشنە کێش بەرگوێ ئەکەوێ :ــ

(١) کێشی عەرووزی عەرەبی‌یە کە زوربەی شاعرە دێرینەکانمان بە دەستکاری‌یەوە هەڵبەستیان پێ هۆنیوەتەوە •

(٢) کێشی خۆماڵی‌یە کە ئاوازەکانی لەسەر بناغەی ژمارەی بڕگە ئەڕۆن ، ئەم چەشنە کێشەیە سەرچاوەی هۆنراوەی هاوچەرخ و بەشێ لە هۆنراوە کۆنەکانی کوردی کلاسی‌یە •

شوکور : ئەی قافیە ؟

هەڵبەستمان هەیە لەسەر یەکێتی قافیە هۆنراوەتەوە ، هەڵبەستمان هەیە بە قافیەی جۆر بە جۆر هۆنراوەتەوە •

## بەشی هەشتەم

شــوان بەڕاستــی ئەدەبی کــوردی هیچ ڕۆژێــك لە ژیانی گشتی‌یەوە دوور نەبووە و ئەدیبی کــورد بیر و هەستی تەرخان کردووە بۆ خزمەتی ژیان ، زۆر شاعرمان هەیە کە هەڵبەستیان بۆ چەسپاندنی بیرو باوەڕی ئاشتی و برایەتی و دۆستایەتی میانی گەلان هۆنیوەتەوە •

بۆ نموونە شاعری کوردی نەمر (فایەق بێکەس) هۆنراوەی داناوە بۆ چەسپاندنی برایەتی کورد و عەرەب و شاعری هاوچەرخ (کامەران موکــری) هۆنراوەیەکی بەرزی هۆنیوەتەوە بــۆ پشت گرتنی خەباتی میللەتی جەزایر •

ڕۆژ نی‌یە لە گۆڤار و ڕۆژنامــە کوردی‌یەکاندا دەربارەی خەباتی گەلی (فەلەستین) وتارمان بەرچاو نەکەوێت •

## بەشی هەشتەم

شوکور : باری ڕۆژنامەگەری‌ی کوردی لە چیدایە ؟

شوان : لەم ڕۆژانەدا ڕۆژنامەگەری‌ی کوردی تا ڕادەیەك لە پەرەسەندندایە ، چونــکە چەند ڕۆژنامەیەك وەکــو ( ژین ) ، (هاوکاری) ، (برایەتی) ، (بیری نوێ) هەروەها چەند گۆڤارێك وەکو (زانیاری) و (نووسەری کــورد) و (ڕۆژی کوردستان) و (بەیان) و دەنگی مامۆستا بە ڕێکوپێکی دەرئەچن •

زەینەب : کاك شوان زۆر سوپاست ئەکەین بۆ ئەم هەموو زانیاری‌یە دەربارەی زمان و ئەدەبی کوردی •

شوان : شایەنی نی‌یە ، ئێمە براین و ئەبێ لە باری یەکتر

ئاگادار بین •

شوکور : درەنگ نی‌یە ؟

زەینەب : ڕاست ئەکەی بەخوا درەنگە بابڕۆین •

شوان : هێشتا زووە •

هەموویان : سوپاس ، ئێوارەی شەممە دوور نی‌یە ، سلاومان بۆ خوشکە جوان و ماڵەوەتان •

شوان ، دەستی یەکە یەکەیان ئەگوشێ‌و تا دەرگای یانەکە بەرێیان ئەکات •

## دەستووری زمان

بەراوردێك لە میانی کوردی و عەرەبی :

| عەرەبی | کوردی |
|---|---|
| ١ ــ الطالب استاذ المستقبل | ١ ــ قوتابی مامۆستای دوارۆژە |
| ٢ ــ جاء ولد | ٢ ــ کوڕێك هات |
| ٣ ــ جاء الولد | ٣ ــ کوڕەکە هات |

## دەستوور :

١ ــ ناوی گشتی لە عەرەبی‌دا ( ال )ی جنسی ئەوێ بەلام لە کوردی‌دا نایەوێ •

٢ ــ « تەنوین » کە لە عەرەبی‌دا نیشانەی ناوی نەناسراوە ، بەرامبەرەکەی لە کوردی‌دا پاشگری تاکی نەناسراوە واتا (ێ ، یێك ، یەك) •

٣ ــ (ال التعريف) له عه‌ره‌بی‌دا به‌رامبه‌ره‌كه‌ی له كوردی‌دا پاشگری ناســراوه واتا (ه‌كه ، كه) ٠

| كوردی | عه‌ره‌بی |
| --- | --- |
| ١ ــ زانكۆی سلێمانی تازه‌یه | ١ ــ جامعة السليمانية حديثة |
| ٢ ــ گوڵه سووره‌كه جوانه | ٢ ــ الوردة الحمراء جميلة |
| ٣ ــ ئه‌مه گوڵێكی سووره | ٣ ــ هذه وردة حمراء |
| ٤ ــ منــاڵه پــاكه‌كان خۆشه‌ویستن | ٤ ــ الأولاد النظيفون محبوبون |

## ده‌ستوور :

١ ــ ناوی (المضاف) له عه‌ره‌بی‌دا كــه ئه‌یگۆڕینه‌وه سه‌ر كوردی پێویستی به ( ی ) په‌یوه‌ندی هه‌یه ٠

٢ ــ ئاوه‌ڵناو له عه‌هره‌بی‌دا له هه‌موو ڕوویه‌كه‌وه وه‌كو ناوه‌كه‌ی پێشه‌وه‌یه‌تی ٠ به‌ڵام له كوردی‌دا هه‌ر خۆی پاشگری ناسراو وه‌رئه‌گرێ ٠

٣ ــ له كوردی‌دا هه‌ر ئاوه‌ڵناو ئامرازی كۆمه‌ڵ وه‌رئه‌گرێ ٠

٤ ــ ناوه‌كه‌ی پێشی ئاوه‌ڵناو له كوردی‌دا ئه‌گه‌ر هات‌و خۆی و ئاوه‌ڵناوه‌كه‌ی تاك بوون پێویستی به ( ی ) په‌یوه‌ندی هه‌یه ، به‌ڵام ئه‌گه‌ر هات‌و كۆ بوون له جیاتی ( ی ) په‌یوه‌ندی ( ه ) دائه‌نرێت ٠

| عەرەبی | کوردی |
| --- | --- |
| ١ ــ هذا الطفل محبوب | ١ ــ ئەم منالە خۆشەویستە |
| ٢ ــ هؤلاء الأطفال محبوبون | ٢ ــ ئەم منالانە خۆشەویستن |

**دەستوور :**

١ ــ ناوی ئیشاری و ناوی دەست نیشانکراو لە عەرەبیدا ئەبێ لە هەموو ڕوویەکەوە وەکو یەك بن بەڵام لە کوردیدا وا نییە بۆ نموونە : هەر ناوی دەست نیشانکراو پیتی کۆ وەرئەگرێ •

**بۆ ڕێنووس :**

مرۆڤ ، تاڤگە ، هەینی ، ڤیان ، لێفە ، لفکە ، فڕۆکە •

## وەرگێـــڕان

### ڕاهێنانی ( ١ )

( ١ )

ئەم ڕستانەی خوارەوە لە کوردییەوە بۆ عەرەبی وەربگێڕە :

١ ــ کچەکە ئەڕوا •

٢ ــ ئەم کتێبە تازانە بخوێنەوە •

٣ ــ کچێك ئەڕوا •

٤ ــ کتێبێکی تازەم کڕی •

٥ ــ کتێبە تازەکەم خوێندەوە •

٦ ـ کۆلێجی زانستی دووره ٠
٧ ـ ئەم کوڕه عەرەبە ٠
٨ ـ قوتابی‌یه زیرەکەکان بەختیارن ٠

( ٢ )

ئەم ڕستانەی خوارەوه له عەرەبی‌یەوه بۆ کوردی وەربگێڕه :

١ ـ جاء ولد ٠
٢ ـ أكتب هذه الدروس ٠
٣ ـ جاء الولد ٠
٤ ـ اشتريت قلماً جديداً ٠
٥ ـ الحياة جميلة ٠
٦ ـ هذه كلية الزراعة ٠
٧ ـ هذا شاب عربي ٠
٨ ـ الرجال الفلاحون سعداء ٠

## ڕاهێنانی ( ٢ )

دەرسەکە بە وردی بخوێنەوه ئەمجا وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوه بدەرەوه :

١ ـ شوان لە کوێ ڕاوەستابوو ؟
٢ ـ بۆچی لە یانەکەدا هیچ دەست نەئەکەوت ؟
٣ ـ هاوڕێکانی شوان چ ئێوارەیەکیان دیاری کرد بۆ بەربانگ کردنەوه لە ماڵی باوکی شوان ؟

٤ ــ بەرهەمەکانی «ئەحمەدی خانی» چین ؟
٥ ــ داستانی «مەم و زین» باسی چی ئەکات ؟
٦ ــ زمانی کوردی بە چی ئەژمێررێت ؟
٧ ــ لە زاراوەکانی زمانی کوردی کامیان زمانی ڕۆشنبیری زانستی کوردییە ؟
٨ ــ ناوی چەند شاعرێکی کورد بژمێرە ٠
٩ ــ کێش لە هۆنراوەی کوردیدا چۆنە ؟
١٠ــ ناوی چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی کوردی بژمێرە ٠

## ڕاهێنانی ( ٣ )

ئەم ڕستانەی خوارەوە ناتەواون ، وشە تەواوکەرەکانیان لە دەرسەکەدان بیاندۆزەرەوە و ڕستەکانیانی پێ تەواو بکە :

١ ــ نم نم ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ئەبارێ ٠
٢ ــ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ئاوێنەی دڵە ٠
٣ ــ پێی ناوێ هەمومان بە ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ وین ٠
٤ ــ کاك شوان ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ لێکۆڵینەوەکەت دەربارەی چییە ؟
٥ ــ من هەمیشە ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ی هەموو داخوازیەکانتانم ٠
٦ ــ بوونی زاراو لە هەموو زمانێکا ڕووداوێکی ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ یە ٠
٧ ــ ئەدەبی کورد لــە ژێر سێبەری ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ی ئیسلامدا پێشکەوت و خەملا ٠
٨ ــ ئەدەبی کوردی دوو بەشە : بەشی یەکەم ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ یە و بەشی دووەم ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ە ٠

٩ـ له هۆنراوەی کوردیدا دوو چەشنه • • • • • • بەرگوێ ئەکەوێ •

١٠ـ ڕۆژ نی‌یه لـه گۆڤار و ڕۆژنامه کوردیـیـەکانا دەربارەی • • • • • • ی گەلی فەلەستین وتارمان بەرچاو نەکەوێت •

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
|---|---|
| نم نم | قطرة قطرة |
| باران ئەبارێ | تمطر |
| نوقولانه لێمەده | لاتتطير |
| وس بن | اسكتوا |
| ویستم | أردت |
| دەی | هيأ |
| له پەنایەکەوه | في ناحية |
| بەربانگ بکەنەوه | تفطرون |
| ئەرکه | تكلف |
| دیاری بکەن | نحدد |
| نەمر | الخالد |
| هاوچەرخ | المعاصر |
| سەده | القرن |
| زایین | الميلادي |
| لەدایك بوو | ولد |
| کۆچی دوایی کردووه | متوفي |
| بەرهەمەکان | انتاجات |
| نامیلکه | الكتيب |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| داستان | الملحمة |
| دڵداری | العشق |
| چیرۆك | القصة |
| ئەگێڕێتەوە | تروي |
| بار | الحالة |
| نەتەوە | الأمة |
| گفتوگۆ | المحاورة |
| مل کەچ | المستجيب |
| داخوازی | الطلب |
| زمان | اللغة |
| کورتە | الخلاصة ـ المختصر |
| وەڕس نەبن | لا تضجرون |
| بە پێچەوانەوە | بالعكس |
| لێدوان لە | التحدث عن |
| زاراوەکان | اللهجات |
| باکووری | الشمال |
| ڕۆژئاوایی | الغربي |
| ئەژمێررێ | تعتبر |
| دابەشکردن | التقسيم |
| باشووری | الجنوبي |
| پەیوەندی | العلاقة |
| سروشتی | الطبيعي |
| لە چاو | بالنسبة |

| واتای وشەکان | معانی الكلمات |
| --- | --- |
| بێچو | الصغير |
| مەرج | الشرط |
| نووسەران | الكتاب |
| خێڵ | القبيلة |
| یەکگرتوو | الموحد |
| یەکێتی | الاتحاد |
| سێبەر | الظل |
| ئاین | الدين |
| گەلێ | كثير |
| باخچە | الحديقة |
| لقەکان | الفروع |
| پێوانە | المقياس |
| ڕەخنە | النقد |
| هۆنراوە | النظم |
| پەخشان | النثر |
| پەندی پێشینان | المثل |
| وتار | المقال |
| نامە | الرسالة |
| وەرگێڕان | الترجمة |
| دەوڵەمەند | الغني |
| کێش | الوزن |
| بەرگوێ ئەکەوێ | يسمع |
| دێرینەکان | الأقدمين |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| خۆماڵ | القومي الخاص |
| هۆنیوەتەوە | نظموا |
| بڕگە | المقطع |
| بەردی بناغە | حجر الاساس ، حجر الزاوية |
| فەرامۆش نەکردووە | لم يهملها |
| بیر | الفكر |
| هەست | الحس |
| چەسپاندنی | تثبيت |
| بیروباوەڕ | العقيدة |
| ئاشتی | السلام |
| دۆستایەتی | الصداقة |
| خەبات | النضال |
| میللەت | الشعب |
| گۆڤار | المجلة |
| ڕۆژنامەگەری | الصحافة |
| ڕادە | المستوى |
| لەباری یەکتر ئاگادار بین | يطلـــع بعضنا عـلى أوضاع البعض |
| بەڕێیان ئەکات | يودعهم |
| بەراورد ئەکا | المقارنة |
| ناوی گشتی | ( الجنس ) |
| مرۆڤ | الانسان |
| تاڤگە | الشلال |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
|---|---|
| کەف | الزبد |
| هەینی | الجمعة |
| لێفە | اللحاف |
| لفکە | الليف |
| فڕۆکە | الطائرة |
| وەربگێڕە | ترجم |
| بنچینە | الاصل |
| بنەماڵە | العائلة |

## شـــاری سـلێمانی

### بەشی یەکەم

زەینەب و شوکور و سەمیر بەرەو شەقامی سەرشەقام ئەڕۆن •

شوکور : بەخوا ئێوارەیەکی ساردە و هەورەکەی سپی‌یە ، لەوە ئەچێ بەفر بباریێ •

سەمیر : هەر باران نەبارێ سـاردیش بێ قەیناکە ، چونکە قوڕ و چڵپاو زۆر ناخۆشە •

شوکور : بە پێکەنینێکەوە ، بەخوا جوتیارێکی باشە •

زەینەب ، گوێ بگرە ئەندازیاری کشتوکاڵیەکەمان حەز بە باران ناکا •

سەمیر : ئەم بوختانە چی‌یە ؟ کەی وتم حەز لە باران ناکەم •

من ئەڵێم ڕقم لە قوڕ و چڵپاوە •

زەینەب : بەسە بەس خۆتان بە باسی باران و بەفر و قوڕ و

چڵپاوەوە خەریك مەکەن ، باماڵەکەتان لێ تێك نەچێ •
شوکور : مەترسە وا گەیشتین ، ماڵەکە هەر وەکوشوان بۆی هەڵداین لەم کۆڵانەدایە •
شوکور : جا بەهۆی زێرابەوە کوا قوڕ و چڵپاو لە سلێمانیدا هەیە ؟
زەینەب : با لەم مامە پیرەیە بپرسین •
شوکور : مامە گیان ، ماندوو نەبی •
مامە پیرە : سەلامەت بی ڕۆڵە گیان •
شوکور : زەحمەت نەبێ ماڵی سەعید بەگی باوکی شوان کامەیە ؟
مامە پیرە : ئەو دەرگا زەردە گەورەیەیە •
سەمیر : خوا ئیمانت باتێ مامە گیان •

## بەشی دووەم

لە پڕ دەرگا زەردە گەورەکە کرایەوە و شوان هات بەرەو پیری هاوڕێکانی •
شوکور : بە پێکەنینەوە ، کاکە شوان وا دیارە جادووگەری ، چۆن زانیت کە ئێمە لەبەر دەرگاکەتاناین •
شوان پێکەنی و وتی : جادوگەری چی ؟ لە پەنجەرەی سەرەوە تەماشای ڕێگاکەم ئەکرد ، فەرموون ، فەرموون با بچینە ژوورەوە • شوان پێش هاوڕێکانی کەوت و بردنیە ژووری میوان •
زەینەب : کاکە شوان وا بزانم دوانەکەوتین ، هێشتا بانگی

نەداوە •

شوان : نەخێر ، دوانەکەوتوون ، کاتێکی باشە یاخوا بەخێربێن •

زەینەب : کاکە شوان دیارە جوان لە موبەقە خەریکی چێشت لێنانە •

شوان : وا بزانم •

شوکور : یاخوا لە موبەق بێ ، با خواردنی خۆشمان بۆ ئامادە بکا •

هەموویان پێ ئەکەنن •

سەمیر : ئەی باوکت بۆ دیار نەبوو ؟

شوان : باوکم لە مزگەوتە ، هەتا نوێژی جەماعەت نەکا بەربانگ ناکاتەوە •

سەمیر : ئەمە خوویەکی باش و پەسەندە •

## بەشی سێیەم

دەرگای ژووری میوان کرایەوە و جوان و کەیبانوویەك هاتنە ژوورەوە ، هەموو هەڵئەستن •

جوان بەخێر هاتنیان ئەکات و ئەڵێت : ئەمەش دایکمە •

دایکی شوان دەستی میوانەکان یەکە یەکە ئەگوشێ و دائەنیشێ •

دایکی شوان : جوان وا من لەگەڵ هاورێکانت دانیشتووم تۆ برۆ بەلای ئیشەکانتەوە •

جوان داوای لێبوردن ئەکا و ئەچێتە دەرەوە •

زەینەب : دایکی شوان بەخوا ئەمڕۆ باش زەحمەتمان‌دان ٠

دایکی شوان : ڕۆڵە گیان زەحمەتی چی ، ماڵ ماڵی خۆتانە ، ئێوەش یەکێکن وەکو جوان و شوان ٠

شوکور : ماڵتان ئاوابێ و خوا جوان و شوانتان بۆ بهێڵێ ٠

ئا لەم کاتەدا بانگی‌دا ٠

جوان هات و وتی : وا بانگی‌دا فەرموون نان ئامادەیە ٠

هەموو هەڵئەستن و بەرەو ژووری نان خواردن ئەڕۆن ٠ مێزێکی گەورەیە بە هەموو چەشنە خواردەمەنیەك لە خواردن و میوە و شیرینی ڕازێنراوەتەوە ٠ هەر یەکەی لەسەر کورسی‌یەك دائەنیشێ ٠

دایکی شوان : شەرم مەکەن ، ماڵ ماڵی خۆتانە ٠

شوکور : سوپاستان ئەکەین ، شەرم ناکەین ، چونکە برسیمانە ئەوەی برسی‌ی بێ ئەگەر خواردەمەنی دی هەرگیز شەرم ناکا ٠

هەموویان پێ‌ئەکەنن و دەست ئەکەن بە خواردن ، کە لە خواردن بوونەوە گەڕانەوە ژووری میوان ٠

## بەشی چوارەم

شوان هەروەکو بزانم کەستان جگەرە ناکێشن ٠

کۆڕەکە : ڕاست ئەکەی ٠

دەرگای ژووری میوان ئەکرێتەوە ، باوکی شوان دێتە ژوورەوە ، پیاوێکی کەڵەگەت و چوارشانەیە ، تەمەنی لە پەنجا ساڵ بەرەو ژوورترە ، تازە سەر و ڕیشی ماش و برنج بووە ، هەموو لەبەری هەڵئەسن ٠ باوکی شوان بە گەرمی یەکە یەکە

دەستیان ئەگوشێ و زۆر بە پەرۆشــەوە بەخێرهاتنیان ئەکا و ، هەموو دائەنیشن ٠

باوکی شوان : بە هاتنتان زۆر دڵخۆشم ٠ جوان و شوان زۆر باسی ئێوەیـــان بۆ کردووم ، دەمێــکە حەزم ئەکرد چـاوم پێتان بکەوێ ، ئێوەش وەکو جوانو شــوان ڕۆڵـەی منو سلێمانیش شاری خۆتانە ٠

کۆڕەکە : زۆر سوپاست ئەکەین ، هەر بژیت و خوا شاری سلێمانی هەمیشە ئاوەدان بکات ٠

شوان : بابە گیان، هێشتا ڕۆژووەکەت نەشکاندووە، فەرموو بچۆ بەربانگ بکەرەوە ٠

شوکور : مامە گیان ، کاکە شوان ڕاست ئەکا ، فەرموو ئێمە بێگانە نین ٠

باوکی شــوان هەڵئەسێ و ئەڵێ : بەیارمەتی ئێــوە ئێستا ئەگەڕێمەوە بۆ لاتان ٠

شوکور : کاکــە شوان تەندروســتی باوکت زۆر باشــە و بەدەماغە ئەڵێی لاوە ٠

شوان : سوپاس بۆ یەزدان ، تەندروستیی باشە ، چونکە زۆر پارێزگاری خۆی ئەکات و بەتەنگ خواردن و نووستنی خۆیەوە دێ ٠ ئەوەش بزانە کە لە کاتی خۆیدا ئەفسەر بووە ٠

زەینەب دەست درێژ ئەکا بۆ وێنەیەکی هەڵواسراو و ئەڵێت : بەم وێنەیەدا دیارە باوکت ئەفسەر بووە ٠

سەمیر : دیارە کە باوکتان لە ژیانی لەشکریدا زۆر شارەزایی هەیە ٠

شوان : باوکم زۆر حەز لە خوێندنەوە ئەکا ، کتێبخانەیەکی گەورەی هەیە ٠

شوکور : دیارە تۆش لە باوکت ئەچی ، بۆیە حەز لە ئەدەب و ڕۆشنبیری ئەکەی ٠

شوان : ڕاست ئەکەیت هەر ئەو بوو پاڵی پێوەنام بۆ هەڵبژاردنی بەشی زمانو ئەدەبی کوردی ٠

زەینەب : کەوابوو ئەمشەو سوودێکی باش لە زانیاریەکانی باوکت وەرئەگرین ٠

جوان دێتە ژوورەوە و ئەڵێت : بێگومان حەز لە گۆرانی و ئاوازی کوردی ئەکەن ٠

شوکور : ڕاست ئەکەیت ، من بە ناوی هەموویانەوە داوای گۆرانییەکی حەسەن زیرەك ئەکەم ٠

جوان : باشە بەسەر چاو شریتێك لە گۆرانیەکانی حەسەن زیرەکمان هەیە ٠

جوان ریکۆردەرەکەی کردەوە و دەنگە خۆشەکەی حەسەن زیرەك بەرز بۆوە ٠ هەموویان گوێیان بۆ گۆرانیەکانی شل کردبوو لە پاش ماوەیەك باوکی شوان هاتەوە بۆ لایان و لە نزیك زۆپاکەوە دانیشت و وتی : ئەمشەو شەوێکی ساردە ٠

زەینەب : ڕاست ئەفەرموویت شەوێکی زۆر ساردە ، دیارە کە سلێمانی ساردترین شارە لە عێراقدا ٠

باوکی شوان زەردەخەنە ئەیگرێ و ئەڵێ : نەء کچی شیرینم شاری سلێمانی لە چاو شار و دێهاتی ناوچەی کوردەواریدا سارد نییە ، ئەی ئەگەر بچنە ناوچەی پێنجوێن و گەلاڵە و زاخۆ چی ئەڵێن ٠ شاری سلێمانی ئەگەر لە زستاندا ڕەشەباکەی نەبێ

گەرمترین شارە • ئەوانەی شوێنی ئـەم شارەیان هەڵبژاردووە ئەوەیان لێکداوەتەوە •

سەمیر چرپانی بە گوێی شواندا وتی : باوکت باسێکی باشی هێنایە کایەوە بۆ دەمە تەقێی ئەمشەو ، بەڕاست حەزئەکەم شتێك دەربارەی مێژووی سلێمانی بزانم •

شوان ڕوو ئەکاتە باوکی و ئەڵێ : بابە گیان ئەزانی کاك سەمیر چی چرپان بە گوێمدا ؟ ئەیەوێ باسی مێژووی سلێمانی بۆ بکەی •

باوکی شوان : من ئامادەم بەو مەرجەی بەم باسە خۆشحاڵ بن •

هەموویان : زۆرمان پێخۆشە ، ئەگەر زەحمەت نی یە •

باوکی شوان : زەحمەتی چی ئەوە پێویستی سەرشانمە •

هەموویان : هەربژیت زۆر سوپاست ئەکەین •

بـاوکی شـوان : شـاری سـلێمانی کەوتۆتـە ناوچـەی شارەزوورەوە ، ئەم ناوچەیەش لە مێژەوە مەڵبەندی شارستانێتی و فەرمان ڕەوایی نەتەوەی کورد بووە ، چەندەها میرنشینی کوردی تیا دامـەزراوە • یەکێك لـەم میرنشینانە میرنشـینی بابانەکان بووە • پایتەختی بابانەکان لە سەرەتاوە دارەشمانو مەرگە بووە لەپاشا گواستراوەتەوە بۆ شاری (قەڵا چوالان) ، قەڵا چوالان هەر لەکاتی دارەشـمانەوە کـراوە بەپایتەختی میرنشـینی بابان ، بەڵام ئەم پایتەختە لە سەردەمی سلێمانی بەبە لە ساڵی ١٦٧٧ی زاینی پەرەی سەند و پێشکەوت بوو بە مەشخەڵی خوێنەواری و شارستانێتی • گەلێـك قوتابخانەی بەرزی تێدا بـووە و گەلێك مامۆستای بەنـاوبانگ و لێهـاتوو لەو قوتابخانانـە دەرسیان وتۆتەوە ، بۆیە لە هەموو لایەکەوە قوتابیان بە دوای خوێندن و

فێربوون و زانستی ڕوویان تێ‌کردووه ، بەم جۆرە قەڵا چوالان پڕ بــووە لــە مزگــەوت و قوتابخــانە ، کتێبخانــەی بابانەکان بەناوبانگترین کتێبخانە بووە کە لە کاتی خۆی‌دا هەرچی کتێبی دەست خەت و نووسراوەی عــەرەبی و فارسی بووە تێ‌دا دەست کەوتووە ، هەر مزگەوتێك لە مزگەوتەکانی قەڵا چوالان زانایەکی ئاینی بە سەرەوە بووە کە بە ئەرکی پێش نوێژ و دەرس وتنەوە لە ڕێی خوا و زانستا هەستاوە • کۆمەڵێك لە زانای گەورە و بلیمەت لە قەڵا چــوالان پەیابوون وەك مەلا محەممەدی غــەزایی و شێخ جەلالی گوڵعەنبــەری و مەلا محەممەدی گوڵانی و مــەلا صاڵحی تەڕەماری کە مامۆستای مەولانا خالد بووە •

کە برایم پاشا ساڵی ۱۷۸۳ی زاینی بوو بە فەرمانڕەوای میرنشینی بابانەکان بڕیاری‌دا پایتەختێکی نوێ بنیات بنێ ، لە ساڵی ۱۷۸٤ی زاینی‌دا شاری سلێمانی‌ی بنیات نا و پایتەختەکەی لە قەڵاچوالانەوە گواستەوە بۆ ئەم شارە نوێ‌یە •

شوکور : مامە گیان قسەکەت لە دەما بە شەکر بێ ، ئەگەر ڕێگام ئەدەی پرسیارێکم هەیە •

باوکی شوان : فەرموو ڕۆڵەکەم فەرموو •

شوکور : هــەر وەکو فەرمــووتان قــەڵا چــوالان شارێکی پێشکەوتوو بــووە ئەی بۆچی برایم پاشای بابان چــۆڵی کرد و پایتەختەکەی گواستەوە بۆ سلێمانی ؟

باوکی شوان : میرنشینی بابانەکان لەسەردەمی برایم پاشادا زۆر پەرەی سەند و پێویستی بە پایتەختێکی فراوان و قایم بووە ، ناوچەی شاری سلێمانی ئەم مەبەستە ئەهێنێتە دی ، چونکە بریتی‌یە لە دەشتایی‌یەکی نیمچــە تەخت و زۆر فراوان و پڕ لــە کانی و

کارێزەکانی‌تر ، ئەوە چەمی چەقچەق و ئاوی سەرچنار . ئەوە چەمی تانجەرۆ • لە ڕووی ستراتیجیشەوە بەرامبەر بە لەشکری عوسمانی ئەوە زنجیرە شاخەکانی ناوچەی قەرەداغ و گڵەزەردە تا ئەگاتە دەربەندی بازیان ، بەرامبەر بە لەشکری عەجەمیش ئەوە لە دوورەوە شاخی هەورامان و شاخەکانی ناوچەی شارباژێڕ تا ئەگاتە شاخی ئەزمڕ و گۆیـژەی سلێمانی • لـە ڕووی ڕێگای بازرگانی و هاتو چۆوە لە ناوەند ڕێگاکانی (ئەستەمبوڵ ، موصل، کەرکوك ، شارەزوور) و (بەغدا ، کەرکووك ، شارەزوور) •

شوان : بابە گیان ڕاست ئەفەرمووی ، بۆیە ئەتوانم بڵێم ئەم هۆیانەی هەڵبژاردنی ناوچەی سلێمانی نیشانەی تێگەیشتنی برایم پاشا بووە ، چونکە کە شاری سلێمانی لەم ناوچەیەدا بنیات نرا بە هەنگاوی فراوان پەرەی سەند و بوو بە پایتەختێکی وا کە تا ئێستا سەرچاوەی ڕۆشنبیری و خوێنەواری کوردی‌یە •

باوکی شوان : بەڵێ ڕۆڵە ڕاست ئەکەی ، چونکە لە مێژەوە تا ئیمڕۆ گەلێ پیاوی گەورەی کورد لەم شارەدا هەڵکەوتوون : لە مەیانی فەرمانڕەوایی و زانیاری وەکو شێخ مەحمودی نەمر ، لە مەیانی ڕۆشنبـیری و زانستی وەکو مێژووشـوناسی بەناوبانگ محەممەد ئەمین زەکی و مامۆستا ڕەفیق حلمی و شاعران پیرەمێر و فایەق بێکەس‌و عەبدوڵڵا گۆران •

## بەشی حەوتەم

ئا لێرەدا دەرگای ژووری میوان کرایەوە و دایکی شوان بە خۆیی و سینی‌یەکی گەورەوە هاتە ژوورەوە و وتی :

ببوورن قسەکەشم پێ بڕین • باوکی شوان سەیری سینی‌یەکەی

دەستی دایکی شوان ئەکا و ئەڵێ :ـ

فەرموو ، قەیناکە سینی‌یەکەت پەیوەندی بە باسەکەمانەوە هەیە ، هەموویان پێ ئەکەنن و دایکی شـــوان سینی‌یەکەی لەسەر مێزەکە دانا و دانیشت •

زەینەب : ئێمە زۆرمان خواردووە ئیتر ئەم سینی‌یە بۆچی ؟

باوکی شوان : هەر وەکو وتم ئـــەم سینی‌یە پەیوەندی بە باسەکەمانەوە هەیە ، چونکە مێژووی شاری سلێمانی لە ڕووی خواردەمەنی‌ی فۆلکلـــۆری‌یەوە تەواو ئەکا ، لەسەر ئـــەم سینی‌یە چەند شتێك لە خواردنی کوردەواری هەیە ، ڕەنگە لە ناوچەکانی تری عیراقدا نەبێ •

هەموویان چاویان بڕی‌یە سینی‌یەکە و باوکی شوان هەستایە سەر پێ و بەرەو لای سینی‌یەکە ڕۆیشت ، دەستی کرد بە پێناسینی قاپەکانی سەر سینی‌یەکە و وتی :ـ

ئەمە باسوقە ، ئەمە سنجووقە ، ئەمە دۆشاوی ترێ‌یە ، ئەمە بەهێی پیشـــاوە ، ئەمە چەقالەیە ، ئەمە قەزوانە ، ئەمـــە مێوژە ڕەشکە و مێـــوژە ســـوورکەیە ، ئەمـــە لەتـــکەی قـــۆخ و لەتکەی هەرمێ‌یە •

جوان : باوکم ئـــەم شتانەی پێناسین ، بەڵام تـــا نەیانخۆن نازانن چین •

هەموویان پێ ئەکەنن و دەست ئەکەن بە خواردن ، لە هەمان کاتا دەنگی دەهۆڵو زووڕنای کوردی لـــە ڕیکۆردەکەوە بـــەرز بۆوە •

## بەشی هەشتەم

شوكور : بەڕاستی ئەم خواردنە كوردەواری‌یانە زۆر بەلەزەت و خۆشن ، بەڵگەشم بۆ ئەمە ئەوەیە كە گشت قاپەكان بەتاڵ بوون •

هەموویان پێ‌ئەكەنن •

سەمیر : كاك شوكور بێ‌گومان خواردنێكی بەلەزەت و خۆشە ، چونكە میللەتی كوردی دۆستمان دروستی كردووە •

باوكی شوان : سوپاستان ئەكەین •

سەمیر ڕوو ئەكاتە باوكی شوان و ئەڵێ : جا بۆ ئەوەی خواردنی فۆلكلۆری عەرەبی بچێژن هیوادارم كە لە پشووی بەهار! سەرێك لە شاری بەسرە بدەن ، ئێمەش لە خزمەتتانا ئەبین •

باوكی شوان : خزمەت لەئێمەوە ، بەڕاستی بەش بە حاڵی خۆم شاری بەسرەم نەدیوە و دەمێكە حەز ئەكەم بیبینم ، پشت بە خوا هەوڵ ئەدەم سەرتان لێ‌بدەم •

زەینەب تەماشای جوان و شوان ئەكا و ئەڵێ : ئێمە ئەمانەوێ بڕیار بدەین بۆ ئەوەی كە لە جەژن‌دا چووینەوە مژدە بە ماڵەوە بدەین •

جوان : دایە گیان وا نی‌یە ؟

دایكی شوان : بەڵێ وایە •

سەمیر : سوپاستان ئەكەین بۆ ئەم بڕیارە •

باوكی شوا ن: كورد و عەرەب بران ، براش ئەبێ سەر لە برای خۆی بدات بۆ ئەوەی لە نزیكەوە یەكتر بناسن •

شوكور : ئەمە ڕاستە •

سەمیر : وا بزانم كات درەنگە ، با بیكەین بە شەو •

دایکی شــوان : ڕۆڵــە گیان هێشــتا زووە ، ڕەمــەزانە ، شەقامەکان قەرەباڵغن •

زەینەب و سەمیر و شوکور هەڵئەسن و ئەڵێن :

سوپاستان ئەکەین ، دانیشن بەخێر ، هەمیشەماڵتان ئاوابێ •

دایکی شوان و جوان و شوان هەتا دەرگای دەرەوە بەڕێیان ئەکەن و بە گەرمی خوا حافیزیان لێ ئەکەن •

## دەستووری زمان :ــ

| | |
|---|---|
| کێشان | سووتان |
| کوشتن | فرۆشتن |
| کڕین | فڕین |
| چاندن | مردن |
| بوون | چوون |

تریێکەم کێشا

تریێکەت کێشا

تریێکەی کێشا

تریێکەمان کێشا

تریێکەتان کێشا

تریێکەیان کێشا

من چووم

تۆ چووی

ئەو چوو

ئێمە چووین

ئێوە چوون

ئەوان چوون

## دەستووری چاوگ و کرداری ڕابووردوو :

١ ـ هەموو چاوگێـك لە کوردیدا بـە یەکێك لـەم پاشگرانەی خوارەوە کۆتایی دێ :

( آن ) ، ( ین ) ، ( تن ) ، ( دن ) ، ( وون ) •

٢ ـ کرداری ڕابوردووی لە چاوگی کرتێنراو و جێناوی کەسی لکاو دروست ئەکرێ وەك :

### ا ـ تێپەڕ :

| چاوگ | چاوگی کرتێنراو | | جێناوی کەسی لکاو | | کرداری ڕابوردووی تێپەڕ |
|---|---|---|---|---|---|
| خواردن | خوارد | + | م | = | من خواردم |
| = | = | + | مان | = | ئێمە خواردمان |
| = | = | + | ت | = | تۆ خواردت |
| = | = | + | تان | = | ئێوە خواردتان |
| = | = | + | ی | = | ئەو خواردی |
| = | = | + | یان | = | ئەوان خواردیان |

١ ـ ئەم جێناوانە لەگەڵ کرداری تێپەڕ دێن •

٢ ـ ئەگەر مفعول بە لـە ڕستەکەدا بوایە ، جێنـاوەکانی پێوە ئەلکێنرا وەکو : نانم خوارد •

ب ـ تێنەپەڕ :

| چاوگ | چاوگی کرتێنراو | جێناوی کەسی لکاو | | | کرداری ڕابوردووی تێنەپەڕ |
|---|---|---|---|---|---|
| چوون | چوو | + | م | = | من چووم |
| = | = | + | ین | = | ئێمە چووین |
| = | = | + | ی، یت | = | تۆ چووی، چوویت |
| = | = | + | ن | = | ئێوە چوون |
| = | = | + | / | = | ئەو چوو |
| = | = | + | ن | = | ئەوان چوون |

ئەم جێناوانە لەگەڵ کرداری تێنەپەڕ دێن •

بۆ خوێندنەوە :

ڕۆژنامەیەکی کوردی هەڵبژێرە و یەکێك لە وتارەکانی لە دەفتەرەکەتا ڕوونووس بکە •

## ڕاهێنانی ( ١ )

دەرسەکە بە وردی بخوێنەوە ئەمجا وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە :

١ ـ بۆچی شوکور وتی لەوە ئەچێ بەفر بباریٚ ؟
٢ ـ شوان چۆن زانی هاوڕێکانی وان لەبەر دەرگا ؟
٣ ـ بۆچی باوکی شوان هێشتا نەگەڕابۆوە ؟
٤ ـ سفرەکە بەچی ڕازێنرابۆوە ؟
٥ ـ باوکی شوان پیاوێکی چۆن بوو ؟

٦ ـ شاری سلێمانی کەوتۆتە چ ناوچەیەکەوە ؟
٧ ـ پێش شاری سلێمانی چ شارێك پایتەختی بابانەکان بوو ؟
٨ ـ کەی شاری سلێمانی بنیات نرا ؟
٩ ـ بۆچی برایم پاشا قەڵا چوالانی چـۆڵ کرد و پایتەختەکەی گواستەوە بۆ سلێمانی ؟
١٠ـ ئەو شتانەی سەر سینی‌یەکە چی‌بوون ؟

## ڕاهێنانی ( ٢ )

ئەم ڕستانەی خوارەوە لە ڕووی ڕێکخستنی وشەوە هەڵەن ، لە دەرسەکەدا بیانـدۆزەرەوە و هەڵەکانیان ڕاسـت کەرەوە ، ئەمجا بە شێوەیەکی ڕاست بیان‌نووسەرەوە :

١ ـ ئەڕۆن بەرەو گەڕەکی سەرشەقام زەینەب و شوکور و سەمیر ٠
٢ ـ بگرە گوێ ٠
٣ ـ چی‌یە ئەم بوختانە ٠
٤ ـ نەبوو دیار باوکت ٠
٥ ـ دایکی شوان ئەگوشێ دەستی میوانەکان یەکە یەکە ٠
٦ ـ کە بوونەوە لە خواردن گەڕانەوە ژووری میوان ٠
٧ ـ نین ئێمە بێگانە ٠
٨ ـ بوو گەلێك قوتابخانەی بەرزی تێدا ٠
٩ ـ بەرز بۆوە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنای کوردی لە ڕیکۆردەرەکەوە
١٠ـ قەرەباڵغن شەقامەکان ڕەمەزانە ٠

## ڕاهێنانی ( ٣ )

( ا )
دەربارەی کاتەکانی کرداری ڕابوردوو •
( ب )
ڕوواوە ، ڕووا بوو ، ئەڕوا ، بڕوایە •
دە تۆش ئەم کردارە ڕابوردووانـــەی خوارەوە وەك وێنەی ( ب )یان لێ بکە :
خوێندن ، نووسی ، هات ، ڕۆیشت ، دەرچوو •

## ڕاهێنانی ( ٤ )

ا ــ نووستن •
ب ــ نووســـتم ، نووستین ، نووســـتیت ، نووســـتن ، نووست ، نووستن •
دە تۆش لەم چاوگانەی خوارەوە وەکو وێنەی ( ب ) کرداری ڕابوردوو دروست بکە :
هاتن ، بوون ، پێشکەوتن ، گریان ، پێکەنین •

## ڕاهێنانی ( ٥ )

کام بۆشایی لەم ڕستانەی خوارەوە پێویستی بە جێناوێکی گونجاو هەیە پڕیکەرەوە :
١ ــ پیاوەکان چوو • • • • • • • •
٢ ــ ئێمە ناخ • • • • • • • •

٣ ــ ئاسۆ هەڵبەستەکە . . . . . . . . خوێندەوە .
٤ ــ وڵاتەکەمان پێشکەوت . . . . . . . . . . . .
٥ ــ گەڵاکان وەری . . . . . . . . . .
٦ ــ جووتیارەکە ئامادە بوو . . . . . . . . . .
٧ ــ مامۆستاکان قوتابیەکان . . . . . . . ئامۆژگاری کرد .
٨ ــ ئێوە سەرکەوت . . . . . . . . .

## ڕاهێنانی ( ٦ )

ا ــ کڕین .
ب ــ کڕیم ، کڕیمان ، کڕیت ، کڕیتان ، کڕی‌یان .

ده تۆش لەم چاوگانەی خوارەوە وەکو وێنەی ( ب ) کرداری ڕابوردوو دروستکە :

فرۆشتن ، کێڵان ، نەمام ، چاندن ، شکاندن ، گرتن .

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
|---|---|
| هەور | السحاب |
| بەفر | الثلج |
| قوڕوچڵپاو | الوحل |
| ئەندازیار | المهندس |
| بوختان | الاتهام |
| ڕق | الكراهية |
| هۆ | السبب |
| زێراب | المجاري |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| با ماڵەکەتان لێ تێك نەچێ | لئلا تضيع عليكم الدار |
| کۆڵان | الزقاق |
| بۆی هەڵداین | وصفه لنا |
| زەرد | الأصفر |
| جادووگەر | الساحر |
| پەنجەرە | الشباك |
| بانگی نەداوە | لم يؤذن |
| موبەق | المطبخ |
| خواردەمەنی | الطعام |
| کەیبانوو | السيدة |
| دایك | الأم |
| لێبوردن | العفو |
| ڕۆڵە | الولد ( للمذكر والمؤنث ) |
| میوە | الفواكه |
| شیرین | الحلويات |
| برسیمانە | جائعون |
| کەڵەگەت | طويل القامة |
| چوارشانە | الممتليء |
| تەمەن | العمر |
| ماشوبرنج بووە | خالط البياض والسواد |
| ئاوەدان | ليعمر |
| بە دەماغ | الحيوي |
| پارێزگاری خۆی ئەکا | يحافظ على نفسه |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
|---|---|
| بە تەنگ . . . . دێت | يعني |
| نوستن | النوم |
| ئەفسەر | الضابط |
| شارەزایی | الخبرة |
| لەشکری | العسكرية |
| پاڵی پێوەنام | دفعني ،حشني |
| ساردترین | الأبرد |
| ڕەشەبا | عاصفة خاصة بمنطقة السليمانية باردة في الشتاء وحارة في الصيف |
| ئەوەیان لێکداوەتەوە | احتسبوا لذلك ، حللوه |
| چرپانی بە گوێی شواندا | همس في اذن شوان |
| مێژوو | التأريخ |
| مەڵبەند | الحاضرة ، السقع |
| فەرمان ڕەوایی | الحكم ، الادارة |
| میرنشین | الامارة |
| پایتەخت | العاصمة |
| مەشخەڵ | المشعل |
| لێهاتوو | المتمكن ، القدير |
| دەست خەت | المخطوط |
| نووسراو | المدون ، المكتوب |
| پێش نوێژی | الامامة |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| بلیمەت | العبقري |
| فەرمانڕەوا | الحاكم |
| بنیات نا | بنى |
| چۆڵی کرد | هجرها |
| قایم | الحصين |
| نیمچە تەخت | نصف سهلية |
| کانی | العين |
| جۆگە | الجدول |
| چەم | النهير |
| زنجیرە | السلسلة |
| دەربەند | المضيق |
| بازرگانی | التجارة |
| نیشانە | العلامة |
| تێگەیشتن | الفهم والادراك |
| هەڵکەوتوون | نبغوا |
| قاپ | الصحون |
| ترێ | العنب |
| دۆشاوی ترێ | عصير العنب |
| بەهێ | السفرجل |
| هەرمێ | العرموط |
| قۆخ | الخوخ |
| بەهار | الربيع |
| پشت بەخوا | بعون الله |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| جەژن | العيد |
| مژده | البشرى |
| درەنگ | المتأخر |
| چاوگ | المصدر |
| کردار | الفعل |
| ڕابوردوو | الماضي |
| کرتێنراو | المرخم |
| جوان | جميل |
| ڕوو نووس بکە | استنسخ |
| ڕوا | نبت |
| دەرچوو | نجح |
| گریان | البكاء |
| کێڵان | الحرث |
| نەمام چاندن | غرس |
| گرتن | القبض |
| ئەندامێتی | العضوية |

## کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار

### بەشی یەکەم

لە بەردەمی کۆلێجی زانستیدا دوو ئوتومبێل لە ئوتومبێلەکانی زانکۆ ڕاوەستاون، کۆمەڵێك لەقوتابییان دەوریان لەئوتومبێلەکان داوە ، فەیروز تێئەپەڕی ، تەماشای قوتابییەکان ئەکاو زەینەب

ئەبینێ • ئەچێ بۆ لای و بە گەرمی چۆنی و چاکی لەگەڵ ئەکا .

فەیروز : خوشکە زەینەب ڕەنگە نەمناسیتەوە •

زەینەب : چۆن نات‌ناسمەوە ، تۆ فەیروز نیت کە لە ئاهەنگەکەی کۆلێجی کشتوکاڵدا یەکمان ناسی •

لە دەرسەکانتا چۆنی ؟

فەیروز : زۆر باشم، ئەی هاوڕێکانمان چۆنن، تەندروستی‌یان باشە ؟

زەینەب : بەڕاستی دەمێکە جوان‌و شوکور و شوانم نەدیوە ، چونکە بەهۆی کۆشش و تاقیکردنەوەوە ناپەرژێم سەریان لێ بدەم• بەڵام سەمیری مامم باشە •

فەیروز : من هەندێ جار کاك سەمیر ئەبینم و ڕەنگە لە مانگی ئایندەدا پێکەوە بچین بۆ بەکرەجۆ •

زەینەب : زۆر باشە ، ئەی توخوا کاك ئەدمۆن چۆنە ؟

فەیروز : بەسەر پێرێ پێکەوە بووین ، یادی شەوی ئاهەنگەکەمان کردەوە ، زۆر حەز ئەکا بتبینێ •

زەینەب : بەڕاستی شەوێکی خۆش بوو •

فەیروز : ئەوە بۆ سەیران ئەچن ، وا خۆتان لێ گورج کردووە ؟

زەینەب : نەبەخوا ، بەم زستانە سەیرانی چی ، ئەچین بۆ تەماشا کردنی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار •

فەیروز : باشە سەرکەوتوون ، با بڕۆم درەنگە تۆشم دواخست •

زەینەب : بۆچی دوات خستم ، خۆ هێشتا مامۆستاکەمان

نەهاتووە ، ئەزانی مامۆستاکەمان کێیە ؟

فەیروز : کێیە ؟

زەینەب : دکتۆر حەیدەرە ، ئەوەی کە شەوی ئاهەنگەکە لەگەڵمانا دانیشتبوو ·

فەیروز : توخوا ؟ بە ڕاستی پیاوێکی باشە ·

زەینەب : بەخوا ڕاست ئەکەی ·

فەیروز دەستی زەینەب ئەگوشێ و ئەڕوا ·

## بەشی دووەم

زەینەب تەماشای کاتژمێرەکەی ئەکا و ئەڵێ : کات هەشت و بیست و پێنج دەقیقەیە ، پێنج دەقیقەی ماوە ، لە دوورەوە دکتۆر حەیدەر دەرئەکەوێ‌و قوتابی‌یەکان ئەچن بەپیریەوە ·

دکتۆر حەیدەر : وا بزانم لە کاتی خۆیا گەیشتم ، گوێ بگرن ئێوە پەنجا قوتابین ، بە من و کاك جوامێری یاریدەدەرەوە ئەبین بە پەنجا و دوو کەس هەر بیست و شەشمان بۆ ئوتومبێلێك ، فەرموون سەرکەون ·

قوتابی‌یەکان دابەش ئەبن بەسەر دوو ئوتومبێلەکەدا، زەینەب بە ڕێکەوت لە ئوتومبێلەکەی دکتۆر حەیدەردا سوار ئەبێ لە نزیکیەوە دائەنیشێ · ئەمجا ئوتومبێلەکان ئەکەونە ڕێ ·

دکتۆر حەیدەر دەست ئەکا بە قسەکردن لەگەڵ قوتابی‌یەکانی دەوروپشتیا و ئەڵێ :

لە شاری سلێمانی‌دا سێ کارگەی میری هەیە :ــ

یەکەمیان ــ کارگەی چیمەنتۆی سەرچنارە کەوا ئێستا ئەچین

بۆ تەماشا کردنی ٠

دووەمیان ـ کارگەی جگەرەیە ٠

سێیەمیان ـ کارگەی شەکرەکەیە ٠

قوتابییەك : ئەم سێ کارگەیە لە سلێمانیدا شتێکی باشە ٠

دکتۆر حەیدەر : بەلام دەرفەتێکی فراوانتر لە شاری سلێمانیدا هەیە بۆ پیشەسازی ، چونکە کەرەستەی جۆر بە جۆر لەم شارەدا بە ئاسانی و هەرزان دەست ئەکەوێ وەکو کەرەستەی شووشە سازی و کەرەستەی سابوون سازی و کەرەستەی پیشەسازی قورس ٠

ئوتومبێلەکە نزیکی کارگەی جگەرەکە ئەبێتەوە ٠

زەینەب : وابزانم ئەمەیە کارگەی جگەرە ٠

قوتابییەکی کورد: بەڵێ خۆیەتی و پاش ماوەیەکی ترکارگەی شەکرەکەش لە دوورەوە ئەبینی ٠

قوتابییەك دکتور بەرنامەی سەردانەکەمان لە کارگەی چیمەنتۆکە چییە ؟

دکتۆر حەیدەر : سەر لە لابۆری کارگەکە ئەدەین و چۆنیەتی بەرهەم هێنانی کارگەکەتان بۆ ڕوون ئەکەمەوە ، ئەمجا لەگەڵ بەڕێوەبەری کارگە کۆئەبینەوە ٠

قوتابییەك : بەڕاستی بەرنامەیەکی بەکەڵکە ٠

ئوتومبێلەکە بەلای کارگەی شەکرەکەدا تێئەپەڕێ ، قوتابییەکان تەماشای ئەکەن پاش ماوەیەك دووکەڵی کارگەی چیمەنتۆکە دەرئەکەوێ ٠

قوتابییەك : سەیرکەن وا گەیشتینە سەرچنار ٠

قوتابی‌یه‌کی کورد : ئه‌مه خانووی فه‌رمانبه‌ران‌و کرێکارانی کارگه‌که‌یه ، ئه‌مه‌ش ئوتێلی سه‌رچناره ، له‌وبه‌ریشه‌وه حه‌وزی مه‌له کردنه ، ئه‌مه‌ش باخه‌کانی سه‌رچنارن • پاش تۆزێ ئوتومبێله‌که ئه‌گاته کارگه‌و ڕائه‌وه‌ستێ و قوتابی‌یه‌کانیش دائه‌به‌زن •

دکتۆر حه‌یده‌ر و یاریده‌ده‌ره‌که‌ی ( کاك جوامێر ) و قوتابی‌یه‌کانی ئه‌چنه ژوره‌وه ، به‌ڕێوه‌به‌رو هه‌ندێ له‌فه‌رمانبه‌رانی کارگه‌که ئه‌چن به‌پیریانه‌وه •

## به‌شی سێیه‌م

به‌ڕێوه‌به‌ری کارگه‌که : ئێوه میوان نین ، به گوێره‌ی به‌رنامه‌کان به ئیش‌وکاری خۆتان هه‌ڵسن •

دکتۆر حه‌یده‌ر : زۆر سوپاست ئه‌که‌ین ، ئێمه له‌پێشا سه‌ر له لابۆری کارگه‌که ئه‌ده‌ین و ته‌ماشای چۆنیه‌تی به‌رهه‌مهێنان ئه‌که‌ین ، ئه‌مجا سه‌ر له به‌ڕێزتان ئه‌ده‌ین •

به‌ڕێوه‌به‌ر : زۆر باشه من له یانه‌ی کرێکاراندا چاوه‌ڕێتان ئه‌که‌م •

دکتۆر حه‌یده‌ر و قوتابیه‌کان ئه‌چن بۆ لابۆری کارگه‌که •

له‌پاشا ئه‌چنه هۆڵی به‌رهه‌مهێنان ، مه‌کینه‌کان له ئیشان و کرێکاران به گورجو گۆڵی هه‌ریه‌که خه‌ریکی ئیش‌وکاری خۆیه‌تی •

دکتۆر حه‌یده‌ر : دامه‌زراندنی پیشه‌سازی‌ی چیمه‌نتۆ له سه‌رچنارا ئه‌گه‌ڕێته‌وه بۆ بوونی که‌ره‌سته‌کانی که ئه‌مانه‌ی خواره‌وه‌ن :

ا ـ بەردی کلس ·

ب ـ خۆڵ : کـە بریتی‌یە لە ئۆکسیدی سـلیکۆن و ئاسن و ئەلەمنیۆم ·

ج ـ لم کە بریتی‌یە لە سلیکۆن دای ئۆکساید (سلیکا) ·

د ـ ئۆکسیدی ئاسن ·

هـ ـ گەچ ·

قوتابی‌یەك : چۆن چیمەنتۆ لەم کەرەستانە ئامادە ئەکرێ ؟

دکتۆر حەیدەر : ئامادە کردنی چیمەنتۆ لەم کەرەستانە بە گوێرەی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە ئەبێ :

هەنگاوی یەکەم : بەردی کلس لە بەرد شکێنێکی تایبەتی‌دا ورد ئەکرێ بە جۆرێك کە بۆ تێکەڵاو بوون ئاسان بێت ·

هەنگاوی دووەم : کەرەستە خاوەکان لەم ئاشە تایبەتی‌یەدا زۆر باش ئەهاڕێت ، پاش تەواو بوونی هاڕین تەوژمێکی قایمی هەوا بە ناو ئاشەکەدا ڕەت ئەکرێ ، بۆ ئەوەی کە پاڵ بە ماددە هاڕاوەکانەوە بنێ بۆ ناو ئەو دوو ڕەحەتیە بەناو یەکدا چووە ، سەرنج بدەن چۆن ئەو دوو ڕەحەتیە لەسەر ڕێڕەوی دژی یەکتر ئەسووڕێنەوە ، وە بـە سووڕانەوەیان ماددە هـاڕراوە وردەکان بەرەو دیوارەکانیان پاڵی پێوە ئەنێت ، بەڵام بەشە درشتەکان لە ناوەڕاستی ڕەحەتیەکەدا کۆئەبێتەوە کە بۆ جارێکی کە بۆ ناو ئاشەکە ئەگەڕێتەوە ، ماددە هاڕراوەکان ئەگەڕێنەوە ناو تانکی‌ی تێکەڵاو کردنەکە ·

هەنگاوی سێ‌یەم :

خۆڵ و ئاو لەناو حەوزێکی تایبـەتی‌دا تێکەڵاو بە یەکتری

ئەکرێن ، بۆ ئەوەی قوڕاوێکی هاویەکی بێ زیخ و پیسی پێکبهێنرێ •

هەنگاوی چوارەم :

هاڕراوی بەردی کلسەکە و قوڕاوەکە بە باشی تێکەڵاو بە یەکتری ئەکرێت بە مەرجێ وەك هەویری لێ بێ •

هەنگاوی پێنجەم :

تێکەڵاوەکە (هەویرەکە) بە شێنەیی ئەنێررێتە ناو ئەو تەنوورە • وەرن تەماشای بکەن ، تەنوورێکی درێژی لاری سووڕاوەیە ، ئەم تەنوورە لە خوارەوە بۆ سەرەوە بە نەوت گەرم ئەکرێت ، لە جەمسەری ژوورووی تەنوورەکە پلەی گەرمیی نزیکەی (۲۵۰ ، ەس) ئەم گەرمی‌یە بەشێنەیی بەرز ئەبێتەوە هەتاوەکو لە جەمسەری خوارەوەی ئەگاتە نزیکەی (۱٤٥ ، ەس) ئەم گەرمی‌یە لەپێش‌دا هەویرەکە لەو ئاوەی کە تیایەتی وشکی ئەکاتەوە ، ئەمجا ئەکەوێتە یارمەتی‌دانی بۆ دەست پێکردنی کار لەیەك کردنەوەی کیمیاوی‌یەکانی نێوان پێکهاتووەکانی تێکەڵاوەکە و ، لە ئەنجامدا کاربۆن دای ئۆکساید دەرئەچێ ، لە لایەکی‌تریشەوە مادده تێکەڵاوەکان بەسەر یەکا ئەتوێنەوە و ئەگۆڕرێنە سەرباری دەنکی خڕی ڕەنگ تۆخی قەوارە جیاواز ، بەم دەنکە خڕانە ئەوترێن (کلێنکەر) •

هەنگاوی شەشەم :

کلێنکەرەکە تێکەڵاو بە گەچ ئەکرێ بۆ ئەوەی کلێنکەرەکە زۆر ڕەق نەبێ ، ئەمجا تێکەڵاوەکە باش ئەهاڕرێت و لە بێژنگ ئەدرێ و چیمەنتۆ دروست ئەبێ •

## بەشی چوارەم

پاش تەواوبوونی قسەکانی دکتۆر حەیدەر قوتابی یەکان هۆلی بەرهەمهێنانیان چۆلکرد و بەرەو یانەکە کەوتنە ڕێ ، ئەمجا قوتابی یەکان دابەش بوون بەسەر مێزەکانی ناو یانەکە •

دکتۆر حەیدەر : قوتابی یان ، ئێستا ئەتوانن لە بەڕێوەبەری کارگەکە پرسیار بکەن •

بەڕێوەبەر : فەرموون •

قوتابی یەك : ئەم کارگەیە کەی دامەزراوە ؟

بەڕێوەبەر : کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار لە ساڵی (١٩٥٤ز)دا دەست کراوە بە دانانی بەردی بناغەی وەلە ساڵی (١٩٥٧ز)ی‌دا بەرهەمی هاتە دی •

قوتابی یەك : ئایا جۆری ئیش‌کردنی کارگەکە و بەرهەمی ڕۆژانەی لە چ پلەیەکدایە ؟

بەڕێوەبەر : ئیش کردنی کارگەکە زۆر بە باشی ئەڕوا بەڕێوە ، کارگەکە لە ماوەی (٢٤) سەعاتا بەبێ وەستان بە سێ بەش ئیش ئەکا ، بەرهەمی ڕۆژانەش لە ٣٥٠ ـ ٤٠٠ تەن چیمەنتۆیە •

قوتابی یەك : پلەی ژیانی کرێکاران لە کارگەکەدا لە چ ڕادەیەك دایە ؟

بەڕێوەبەر : پلەی ژیانی کرێکاران لە کارگەدا زۆر بەرزە ، تا ئێستا ئەمانەی خوارەوەیان لەلایەن کارگەوە بۆ کراوە :

ا ـ دابەش کردنی خانوو بەسەریاندا بە کرێیەکی زۆر کەم •

ب ـ دانی ئاو و کارەبا بەبێ قازانج

ج ـ دانانی چێشتخانەیەك لە ناو كارگەكەدا بە نرخی (٢٥) فلس بۆ یەك ژەم نان خواردن ٠

د ـ دانانی یانە و شوێنی مەلە كردن ٠

هـ ـ گواستنەوەیان بە ئوتومبێلی كارگە ٠

و ـ خۆشتنیان لە گەرماوی كارگە هەموو ڕۆژێ ٠

ر ـ پێدانی جل و بەرگی ئیش كردن هەر شەش مانگێ جارێ ٠

ح ـ چارەسەركردنی نەخۆشیەكانیان بەهۆی پزیشكی كارگەوە ٠

قوتابییەكان بێدەنگ ئەبن ٠

دكتۆر حەیدەر : دیارە ئیتر پرسیارتان نەما ، كەوابوو با بڕۆین كات درەنگە ٠

قوتابییەكان هەڵئەستن و یەكە یەكە دەستی بەڕێوەبەری كارگەكە و ئەو فەرمانبەرانەی كە ڕاوەستابوون ئەگوشن ئەمجا كارگەكە بەجێ ئەهێڵن و سواری ئوتومبێلەكان ئەبن و بەرەو كۆلێجی زانستی ئەكەونە ڕێ ٠

## دەستووری زمان :ـ

| | |
|---|---|
| پێوان | پێو |
| وەرین | وەر |
| گرتن | گر |
| مردن | مر |
| بوون | ب |

من كتێب ئەكڕم
تۆ كتێب ئەكڕیت

ئەو کتێب ئەکرێت
ئێمە کتێب ئەکڕین
ئێوە کتێب ئەکڕن
ئەوان کتێب ئەکڕن

| | | |
|---|---|---|
| من ئەچم | تۆ ئەچی | ئەو ئەچێ |
| ئێوە ئەچن | ئێمە ئەچین | ئەوان ئەچن |

## دەستووری کرداری ئێستا و ئاییندە و ڕەگەکەیان :

١ ـ پاش کرتاندنی ئەم پاشگرانە ( ان ، ین ، وون ، تن ، دن ) لە چاوگ زۆر جار ڕەگی کرداری ئێستا و ئاییندە پێکدێ :

| چاوگ | ڕەگی کرداری ئێستاو ئاییندە |
|---|---|
| کێلان | کێڵ |
| شێلان | شێل |
| کێشان | کێش |
| داپۆشین | داپۆش |
| تاشین | تاش |
| ژماردن | ژمێر |
| ڕۆیشتن | ڕۆ |
| گەیشتن | گە |
| چوون | چ |
| بوون | ب |

کرداری ئێستا و ئاییندە لە پێتی ( ئە ) و ڕەگەکەیان و جێناوی کەسی لکاو دروست ئەکرێ .

| چاوگ | پیت | | | | ڕەگ جێناوی کەسی لکاو | | کرداری ئێستا و ئاییندە |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| نووستن | ئە | + | نوو | + | م | ــــ» | من ئەنووم |
| نووستن | ئە | + | نوو | + | یت | ــــ» | تۆ ئەنوویت |
| نووستن | ئە | + | نوو | + | ێت | ــــ» | ئەو ئەنووێت |
| نووستن | ئە | + | نوو | + | ین | ــــ» | ئێمە ئەنووین |
| نووستن | ئە | + | نوو | + | ن | ــــ» | ئێوەئەنوون |
| نووستن | ئە | + | نوو | + | ن | ــــ» | ئەوان ئەنوون |

## ڕاهێنانی ( ١ )

دەرسەکە بە وردی بخوێنەوە ئەمجا وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە :

١ ــ قوتابی‌یانی کۆلێجی زانستی بۆ کوێ ئەچوون ؟
٢ ــ دکتۆر حەیدەر چی بە قوتابی‌یەکانی وت ؟
٣ ــ لە سلێمانی‌دا چەند کارگەی میری هەیە ؟
٤ ــ بەرنامەی سەردانی قوتابی‌یەکان لە کارگەی چیمەنتۆ چی‌بوو؟
٥ ــ کەرەستەکانی پیشەسازی‌ی چیمەنتۆ چین ؟
٦ ــ چۆن چیمەنتۆ لە کەرەستەکانی ئامادە ئەکرێ ؟
٧ ــ کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار کەی دامەزراوە ؟
٨ ــ پلەی ژیانی کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆ لە چ ڕادەیەکدایە ؟

## ڕاهێنانی ( ٢ )

ئەم ڕستانەی خوارەوە لە ڕووی ڕێکخستنی وشەوە هەڵەن لە دەرسەکەدا بیاندۆزەرەوە و هەڵەکانیان ڕاست کەرەوە ئەمجا بە شێوەیەکی ڕاست بیاننووسەرەوە :

١ ـ بچین بۆ بەکرەجۆ پێکەوە لە مانگی ئاییندەدا ؟

٢ ـ بە ڕاستی بوو شەوێکی خۆش ٠

٣ ـ بگرن گوێ ٠

٤ ـ یە ئەمە ٠

٥ ـ یە ئەمە خانووی فەرمانبەران و کرێکارانی کارگەیە ؟

٦ ـ ئەکەم چاوەڕێتان لە یانەی کرێکاراندا ٠

٧ ـ بە تەنوورێکی درێژی لاری سوڕاوە ٠

٨ ـ ئەڕوات زۆر بە باشی بەڕێوە ئیشکردنی کارگە ٠

## ڕاهێنانی ( ٣ )

لەم ڕەگانەی خوارەوە فەرمانی ئێستا لە ڕستەدا دروست بکە:

چێژ ٠ خواز ٠ کە ٠ خۆ ٠

## ڕاهێنانی ( ٤ )

ا ـ نووسین ٠

ب ـ نووسی ٠

ج ـ ئەنووسم ٠

جا ده تۆش ئەم چاوگانەی خوارەوە وەکو وێنەی (ب ، ج)یان لێ بکە :

کڕین ، بڕین ، فرۆشتن ، گرتن ، بوون ، چوون .

## ڕاهێنانی ( ٥ )

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە جێناوێکی لکاو پڕکەرەوە :

١ ـ قوتابی یەکان وا ئەچ . . . . . . . .

٢ ـ تۆ دەرئەچ . . . . . . . .

٣ ـ ئێوە زەویەکە ئەکێڵ . . . . . . . .

٤ ـ من ئەخوێن . . . . . . . .

٥ ـ ئەوان درەختەکان ئەڕوێن . . . . . . . .

٦ ـ مامۆستاکە ئەنووس . . . . . . . .

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| تێپەڕێ | تمرّ |
| کۆشش | السعي |
| ناپەرژێم | لاأتفرغ |
| سەیران | النزهة |
| یاریدەدەر | المساعد |
| کارگە | المعمل . المصنع |
| دەرفەت | المجال |
| پیشەسازی | الصناعة |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| کەرەستە | المادة الاولية |
| شوشە سازی | صناعة الزجاج |
| قورس | الثقيل |
| سەردان | الزيارة |
| لابۆر | المختبر |
| بەرهەم هێنان | الانتاج |
| بەڕێوەبەر | المدير |
| دووکەڵ | الدخان |
| مەلە کردن | السباحة |
| بەگورجوگۆڵی | بنشاط |
| دامەزراندن | الاقامة ، التأسيس |
| بەردی کلس | حجر الكلس |
| خۆڵ | التراب |
| بریتییە | متكون |
| ئاسن | الحديد |
| لم | الرمل |
| گەچ | الجص |
| بەرد شکێن | كسارة الحجر |
| تێکەڵاو بوون | الاختلاط |
| ورد ئەکرێ | يدق |
| خاو | الهش |
| ئاش | المطحنة |
| ئەهاڕێ | يطحن |

| وا ) وشه‌كان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| ته‌وژم | التيار |
| ڕه‌حه‌تی | القمع |
| دژی یه‌كتر ئه‌سوڕێنه‌وه | يدوران بالتعاكس |
| درشت | الخشن |
| زیخ | الحصى |
| پیسی | الوساخة |
| هه‌ویر | العجين |
| به‌شێنه‌یی | بهدوء |
| لار | المائل |
| جه‌مسه‌ر | النهاية ، المفصل |
| پله | الدرجة |
| وشكی ئه‌كاته‌وه | يجفف |
| كار له‌یه‌ك كردنه‌وه | التفاعل |
| ئه‌نجام | النتيجة |
| قه‌واره | الحجم ، الكيان |
| خڕ | الكروي |
| ڕه‌ق | الصلب |
| بێژنگ | الغربال ، المنخل |
| ڕاده | المستوى |
| كرێ | الاجرة |
| قازانج | الربح |
| ژه‌م | الوجبة |
| ڕه‌گ | الجذر |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| کرداری ئێستا | الفعل المضارع |
| کرداری ئاییندە | الفعل المستقبل |

## چانــــدنی تووتــــن

### بەشی یەکەم

کۆمەڵێ لە قوتابی‌یانی کۆلێجی کشتوکاڵ لە بکرەجۆن ، وا دیارە هاتوون بۆ گوێ‌گرتن لە لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بابەتێکی کشتوکاڵی ، یەکێك لەو قوتابی‌یانە سەمیرە •

سەمیر چــاو ئەگێڕێ ، لەناکاو فەیروز ئەبینێ و ئــەچێ بە پیریەوە و ئەڵێت :

فەیروز من ئەوەتام لێرە •

فەیروز بەرەو لای ئەچێ و بە پەرۆشەوە دەستی ئەگوشێ •

سەمیر : لەکوێ بووی ؟ دیارە بە جوانی سروشتی بەکرەجۆوە خەریك بووی •

فەیروز : بەخوا ڕاست ئەکەی ئەم ناوچەیە زۆر جوان و دڵ فڕێنە •

سەمیر : لێکۆڵینەوەکەتان کەی دەس پێ‌ئەکا ؟

فەیروز : لە کاتی یانزەدا دەس پێ‌ئەکا •

سەمیر : هێشتا سەعاتێکت مــاوە ، ئەڵێی چی تۆزێ پیاسە بکەین ، بزانین پرۆژەکانی زانکۆ لە بکرەجۆدا چین ؟

فەیروز : پێش نیازێکی بەکەڵکە ، لێکۆڵینەوەکەمان دەربارەی تووتنە و ئەبێ شتێك دەربارەی پرۆژە کشتوکاڵیەکانی بەکرەجۆ بزانم ·

سەمیر : باشە بابڕۆین ·

## بەشی دووەم

فەیروز و سەمیر دەست ئەکەن بە گەڕان ·

فەیروز : بەڕاستی بەکرەجۆ ناوچەیەکی بەپیتە ·

سەمیر ئەمە ڕاستە و مێژووی بەکرەجۆ لە کشتوکاڵا بەناوبانگە و باشیی کشتوکاڵەکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ بەپیتیی زەویەکەی و زۆری باران بارین و بوونی بیری ئیرتیوازی و نزیکی لە شاری سلێمانییەوە ·

فەیروز : ئایا کشتوکاڵی بەکرەجۆ لە مێژەوە هەروا باش و پێشکەوتوو بووە ؟

سەمیر : تا ڕادەیەك ، بەلام کۆلێجی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی دەستێکی باڵای هەبووە لەو پێشکەوتنەدا ، چونکە ئەم کۆلێجە چەند پرۆژەیەکی زانستیی کشتوکاڵی و ئاژاڵی لەم ناوچەیەدا دامەزراندووە · تەماشا بکە وا گەیشتینە مەڵبەندی کۆزی ئاژەڵەکان : ئەمە کۆزێکە بۆ بەخێو کردنی گاو مانگا ، ئەمە کۆزێکە بۆ بەخێو کردنی مەڕ و بزن، ئەوەش پرۆژەی بەخێوکردنی باڵندەیە · وەرە با بڕۆین تەماشای بکەین ·

فەیروز و سەمیر لە پرۆژەی بەخێو کردنی باڵندەکان نزیك بوونەوە ·

سەمیر : ئەمـــە کولانەی بەخێــو کردنی مریشــکە ، ئەوەش کولانەی قەلەمــوونە ، ئەم کـــۆز و کولانانە لە ژێـــر چاودێری بەیتەری‌دان •

فەیروز : بەخوا ئەمە کارێکی گرنگە •

سەمیر : بــەڵێ وایە زانســتی بەرهەمی بێ‌هاوتــا ئەنجام ئەدات •

فەیروز : ئەی ئەم کارگەیە هی چی‌یە ؟

سەمیر : ئەمە کارگەیەکە بۆ پیشەسازی شیرەمەنی وەکو : ماست ، پەنیر ، کەرە و قەیماغ ، ئەمـــەش هەڵهێنانگای هێلکە و کولانەی بەخێوکردنی جووجەڵەیە •

فەیروز : ئەمجا با بڕۆین بۆ تەماشا کردنی کێڵگەکان •

## بەشی سێیەم

فەیروز و سەمیر بەرەو کێڵگەکان ئەڕۆن •

سەمیر : سەیری ئەم بۆریانە بکە •

فەیروز : لە کوێوە ڕاکێشراون ؟

سەمیر : ئـــەم بۆریانە لە چـــەند بیرێــکی ئیرتیوازی‌یەوە ڕاکێشراون •

فەیروز : ئەمـــە شتێکی پێویســـتە ، چوونکە ڕووبـــار لە بەکرەجۆدا نی‌یە •

فەیروز و سەمیر ئەگەنە پارچە زەوی‌یەکی تەخت و فراوان کە بە جۆرێــکی تەکنیکی بۆ چەند کێڵگەیەك دابــەش کراوە ، جووتیاران و قوتابی‌یان لە ژێر چاودێری چەند مامۆستایەك و ئەندازیاری کشتوکاڵی‌دا خەریکی کارن •

سەمیر : ئەمە گەنمە چێنراوە ، ئەمەش جۆیە ، ئا ئەمەش نۆکە لێرەوە چێنــراوە • ئەم کێڵگانەش بــۆ ڕووەکی هاوینــە ئامادە کراون •

فەیروز : بەخوا شتێکی باشە •

سەمیر : تەماشــای کاتژمێــرەکەی ئــەکا و ئــەڵێ : کاتی لێکۆڵینەوەکەمان نزیك بۆتەوە •

فەیروز : باشــە بابڕۆین ، هۆڵەکە لێرەوە ئەوەنــدە دوور نی‌یە ، ئایا تۆش بەشداری‌ی لێکۆڵینەوەکە ئەکەی ؟

سەمیر : ئەی چۆن باسی توتن بابەتێکی گرنگە •

فەیروز و ســەمیر ئەگەنــە هۆڵەکە و لەگــەڵ قوتابی‌یەکانا چاوەڕێ‌ی مامۆستاکەیان ئەکەن پاش تۆزێك مامۆستاکە دێ و لە پشت مێزەکەیەوە دائەنیشێ و قوتابی‌یەکانیش هەر یەکە لەســەر کورسی‌یەکەی دائەنیشێ و گوێ لە مامۆستاکە ئەگــرن •

## بەشی چوارەم

مامۆستاکە : ئەزانن کە گفتوگۆکەمان دەربارەی توتنە ، توتنیش لە ئابوری عیراقا ماددەیەکی سەرەکی‌یە ، وا بە باشــی ئەزانم کە شێوەی پرسیار و وەڵام بەکار بهێنین بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم باسە ، جا فەرموون پرسیاری خۆتان بکەن •

قوتابی‌یەك : توتن چۆن دۆزرایەوە ؟

مامۆستاکە : لە ساڵی (١٤٩٢)ی‌ز ، دا (کریستۆف‌کۆلۆمبوس) وە هاوڕێکانی ئەمەریکایان دۆزیەوە • وایانزانی کە دوورگەی هندی ڕۆژهەڵاتە ، وەختێ کە گەیشتنە دوورگەکە و دابەزین •

یەکێ لە هـاوڕێ دەریاوانەکان کە ئەسپانی بوو بـە شپرزەیی ڕایکـرد بـۆ لای هاوڕێـکانی و وتی : هندیـەکان ئاگریـان تێبەربوو ، دوایی دەرکـەوت ئەو دووکەڵەی لـە هندیەکانەوە دەرئەچێ دووکەڵی تووتنە . بـەم چەشنە (کۆلۆمبوس) تووتنی دۆزیەوە ، یەکەم جار کێشانی تووتن لە ئەمەریکاوە ڕووی کردە ئەسپانیا و پورتوگال وە لەوێشەوە زۆر بە خێرایی بە ئەورووپا و ئاسیادا بڵاوبۆوە .

قوتابییەك : تووتن کەی ئەچێنرێ و چۆن دێتە بەرهەم ؟

مامۆستاکە : وەرزی تۆو چاندنی تووتن لە یانزەی مارتەوە هەتا یانزەی نیسانە ، ئەم تۆو چاندنە لە ماوەی دوو مانگدا دەست ئەکا بە پێگەیشتن وە ئامادە ئەبێ بۆ شەتڵ ، ئەمجا دەست ئەکرێ بە شەتڵ هەڵکەنن و دیسانەوە ناشتنەوەی سەرلەنوێ لەو زەوی و زارە کە بۆی خۆشکراوە دێراو دێـراو ئەینێژن ، ماوەی شەتڵ لێدانیش نزیکەی مانگێکی پێ ئـەچێ تا ئەگاتە مانگی تەمووز ، بەڵام لە جێگا شاخاویەکانا لەبەر کەمیی زەوی پەرێزە گەنموجۆ بۆ تووتن لێدان ئامادە ئەکرێ . تووتنەوانەکان دەست ئەکەن بە بەخێوکردنی و هەموو سێ ڕۆژ جارێ ئاوی ئەدەن تا سێ جار ، لەوەو دوا بە دە یان پانزە ڕۆژ ئاوی ئەدەن .

بەخێو کردنی تووتن بە ئاودان و بژار و چاودێری و وەچ کردن و سـەرپەرشتی دوو مانـگ ئەخایەنێ تا تووتنـەکە پێ ئەگاتو ئامادە ئەبێ بۆ شکاندنەوە ، تووتن لە پێشەوە کە پێ ئەگا لە گەڵای بن پەلەوە دەست پێ ئەکا ، تووتنەوانەکان لێرەوە دەست ئەکەن بە شکاندنەوەی گەڵا بە گەڵا و چین بە چین ، هەر بە دوو یا سێ ڕۆژ چینێك پێ ئەگا تا هەموو بنجەکە پێ ئەگا و ئەگاتە سەر

پەل • ئەم گەڵایانە کە ئەشکێنەوە هەمووی یەکە یەکە ئەکرێ بە پەتەوەو ڕستی لێ تەواو ئەکرێ ، ئەمجا ئەم ڕستانە یا لە چەرداخا یا لە ژێر کەپرا یەکە یەکە هەڵئەواسرێن ، لەبەر سێبەر تا یەك هەفتە ئەمێنێتەوە و بۆ یەك هەفتەی تریش ئەخرێتە بەر هەتاو و وشك ئەبێ ، دیسانەوە ئەخرێتە بەر سێبەر بۆ ئەوەی ڕەنگی سوور هەڵنەگەڕێ و بە زەرد باوی بمێنێتەوە ، دوای ئەوە زیندانێك لە زەوی‌دا هەڵئەکەنرێ بە قووڵی دوو مەتر و پانی دوو یان زیاتر ، ئەمجا زیندانەکە دارەڕاو گڵەبان ئەکرێ و هەموو دارەکانی بزماری پیا دائەکوترێ ڕستە توتنەکان یەکە یەکە بەو بزمارانە هەڵئەواسرێ تا زیندانەکە سیخناخ ئەبێ‌و ئاو دەکرێتە بن زیندانەکە ، ئەبێ ئەوەندە بێ لە بنی ڕاوەستێ ، ئەمجا دەرگای زیندانەکە ئەگیرێت‌و کون بڕ ئەکرێ بۆ ئەوەی توتنەکە باش شێ هەڵبێنێتەوە ، تا سێ ڕۆژ ئەمجا دەرگای زیندان ئەکرێتەوەو توتنەکان ڕست ڕست یەکە یەکە ئەی بەنە دەرەوە بۆ بەر سنووق‌و وەستای تایبەتی دائەگرێ‌و ئامادە ئەبێ بۆ فەحس •

قوتابی‌یەکە : تایبەتیەکانی تووتنی وڵاتەکەمان چین ؟

مامۆستاکە : هەندێ لە تایبەتیەکانی تووتنی وڵاتی ئێمە ئەمانەن: ڕەنگێکی زۆر جوان‌و زەردباو یا سورێکی کاڵ یاتێری هەیە هەندێ تووتنمان هەیە بۆنداری پێ ئەڵێن خۆی لە خۆیا بۆن‌و بەرامەیەکی سروشتی‌ی هەیە •

قوتابی‌یەك : ئەو ناوچانەی جێگای چاندنی تووتنن لە وڵاتەکەمانا کامانەن ؟

مامۆستاکە : تووتن لە عیراق‌دا لە ناوچەی کوردەواری‌دا ئەچێنرێ کە ناوچەیەکی خاوەن کانیاو و کارێزاو و ئاوی بەفراوی سەر

چیاکانە ، سنووری کێڵگەی‌تووتن لەم ناوچەیەدا ئـەو جێگەیەیە کە سنووری عیراق و تورکیاو سووریا لە یەك ئەدا لــە ڕووباری خابوورەوە دەست پێ ئەکا بە کێڵگەی تووتن لەوێوە ڕوو بەزاخۆ، دهۆك ، ئەترووش ، شێخان ، عەقرە ، باتاس ، حەریر ، شەقلاوە، کوێسنجق ، ئاخجەلەر ، دەربەندی بازیان ، قەرەداخ ، دەربەندی خان، تا ئەگاتە هەڵەبجە لەوێشەوە ئەگەڕێتەوە بەسنووری ئێران‌و تورکیادا تا ئەچێتەوە ڕووباری خابوور • لەناو ئـەم سنوورەدا زۆربەی زەوی‌وزار ئەکرێت بــە تووتن‌و قەبڵێنراوە بــە شەست هەزار دۆنم بەمەرجێ یەك دۆنم دووسەد کیلۆ تووتنی تیابێ •

مامۆستاکە لە قسەکانی بۆوە ، قوتابی‌یەکان بێ دەنگ بوون ،

مامۆستاکە : پرسیاری ترتان نیە ؟

کەس قسەی نەکرد •

مامۆستاکە : دیارە پرسیاری ترتان نیە وا من ئەڕۆم خوا حافیز •

مامۆستاکە : چووە دەرەوە ئەمجا قوتابی‌یەکان پۆل پۆل هۆڵەکەیان بەجێ هێشت •

## دەستووری زمان :

| | |
|---|---|
| خانووەکە | بفرۆشە |
| خانووەکە | بفرۆشن |

| عەرەبی | کوردی |
|---|---|
| ١ ــ حرث الفلاحون الارض | جووتیارەکان زەویەکەیان کێڵا |
| ٢ ــ نحن ندرس في الجامعة | ئێمە لە زانکۆ ئەخوێنین |
| ٣ ــ اقبل سیروان راکضا | سیروان بە ڕاکردن هات |

٤ ـ أكتب بالقلم    به قەڵەم بنووسە
٥ ـ تذهب نسرين الى السوق  نەسرین ئەچێ بۆ بازاڕ

## دەستووری کرداری فەرمان :

١ ـ کرداری فەرمان لە ڕەگی چاوگ و پێشگری (ب) و جێناوی کەسی لکاو دروست ئەبێ ، وەك :

| چاوگ | ڕەگی چاوگ | | پێشگر | | جێناوی کەسی لکاو | | کرداری داخوازی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گرتن | گر | + | ب | + | ە | = | بگرە |
| گرتن | گر | + | ب | + | ن | = | بگرن |

٢ ـ کردار لە ڕستەی عەرەبیدا پێش ئەکەوێ بەڵام لە ڕستەی کوردیدا دوائەکەوێ .

## بۆ خوێندنەوە :

گۆڤارێکی کوردی هەڵبژێرە و یەکێك لە وتارەکانی لە دەفتەرەکەتا ڕوونووس بکە .

## دەربڕین :

عەلی لە کۆلێجی ئادابی بەغایە و موحەممەد لە زانکۆی سلێمانی قوتابی‌یە هەردووکیان هاوڕێن ، لەیەکێك لە گازینۆکانی بەغا یەکتر ئەبینن ، تۆش بە ڕێکەوت لە نزیکیانەوە دانیشتبووی ، گفتوگۆکەیان بە چەند دێڕێك بنووسە .

## ڕاهێنانی ( ١ )

دەرسەکە بە وردی بخوێنەوە ئەمجا وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە :

١ ــ بۆچی کۆمەڵێك لە قوتابی‌یانی کۆلیجی کشتوکاڵ لە بەکرەجۆدان ؟

٢ ــ هۆکانی کشتوکاڵ لە بەکرەجۆدا چین ؟

٣ ــ ئەم کارگەیە لە بەکرەجۆدا هی چی‌یە ؟

٤ ــ تووتن چۆن دۆزرایەوە ؟

٥ ــ تایبەتیەکانی تووتنی وڵاتەکەمان چین ؟

٦ ــ تووتن کەی ئەچێنرێ ؟ چۆن دێتە بەرهەم ؟

٧ ـ ئەو ناوچانەی جێگای چاندنی تووتنن لە وڵاتەکەماندا کامانەن ؟

## ڕاهێنانی ( ٢ )

زانستی ، پیشەسازی ، بەسوود ، بچین ، پەرەسەندن ، سەیرکردن ، ئیش ، ڕائەوەستێ ، کاتێ ، ئامادەکراو ، مانگێك ، ئەخایەنێ ، پڕ ، هۆڵەکەیان چۆڵکرد .

ئەوەی لەو وشانەی سەرەوە ئەگونجێ لە جیاتی ئەو وشانەی هێڵیان بەژێردا هاتووە لە ڕستەکانی خوارەوە بەکار بهێنە .

کۆمەڵێ لە قوتابی‌یانی کۆلێجی کشتوکاڵ لە بەکرەجۆدان ، وا دیارە هاتوون بۆ گوێگرتن لە لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بابەتێکی کشتوکاڵی .

فەیروز : پێشنیازێکی بەکەڵکە •

سەمیر : باشە بابڕۆین •

سەمیر : باشە بابڕۆین •

زانکۆی سلێمانی دەستێکی باڵای هەبووە لەو پێشکەوتنەدا •

فەیروز : ئەمجا با بڕۆین بۆ تەماشا کردنی کێڵگەکان •

جووتیاران‌و قوتابی‌یان لە ژێر چاودێری ی چەند مامۆستایەك‌و ئەندازیاری کشتوکاڵی خەریکی کارن •

مامۆستاکە دێت و لە پشت مێزەکەیەوە دائەنیشێ •

وەختێ کە گەیشتینە دورگەکە و دابەزین یەکێ لە هاوڕێ دەریاوانەکان کە ئەسپانی بوو بە شپرزەیی ڕای‌کرد بۆ لای هاوڕێکانی و وتی : هندیەکان ئاگریان تێ‌بەربووە •

ئەمجا دەست ئەکرێ بە شەتڵ هەڵکەندن وە دیسان ناشتنەوەی سەرلەنوێ لەو زەوی و زارەی کە بۆی خۆشکراوە و دێراو دێراو ئەینێژن •

ماوەی شەتڵ لێ‌دانیش نزیکەی مانگێکی پێ ئەچێ ، تا ئەگاتە مانگی تەمووز •

ئەمجا زیندانەکە دارەڕا و گڵەبان ئەکرێ و هەموو دارەکانی بە ڕیز بزماری پیا دائەکوترێ و ڕستە تووتنەکان یەکە یەکە بەو بزمارانەوە هەڵئەواسرێ تا زیندانەکە سیخناخ ئەبێ •

مامۆستاکە چووە دەرەوە ئەمجا قوتابی‌یەکان پۆل پۆل هۆڵەکەیان بەجێ هێشت •

## ڕاهێنانی ( ٣ )

ئەم ڕستانەی خوارەوە بخوێنەرەوە، هەرچی کرداری فەرمانی تێدا هەیە دەریان بێنە :

١ ـ نەسرین ، وەرە ، دابنیشە ٠

٢ ـ ئیشەکەت بکە ئەمجا بخەوە ٠

٣ ـ یارمەتی هەژاران بدەن ٠

٤ ـ زەویەکە بکێڵن و بیکەن بە گەنم ٠

## ڕاهێنانی ( ٤ )

ا ـ وەستان

ب ـ بووەستە

ج ـ بووەستن

دەتۆش ئەم چاوگانەی خوارەوە وەك وێنەی (ب) و (ج) یان لێ بکە :

ڕۆیشتن ، چووم ، ئیشکردن ، تێکۆشان ، ژیان

## ڕاهێنانی ( ٥ )

ئەم ڕستانەی خوارەوە لە عەرەبیەوە بۆ کوردی وەربگێڕە :

١ ـ جئت من البيت ٠

٢ ـ حفظنا القصيدة ٠

٣ ـ نذهب الى (بكره جۆ) ٠

٤ ـ اغرسوا الاشجار ٠

٥ ـ يعيش الفلاح بسعادة ٠

## ڕاهێنانی ( ٦ )

ئەم ڕستانەی خوارەوە لە کوردیەوە وەرگێڕە سەر عەرەبی :

١ ـ نەمامەکەم ڕواند ٠

٢ ـ قوتابی‌یەکان لە سەیران گەڕانەوە ٠

٣ ـ ئێمە ئەچین بۆ تەماشاکردنی کارگەی جگەرەکە ٠

٤ ـ نووسەرەکە چیرۆکەکەی بڵاوکردەوە ٠

٥ ـ ئەندازیارەکە بە کرێکارەکانی ووت ئەم کارە زوو ئـەنجام بدەن ٠

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
|---|---|
| چاندنی تووتن | زراعة التبغ |
| من ئەوەتام لێرە | اني ها هنا |
| دڵ ڕفێن | الجذاب |
| پڕۆژە | المشروع |
| دەستێکی باڵا | اليد الطولي |
| ئاژاڵی | الحيواني |
| کۆز | الحضيرة |
| گا | الثور |
| مانگا | البقرة |
| گامێش | الجاموس |

| واتای وشەكان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| مەڕ | الغنم |
| بزن | الماعز |
| باڵندە | الطير |
| كولانە | مكان الطيور |
| مریشك | الدجاج |
| بێ هاوتا | بلا شبه |
| شیرەمەنی | الالبان |
| ماست | اللبن |
| پەنیر | الجبن |
| كەرە | الزبد |
| قەیماغ | القيمر |
| هەڵهێنانگا | المفقس |
| هێلكە | البيض |
| جوجەڵە | الفرخ |
| كێڵگەكان | الحقول |
| بۆریەكانی | الانابيب |
| تەخت | المنبسط |
| ڕاكێشراو | المسحوب |
| گەنم | القمح |
| جۆ | الشعير |
| نۆك | الحمص |
| ڕووەك | النبات |
| هاوینی | الصيفي |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| شێوە | الاسلوب |
| پرسیارو وەڵام | السؤال والجواب |
| دورگە | الجزيرة |
| دەریاوان | البحار |
| بەشپرزەیی | بأضطراب |
| ئاگریان تێ بەربووە | شبت فيهم النار |
| جگەرە کێشان | التدخين |
| بڵاوبوونەوە | النشر ، الانتشار |
| وەرز | الفصل ، الموسم |
| تۆو | البذر |
| پێگەیشتن | النضج |
| خۆشکراوە | مهيأ |
| دێراو دێراو | صفا صفا |
| شاخاویەکان | الجبلية |
| سەرلەنوێ | من جديد |
| پەین ڕێژ ئەکرێ | يسمد |
| توتنەوانەکان | زراع التبغ |
| بەخێو کردن | الرعاية |
| بژار | تطهيرالارض منالاعشاب الغريبة |
| وەچ کردن | التنقيح |
| گەڵا | الورق |
| بن | الاسفل ، الداخل |
| پەل | الفرع |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
|---|---|
| چین بە چین | طبقة طبقة |
| بنج | الاصل من النبتة |
| پەت | الحبل |
| ڕست | الشدة |
| سێبەر | الظل |
| وشك ئەبێت | يجف |
| ڕەنگی سوور هەڵئەگەڕێ | يحمر |
| بە زەرد باوی بمێنێتەوە | يبقى مائلا الى الصفرة |
| بە قووڵی | بعمق |
| بە پانی | بعرض |
| درێژی | الطول |
| ئەندازە | المقدار |
| دارە ڕاو گڵە بان ئەکرێ | يسقف بالجذوع والتراب |
| سیخناخ | يمتلاء |
| کون بڕ ئەکرێ | تسوي ثقوبه |
| شێ هەڵئەهێنێتەوە | يترشح |
| کاڵ | الفاتح |
| تێر | الغامق |
| بۆندار | ذو رائحة |
| سنوور | الحدود |
| قەبڵێنراو | مخمن |
| دەربڕین | التعبير |

## « شـــاری بەســـرە »

### بەشی یەکەم

کات حەوتی بەیانی‌یە ، باوکی شوان و دایکی شوان و جوان‌و شوان خۆیان ئامادە کردوە ئەیانەوێ بچن بۆ بەسرە ٠

دایکی شوان : تۆ بڵێیت بروسکەکە بە سەمیر گەیشتبێ ؟

باوکی شـــوان : بێ‌گومان ، چونکە لەپێـــرێوە بروسکەکەم ناردووە ٠

سبەینێ لە ئێستگەی شەمەندەفەری بەسرە سەمیر و زەینەب چاوەڕێمان ئەکەن ٠

جوان : بابە گیان ، ڕاست ئـــەکەی چونکە زەینەب و سەمیر زۆریان پێ‌خۆشە بچین ، پێش ئەوەی بڕۆنەوە زۆر جار بە منیان وتووە ، چاوەڕێتان ئەکەین ، نەکەن نەیەن ٠

دایکی شوان : بەخوا کوڕ و کچێکی ئێسك سووکن ٠

باوکی شوان : ئەرێ ئافرەت خۆ دیاریەکانتان لەبیر نەچووە؟

دایکی شوان : چـــۆن لەبیرم ئەچێ ٠ تۆ نەتـــوت هەنگوین و گوێز و قەزوان و گەزۆ و بنێشت و مێوژیان بۆ ئامادە بکە ٠

باوکی شوان : ئەی دەستە جلە کوردی‌یەکەی ئەحلامی خوشکی زەینەب ؟

دایکی شوان : بەڵێ ئەوەش ئامادەیە ٠

شوان دێتە ژوورەوە و ئەڵێ ئوتومبێلەکەم هێنا ٠

باوکی شوان : زۆر باشە کوڕم ، ئێمە ئامادەین دەی یابڕۆین هیچمان لەبیر نەچێ ٠

شوان : هەروەکو بڕیارماندا لە پێشەوە ئەچین بۆ بەغا ، نانی نیوەڕۆ ئەخۆین و ماندوێتیمان ئەحەسێتەوە و ئەمجا ئێوارە سواری شەمەندەفەر ئەبین و بەرەو بەسرە ئەکەوینە ڕێ ، جا نازانم « بابە گیان » لەسەر ئەو بڕیارە ماوین ؟

باوکی شوان : بەڵێ کوڕم هەروا ئەکەین ، چونکە هاوڕێکانت بەیانی لە ئێستگەی شەمەندەفەر چاوەڕێمان ئەکەن ٠

## بەشی دووەم

کات بەیانییە باوکی زەینەب و زەینەب و ئەحلام و سەمیر لە ئێستگەی شەمەندەفەری بەسرە چاوەڕێی گەیشتنی میوانەکانیان ئەکەن ٠

باوکی زەینەب : سەمیر ، چەندی ماوە بۆ گەیشتنی شەمەندەفەرەکە ؟

سەمیر تەماشای کات ژمێرەکەی ئەکا و ئەڵێ : چارەکێکی ماوە بگا ٠

باوکی زەینەب : تۆ بڵێی باوکی شوان سوور بێ لەسەر ئەوەی لە ئوتێل دابەزن ؟

سەمیر : بەڵێ وا حەز ئەکەن ٠

زەینەب : چۆن حەز ئەکەن با وابکەن ٠

سەمیر : ئەمە ڕاستە منیش لە ئوتێلی سەمیرامیس ژوورێکی خۆشم بۆ گرتوون ٠

باوکی زەینەب : زۆر باشە باوابێ ٠

خەڵکەکە هاتووچۆیان تێکەوت ، چونکە شەمەندەفەرەکە

خەریکە ئــەگات ، گوێیــان لە دەنــگی بــوو ، پــاش ماوەیــەك شەمەندەفــەرەکە گــەیشت ، جــوان و شــوان لــە پەنجــەرەی فارگۆنەکەیانەوە تەماشای پێشوازیکەرەکانیان ئەکرد ، سەمیریان دی سەمیریش ئەوانی دی و وتی : ئا ئەوەتان •

شەمەندەفەرەکە ڕاوەستا و سەمیر چووە ناو فارگۆنەکە و بە گەرمی دەستی یەکە یەکەیانی گوشی و کۆڵ هەڵگرێکی بانگ کرد بۆ داگرتنی شتەکانیان ، ئەمجا باوکی زەینەب و زەینەب و ئەحلام هاتن ، بەگەرمی بەخێرهاتنیان کردن و شتەکانیشیان خستە ناو تاکسی‌یەکەوە و هەموویان سوار بوون ، تاکسی‌یەکە بە شەقامی ئێستگەدا ڕۆی •

بــاوکی زەینــەب : گەورەتــان کــردین ، بەهاتنتــان زۆر بەختیارین •

باوکی شوان : زۆر سوپاستان ئەکەین بەڕاستی عەزێتمان دان •

سەمیر : عەزێتی چی ؟ئەمڕۆ جەژنمانە، بەسرە شاری خۆتانە

باوکی شوان : هەر بژی •

لێخوڕەکە : پاش شەقامی ئێستگە بەرەو کوێ ئەفەرموون ؟

باوکی زەینەب : باوکی شــوان ، بێ‌گومان لە ماڵی خۆمان دائەبەزین •

باوکی شوان : سوپاس ، ببوورن ، لەگەڵ سەمیر لەم بارەیەوە زۆر دواوین ، ئەگەر ڕێمان بدەن ئەچینە ئوتێل •

باوکی زەینەب : باشە بەڵام حەزمان ئەکرد لە ماڵی خۆمان دابەزینایە •

سەمیر : بە لێخورەکەی وت بۆ ئوتێلی سەمیرامیس • تەکسی یەکە بە خێرایی بە شەقامە پانەکانی بەسەرەدا ئەڕۆی گەیشتە بەردەمی ئوتێلەکە و ڕاوەستا و هەموویان دابەزین و چوونە ئوتێلەکەوە •

خاوەن ئوتێلەکە چوو بەپیریانەوە و بەخێرهاتنی کردن و وتی : کاك سەمیر ، دیارە ئەمانە میوانەکانتانن ژوورەکەیان ئامادەیە ، ئەمجا شاگردێکی بانگ کرد و پێی وت ژووری ژمارە سێ • شاگردەکە شتومەکەکانیانی هەڵگرت ، پێشیان کەوت •

باوکی زەینەب : باشتر وایە بەجێتان بهێڵین ، دوێنێ شەو باش نەنووستوون ، با ماندوێتی یان بحەسێتەوە ، نیوەڕۆ بۆ نان خواردن چاوەڕێتان ئەکەین •

باوکی شوان : ئەم زەحمەتە بۆچی ؟

باوکی زەینەب : زەحمەتی چی ، چیمان بۆ کردوون ، سەمیر سەعات یەك یەت بە دواتانا •

باوکی شوان : سوپاستان ئەکەین ، دەستی یەکتر ئەگووشن و باوکی زەینەب و سەمیر و زەینەب و ئەحلام دێنە دەرەوە •

## بەشی سێیەم

کات دەی ئەوێ بۆ یەك ، باوکی شوان و دایکی شوان و جوان و شوان چاوەڕێی هاتنی سەمیر ئەکەن •

دایکی شوان : ئەرێ شوان ئەوە بۆچی باوکی سەمیر دیار نەبوو ؟

شوان : باوکی سەمیر « خوا لێی خۆش بێ مردووە » •

دایکی شوان : دیارە بە گەنجی مردووە ، چونکە سەمیر هێشتا

مناڵە ٠

باوکی شوان : ئەرێ باوکی زەینەب ئیشی چی یە ؟

جوان : مامۆستای سەرەتایی یە ٠

دایکی شوان : ئەی ئەحلام لە پۆلی چەندە ؟

جوان : لە پۆلی شەشەمی ئەدەبی یە ٠

شوان : بۆیە تۆزێك کوردی ئەزانێ ٠

دایکی شوان : ئەم کوردی یە چۆن فێر بووە ؟

شوان : لە قوتابخانە فیر بووە ، چونکە هەموو قوتابی یانی عیراق لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی دا کوردی ئەخوێنن ٠

باوکی شوان : بەڕاستی شتێکی باشە ٠

لە دەرگای ژوورەکە ئەدرێ ، دەرگاکە ئەکرێتەوە و سەمیر دێتە ژوورەوە ڕۆژباشی یان لێ ئەکاو ئەڵێ : هیوادارم ماندوێتی تان حەسابێتەوە ٠

هەموویان : سوپاست ئەکەین ، تۆزێ نووستین ٠

سەمیر : کەوابوو با بڕۆین تەکسی یەکە لە خوارەوە وەستاوە٠

هەموویان دێنە دەرەوە سواری تەکسی یەکە ئەبن بەرەو ماڵی باوکی زەینەب ئەکەونە ڕێ ٠

سەمیر بە لێخوڕەکە ئەڵێ : تکایە بۆ گەڕەکی مامۆستایان ٠

شوان : ماڵی مامت لێرەوە دوورە ؟

سەمیر : نەخێر نزیکە ٠

باوکی شوان : بەڕاستی بەسرە شارێکی جوانە ، شەقامەکانی فراوانن و خانووی بەرز و باخچەی زۆری تیایە ٠

سەمیر : سوپاس ، بەڕاستی بەسرە شارێکی گرنگە ، چونکە بەندەری عیراقە و شارێکی بازرگانی‌یە •

تەکسی‌یەکە بە شەقامێکدا ئەڕوات کە ئەملاو ئەولای بە درەخت ڕازاوەتەوە ، پاش ماوەیەك سەمیر بە لێخوڕەکەی وت : لێرەدا بووەستە •

تەکسی‌یەکە لەبەردەمی خانوویەکی تازەدا ڕاوەستا و هەموویان دابەزین •

سەمیر : ئەمەیە ماڵی مامم ، فەرموون ، هەموویان ئەچنە ژوورەوە •

باوکی زەینەب و خێزانەکەی بەپیریانەوە دێن و ئەیانبەنە ژووری میوان لە دوای یەکتر ناسین دایکی زەینەب داوای لێبوردنیان لێ ئەکات و ئەچێ بەلای ئیشەکانیەوە •

باوکی زەینەب : وا بزانم شاری سلێمانی هێشتا ساردە ؟

باوکی شوان : بەڵێ وایە ، دوو ڕۆژ لەمەوبەر بەفرێکی زۆر باری •

باوکی زەینەب : لە بەسرەدا ( وەکو ئەبینن ) بەهارە ، هەرچەند بەهار لای ئێمە کورتە بەڵام زستانەکەمان سارد نی‌یە ، وەکو بەهاری لای ئێوە وایە ، بە پێچەوانەی هاوین و پایز کە زۆر گەرمن •

باوکی شوان : ڕاست ئەفەرموون •

دایکی زەینەب دێتە ژوورەوە و ئەڵێ : نانەکەتان ئامادەیە فەرموون •

باوکی زەینەب : فەرموون با نانەکەمان بخۆین ، هەموویان

هەڵئەستن و زەینەب پێشیان ئەکەوێ بۆ ژووری نان خواردن ، مێزێکی گەورەیە بە هەموو جۆرە خواردنێـــك ڕازێنراوەتەوە ، هەموویان دائەنیشن ٠

دایکی زەینەب : ئەبێ لە کەموکورتی‌مان ببوورن ٠

دایکی شوان : کەموکورتیی چی ؟ خوا نەیبڕێ لەمە زیاتر ٠

باوکی زەینەب : بە نۆشتان بێ ٠

زەینەب : توخوا شەرم مەکەن ، باش لەم ماسی‌یە بخۆن بزانن چۆنە ٠

شوان : ماسیی بەسرە بەناوبانگە ، ئەبێ لەمەودواش بڵێین لێنانی ماسی لە بەسرەدا بەناوبانگە ، هەموویان دەستیان کرد بە خواردن کە لێبوونەوە گەڕانەوە ژووری میوان ٠

باوکی شوان : بەسرە شارێکی کۆنە ٠

باوکی زەینەب : بەڵێ شارێکی زۆر کۆنە ، لە ساڵی چواردەی کۆچی‌دا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی جێنشینی عومەردا ( د٠ خ ) لێبێ دروست کراوە ٠

شوان : شاری بەسرە دەستێکی باڵای لە شارستانێتی ئیسلامیو عەرەبی‌دا هەبووە ٠

باوکی زەینەب : بەڵێ ڕاست ئەفەرمووی ، بازاڕی (مەربەد) مەیانێکی ئەدەبی بووە و مزگەوتی بەسرەش زانکۆیەکی بەنرخ بووە بـــۆ لێکۆڵینەوەی قورئانی پیرۆز و ڕێزمـــان و فەلسەفە و مێژوو ٠٠٠ هتد ٠

شوان : ئەمە زۆر ڕاستە ، هەمـــوو خوێنەوارێك زاناکانی بەسرە وەکـــو خواناســـی بەناوبانـــگ ( حەســـەنی بەســـری ) و

فەیلەسوفی موعتــەزیله ( نــەززام ) و نووســەری بەناوبانگ ( جاحز )و زمانەوانی بلیمەت( خەلیلی فەراهیدی )باش ئەناسێ ٠

باوکی شوان : ئەمە مێژوویەکی پرشنگداری ئاینی ئیسلامی پیرۆزە میللەتی کوردیش شانازی بــەم مێژووەوە ئەکا ، چونکە زاناکانمان ، وەك یونس کوڕی حەبیب و کوڕی خەلەکان و ئامێدی زاناکانمــان ، وەك یونس کوڕی حەبیب و کــوڕی خەلەکان و ئامێدی و کــوڕی ئەسیر بەشــداریان لە زانســتەکانی ئیسلام کردووە ٠

باوکی زەینەب : برایەتی کورد و عەرەب لە مێژوودا زۆر کۆنە و ئەم برایەتییە سەرچاوەی خێر بووە ٠

کۆڕەکە تۆزێك بێدەنگ ئەبن ٠

جوان : بابە گیان نەچین تۆزێك بگەڕێین ؟

باوکی زەینەب : هێشتا زووە ٠

باوکی جوان : نەبەخوا با بڕۆین ٠

باوکی زەینــەب : چۆن حــەز ئەکەن با وابێ ، ســەمیر لە خزمەتتانایە ٠

هەموویان هەڵئەستن و باوکی شوان و دایکی شوان و جوان و شوان خواحافیزی ئەکەن و لەگەڵ سەمیر ئەچنە دەرەوە ٠

## بەشی چوارەم

باوکی شوان و دایکی و سەمیر بەسەر پردێکدا ئەڕۆن ٠

جوان : کاکە ســەمیر ئەم پردە ناوی چییە ؟

سەمیر : ناوی سندبادە ٠

شوان : ئەی ئەو دوورگەیە ناوی چیە ؟
سەمیر : ئەو دوورگەیەش ناوی سندبادە .
باوکی شوان : دیارە دوورگەیەکی خۆشە .
سەمیر : بەڵێ وایە زۆر خۆشە جێگای حەسانەوەیە ، چونکە گازینۆو یاریگاو باخچەی خۆش خۆشی تیایە .
دایکی شوان : من ماندووم، با تۆزێك لەمدوورگەیە بحەسێینەوە.
سەمیر : باشە وائەکەین .

پردەکەیان بڕیو گەیشتنە دوورگەکە ، لە گازینۆیەکی نزیك بە ئاوەکە دانیشتن .

جوان : بەخوا دانیشتنێکی خۆشە ، هەواکەی فێنکە .
باوکی شوان : تەماشای ئەم ڕووبارە بکەن چەند پانە ، خەڵکی ناو ئەو بەلەمانە چەند دڵیان خۆشە ، سەیریان کەن چۆن هەڵئەپەڕنو چەپڵە لێ ئەدەنو گۆرانی ئەڵێن .
سەمیر : ئەمە خووی شاری بەسرەیە . هەموو خێزانێك ئێوارانی بەهار بەلەم بەکرێ ئەگرنو لەم ڕووبارەدا سەیران ئەکەن .
باوکی شوان : کاکە سەمیر تۆزێك باسی شاری بەسرەمان بۆ ناکەی ؟

سەمیر : بەسەر چاو ، شاری بەسرە دووبەشە بەشێکی لە گەڕەکە کۆنەکان پێکهاتووە کە ئەکەوێتە ناوچەی عەشار و زووبێر و بەدوو ، لەم گەڕەکانە گەڕەکی حوسێن و ئوبللە و گەڕەکی هادیە، بەشەکەی تری لە شەقامو گەڕەکە تازەکان پێکهاتووە وەکو شەقامی دینار و شەقامی جەزائیر و شەقامی چواردەی تەمموز و گەڕەکی ئەندەلوس و گەڕەکی مەعقەل و گەڕەکی فەرمانبەران و مامۆستایان .

شاری بەسرە هەمووی بە دار خورما دەورە دراوە جگە لە لای خواروو کە گرێ بیرە نەوتەکانی ڕمێلە و زوبێری لێوە دیارە ٠

لە ناوچەی بەسرەدا باخو باخاتێکی زۆر هەیە ، بە درێژایی ڕێگاکەی قورنە و فاو خورماو دار درەختی بەردار ڕوانراوە ٠ شاری بەسرە لەڕووی ئابووریەوە بەهۆی بوونی بیرە نەوتەکانیو پیشەسازی خورماو ڕاوە ماسیو بازرگانی زۆر پێشکەوتووە ، زانکۆی بەسرەش لەو پێشکەوتنەدا دەستێکی بالای هەیە ، لە سەیرانگا خۆشەکانی شاری بەسرە باخچەی شەقامی ( وەتەن )ە کە پەیکەری شێری بابلی تیایەو شەقامی کۆڕنیشی (شەتولعەرەب) کە پڕە لە گازینۆو شوێنی حەسانەوە وەهەروەها دوورگەی ( ئەلفەحم ) وە ناوچەی ( ئەلجبایش ) کە باشترین ناوچەی دار خورماکانی بەسرەیە ٠

باوکی شوان : زۆر سوپاست ئەکەین پشت بەخوا سەر لەوشوێنانە ئەدەین ٠

دایکی شوان : پیاوەکە درەنگ نیە ؟

باوکی شوان : بەخوا ڕاست ئەکەی درەنگە ، خۆ هەستمان بەکات نەکرد ، چ زوو ڕۆژ چووە سەر ٠

هەموویان هەلئەستن و تەکسیەك ئەگرن و ئەڕۆن ٠

باوکی شوان و خێزانەکەی لە بەرەدمی ئوتێلەکەیان دائەبەزن و سەمیریش ئەچێتەوە بۆ مالەوە ٠

## بەشی پێنجەم

لە هۆلی ئوتێلی سەمیرامیسدا باوکی شوان و دایکی شوان و باوکی زەینەب و دایکی زەینەب دانیشتوون ٠

دایکی زەینەب : چ زوو ئەڕۆنەوە ، ئەوەندە نەمانەوە،کە تێرتان لێ بخۆین ٠

دایکی شوان : چی بکەین ، ماڵەکەمان چۆڵە ٠

باوکی شوان : بە ڕاستی شاری بەسرە ئەوەندە لە لام خۆشە ئەگەر هەموو تەمەنم تێی دا بەرمە سەر لێی تێر نابم ٠

دایکی زەینەب : عیراق سەرانسەر خۆش‌و بەپیتە ٠

باوکی شوان : ئەمە زۆر ڕاستە ، بێ گومان سەرمان لێ ئەدەن‌و بە چاوی خۆتان شاری سلێمانی ئەبینن ٠

دایکی زەینەب تەماشای باوکی زەینەب ئـەکاو زەردەخەنە ئەیگرێ ٠

باوکی زەینەب : بڕیارمان داوە کە لە ئاهەنگی دەرچوونی سەمیرا سەرتان لێ بدەین ٠

باوکی شوان : واتە لە مانگی شەش‌دا ٠

باوکی زەینەب : پشت بە خوا ٠

دایکی شوان و باوکی شوان : یاخوا بەخێربێن گەورەمان ئەکەن ، ئالەم کاتەدا جوان و زەینەب و سەمیر و شوان دێنە ژوورەوە ٠

باوکی زەینەب : ڕوو ئەکاتە سەمیرو ئەڵێ هێنات ؟

سەمیر : بەڵێ هێنام ئەوەتا لە دالآنەکە دام‌ناوە ٠

باوکی شوان تەماشای باوکی زەینەب ئەکا ٠

باوکی زەینەب : هیچ نیــە ، نــەختێ خورماو تــۆزێ بەهاراتی بەسرەیە ، هیوادارم کە لەگەڵ خۆتانا بی‌بەن ٠

باوکی شوان : سوپاســ ٠

جوان : باوکە کوا دایکم ؟

باوکی شوان : لە سەرەوەیە ، شتەکان ئامادە ئەکا .
شوان : جوان با بڕۆین . یارمەتی دایکم بدەین ، ئوتۆمبێلەکە وا ئەگات . جوان و شوان ئەچنە سەرەوە .
دایکی زەینەب : بۆچی بە ئۆتۆمبێل ئەگەڕێنەوە ؟ .
باوکی شوان : بەڵێ ئەمانەوێ ڕێگا ببینین و سەرێکیش لە شاری کووت بدەین ، چونکە خزمێکمان لەوێیە .
دایکی زەینەب : باشە بە خۆشی .
ئوتومبێلەکە ئەگات ، شتەکانی تێ ئەخەن و بەگەرمی دەستی یەکتر ئەگووشن ، ئەمجا خێزانەکەی باوکی شوان سواری ئوتومبێلەکە ئەبن و بەرەو کووت ئەکەونە ڕێ .

## دەستووری زمان :

من جووتیارم
تۆ جووتیاری
ئەو جووتیارە
ئێمە جووتیارین
ئەوان جووتیارن
من قوتابی بووم
تۆ قوتابی بوویت
ئەو قوتابی بوو
ئێمە قوتابی بووین
ئێوە قوتابی بوون
ئەوان قوتابی بوون
من ئەبم بە مامۆستا

تۆ ئەبی بە مامۆستا
ئەو ئەبێ بە مامۆستا
ئێمە ئەبین بە مامۆستا
ئێوە ئەبن بە مامۆستا
ئەوان ئەبن بە مامۆستا

**دەستوور :**

ئەگەر لــە ڕستەدا کرداری تەواو نەهاتبوو پێویســتمان بە کرداری ( کەینوونە ) هەیە ، کرداری ( کەینوونە )ش لە چاوگی ( بوون )ەوە وەرئەگیرێ و بەم جۆرەی خوارەوە لە ڕستەدا دێ :

١ ــ ئەگەر هاتــوو ڕستەکە لــە کاتی ( حــال )دا بــوو کرداری ( کەینوونە ) دەرناکەوێ بەڵکو جێناوی کەسی لکاوی گونجاو لەو ڕستەیەدا بەرچاو ئەکەوێ :

( م ، ین ، ی ، یت ، ن ، ە ، ن ) ٠

٢ ــ ئەگەر هاتــوو ڕستەکە لــە کاتی ڕابووردوودا بــوو ئەوە کــرداری ڕابــوردووی (کەینــوونە) لە چــاوگی (بــوون) وەرئەگرین ٠

( بووم ، بــووین ، بوویت ــ بووی ، بــوون ، بوو ، بوون ) ٠

٣ ــ ئەگەر هاتــوو ڕستەکە لە کاتی (المستقبل)دا بــوو کرداری داهاتووی (کەینوونە) لە چاوگی (بوون) وەرئەگرین :

( ئەبم ، ئەبــین ، ئەبیت ــ ئەبی ، ئــەبن ، ئەبێ ، ئەبن ) ٠

٤ ـ ئەگەر ڕستەکە فەرمان بوو ئەوا کرداری فەرمان لە چاوگی (بوون) وەرئەگرین ( ببە ، ببن ) ٠

<u>بۆ خوێندنەوە :</u>

وتارێك کە پەسەندت کردبێ لە ڕۆژنامەیەکی کوردیدا بە وردی بخوێنەوە ، ئەمجا لە دەفتەرەکەتا بە کورتی بینووسەرەوە ٠

<u>دەربڕین :</u>

بە نامەیەك باسی بەهاری سلێمانی بۆ هاوڕێکەت بکە ٠

## ڕاهێنانی ( ١ )

دەرسەکە بە وردی بخوێنەوە ، ئەمجا وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە :

١ ـ دیاریەکانی ماڵی باوکی شوان بۆ ماڵی زەینەب و سەمیر چی بوون ؟

٢ ـ بۆچی خەڵکەکە هاتووچۆیان تێکەوت ؟

٣ ـ باوکی زەینەب ئیشی چیە ؟

٤ ـ بە چەند دێڕێك باسی بەسرە بکە ٠

٥ ـ ئەو زانا کوردانەی بەشداریان لە شارستانێتی ئیسلام کردوە کامانەن ؟

٦ ـ شاری بەسرە چەند بەشە ؟

٧ ـ هۆیەکانی پێشکەوتنی بەسرە چین ؟

## ڕاهێنانی ( ٢ )

ا ـ ئێواره ، بەسرپێرێوە ، گەڕانـەوە ، ڕۆیشت ، هەڵگرتن ، سواربوون ، دوایانکەوت ، ئێواره ، چارەك ٠

ب ـ ئەوەی لەو وشانەی سەرەوە ئەگونجێ لە جیاتی ئەم وشانەی کە هێڵیـان بە ژێردا هاتووە لە ڕستەکانی خـوارەوە بەکار بێنە ٠

١ ـ کات حەوتی بەیانی یە ٠

٢ ـ چونکە لە پێرێوە بروسکەکەم ناردووە ٠

٣ ـ باوکی زەینەب و ئەحلام و سەمیر لە ئێستگەی شەمەندەفەری بەسرە چاوەڕێی گەیشتنی میوانەکانیان ئەکەن ٠

٤ ـ شەمەندەفەرەکە ڕاوەستا ٠

٥ ـ کۆڵ هەڵگرێکی بانگ‌کرد بۆ داگرتنی شتەکانیان ٠

٦ ـ هەموویان دابەزین ٠

٧ ـ شاگردەکە شتومەکەکانیانی هەڵگرت و پێشیانکەوت ٠

٨ ـ نیوەڕۆ بۆ نان خواردن چاوەڕێتان ئەکەین ٠

٩ ـ کات دەی ئەوێ بۆ یەك ٠

## ڕاهێنانی ( ٣ )

لەم ڕستانەی خـوارەوە هێڵـێ بهێنـە بە ژێـر کـرداری (کەینوونە)دا ٠

١ ـ من ئەبم بە پزیشك ٠

٢ ـ گەل بەختیاری‌ی ئەوێ ٠

٣ ـ درەختەکە سەوز بوو ٠

٤ ـ ناوەکەم نووسی ٠

٥ ـ ئیمپریالیزم لە عیراقدا دەرکرا ٠

٦ ـ چالاك ببن ٠

## ڕاهێنانی ( ٤ )

ئەم بۆشایی‌یانە بە کردارێکی تەواو یان کردارێکی ناتەواو پڕکەرەوە :

١ ـ جاحز و عەبدولحەمید دوو نووسەر ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠

٢ ـ تۆ بێدەنگ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠

٣ ـ چیرۆکی مەم و زینمان ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠

٤ ـ فەرهەنگی نەوبەهارم ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠

٥ ـ هەموو پیاوێك منداڵ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠

٦ ـ خوێن لە دڵەوە ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ بۆ لەش ٠

٧ ـ ترێ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ مێوژ ٠

## ڕاهێنانی ( ٥ )

ئەم بۆشایی‌یانەی خوارەوە بە وشەیەکی گونجاو پڕکەرەوە :

١ ـ تۆ براو ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠

٢ ـ بەختیار زیرەك ٠ ٠ ٠ ٠ ٠

٣ ـ مامۆستا شارەزا • • • • • • •
٤ ـ من فەرمانبەر • • • • • • •
٥ ـ جووتیارەکان ئیشکەر • • • • • • •
٦ ـ ئێوە میوان • • • • • • •

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| شاری بەسرە | مدينة البصرة |
| بروسکە | البرقية |
| شەمەندەفەر | القطار |
| ئێسك سووك | خفيف الظل ، خفيف الروح |
| دیاری‌یەکان | الهدايا |
| هەنگوتن | العسل |
| گوێز | الجوز |
| قەزوان | الحبة الخضراء |
| گەزۆ | مَن السما |
| بنێشت | العلج (اللبان) |
| مێوژ | الزبيب |
| دەستە جل | البدلة |
| ئوتومبێلەکەم هێنا | جلبت السيارة |
| سوور بێ | المصر على |
| کۆڵ هەڵگر | الحمال |
| لێخوڕ | السائق |
| خوا لێی خۆش بێ | رحمه‌الله |
| گەنجی | الشباب |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| سەرەتایی | الابتدائية |
| ئامادەیی | الاعدادي |
| بەندەر | الميناء |
| پایز | الخريف |
| مێز | المائدة |
| بە نۆشتان بێ | مريئ لكم |
| ماسی | السمك |
| ( د. خ ) | عليه السلام |
| خوا ناس | الزاهد ، عارف‌الله |
| پرد | الجسر |
| یاریگا | الملعب |
| فێنك | المعتدل |
| بەلەم | القارب |
| دار خورما | النخل |
| گڕ | اللهب |
| درەختی بەردار | الشجرة المثمرة |
| ڕاوە ماسی | صيد السمك |
| سەیرانگا | المنتزه |
| پەیکەر | التمثال |
| دەرچوو | النجاح ، التخرج |
| خورما | التمر |
| بەهارات | التوابل |
| هێمن | الهادئ |

# جـــــەژنی نـــــەورۆز

## بەشی یەکەم

زەینەب لە ژووری میوانی ماڵی باوکی شوان دانیشتووە ، جوان یەتە ژوورەوە ئەڵێ : ببوورە دواکەوتم .

زەینەب : بەڕاستی دواکەوتی ، ئەوە چیت کرد ؟

جوان : خەریك بووم نامەکەی ئەحلامی خوشکتم بۆ دایکم ئەخوێنەوە ، ئەزانی ئەمڕۆ کارتی جەژنە پیرۆزەشی بۆ ناردووم .

زەینەب پێ ئەکەنێ و ئەڵێ : ئەحلام زۆر ئێوەی خۆش ئەوێ، لەو بڕوایەدام ئەگەر ئەمساڵ بەکەلـۆری نەبوایە بۆ پیرۆزبایی جەژنی نەورۆز سەری لێ ئەدان .

جوان : پشت بەخوا ئەمساڵ دەرئەچێ و ساڵی ئایندە لە زانکۆی سلێمانی وەرئەگیرێ ، هەموومان پێکەوە جەژنی نەورۆز ئەکەین .

زەینەب : خوا گەورەیە .

جوان : نەچین خۆمان بگۆڕین ؟

زەینەب : با ، درەنگە .

جوان و زەینەب ئەچنە ژوورێکی سەرەوە .

جوان : ئەمە ژووری منە .

زەینەب : بەخوا ژوورێکی خۆشە ئەڵێی ژووری بووکە .

جوان پێ ئەکەنێو ئەڵێ: بووکی چی؟!وەرە جلە کوردییەکان هەڵبژێرە .

جوان دەرگای کەنتۆرەکە ئەکاتەوە .

زەینەب : ئەم کەوا سەوزەم ئەوێ لەگەڵ ئەم کراسە شینە و ئەم ئاوەڵ کراسە زەردە و ئەو چەفتە سپی یە ·

جوان : بەسەرچاو ، بە ڕاستی زەوقێکی جوانت هەیە ، دە وەرە ئاڵتوونەکانیش هەڵبژێرە ·

زەینەب : ئـەم عاشق بەندەم ئەوێ لەگەڵ ئـەو هەیاسە و ملوانکە لیرەیە و تەزبیحە شیلانە و ئا ئەم بازن و گۆیانە ·

جوان : بەسەرچاو ، ئاڵتونی خۆتە ·

زەینەب و جوان خۆیان گۆڕی و هاتنە دەرەوە ·

## بەشی دووەم

شەقامەکانی سلێمانی لە دانیشتوان و میوان جمەیان ئەهات ، دوکانەکان و کۆگـاکان و مەیانەکان بە ئالا و کاغـەزی ڕەنگاو ڕەنگ و چرا ڕازێنراونەتەوە ، دەنگی دەهۆڵوزوڕنا لە هەموو لایەکەوە بەرز ئەبێتەوەو پیاووژن کۆڕی هەڵپەرکێیان بەستووە· زەینەب و جوان دەستی یەکتریان گرتـووە و بە شەقامی کاوەدا بەرەوژوور ئەبنـەوە گوێیان لـە دەنگی دەهۆڵ ئـەبێ و ئاوڕ ئەدەنەوە چاویـان بە خۆپیشـاندانێکی گەورە ئەکـەوێ لەگەڵ خەڵکەکەدا ئەچنە سەر شۆستەکە ، خۆپیشاندانەکە بە بەردەمیانا ئەڕوا ·

لە پێشدا تاقمێك بە دەهۆڵ لێدانەوە دێن ، دوابەدوای ئەوان کۆمەڵێك سوارچاکان بە شیرو ڕمو قەڵغانەوە تێ ئەپەڕن ·

زەینەب : ئەم سوارانە چین ؟

جوان : ئەمانە دوانزە سوارەی مەریوانن ·

ئەمجا نوێنەرانی ڕێکخراوان و یەکێتی یەکان بە دروشمە تایبەتیەکانیانەوە دەرئەکەون .

پاش ماوەیەك خۆپیشاندانەکە تێ بەربوو ، جوان و زەینەب بەرەو کۆمەڵی کۆلێجەکان کەوتنە ڕێ .

لەپڕ زەینەب ڕاوەستا و وتی : جوان ئا ئەو ئاگرانە چین لەسەر چیاکان و سەربانەکان ؟

جوان پێ ئەکەنێ و ئەڵێ : کچێ مەترسە ئەمە ئاگری نەورۆزە نیشانەی دەست پێکردنی جەژنە .

زەینەب : بەخوا دیمەنێکی جوانە ، تەماشای چیای گۆیژە بکە چۆن وشەی (نەورۆز)یان بە ئاگر نووسیوە . ئا لەم کاتەدا شوان یەت و شەوباش لە جوانی خوشکی ئەکا و ئەچرپێنێ بە گوێ‌ىدا و ئەڵێ : ئەم کچە کوردە شۆخ و شەنگە کێ یە لەگەڵتا ؟

جوان پێ ئەکەنێ و ئەڵێ : زەینەب ، زەینەب وەرە گوێ بگرە شوان چی ئەڵێ ؟

زەینەب : ئەڵێ چی ؟

جوان : ئەڵێ ئەم کچە شۆخ و شەنگە کێ یە لەگەڵتا ؟

زەینەب پێ ئەکەنێ و دەستی شوان ئەگوشێ و ئەڵێ : جەژنی نەورۆزتان پیرۆزبێ هەموو ساڵێك بە خۆشی و کامەرانی .

شوان : سوپاست ئەکەم ، هەر بژیت . بۆ کوێ ئەچن ؟

جوان : تۆزێ پیاسە ئەکەین .

شوان : باشە بەڵام ئایا ئەزانن سبەینێ لە هۆڵی زانکۆدا میهرەجانێك بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە ئەگیرێ ؟

زەینەب : سەعات چەند ؟

شوان : دەی بەیانی ٠

زەینەب : باش بوو پێت وتم ، ئامـــادە ئەبم ئەمەوێ شتێك دەربارەی ئەم جەژنە بزانم ٠

شوان : باشە کەوابوو سبەینێ یەکتر ئەبینین ٠

دەستی یەکتر ئەگوشن و ئەڕۆن ٠

## بەشی سێیەم

کات دەی بەیانیە ، هۆڵی زانکۆ لە مامۆستایان و قوتابییانو بانگکراوان جمەی دێ، دروشمی نیشتمانی بە دەیان هەڵواسراوە وەکو : ( نـــەورۆز جەژنی سەربەستییە ) ، ( نـــەورۆز جەژنی بەهار و خۆشییە ) ، ( نەورۆز جەژنی برایەتی و دۆستایەتییە )٠

ئاهەنگ گێڕرا ، سروودی :

( ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیــە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بەهاتەوە )

پێشکەشکرا ، وتارێکی زۆر خوێنرایەوە ، قوتابییەك بە جلی کوردییەوە باسی جەژنی نـــەورۆزی کرد و وتی : نەورۆز جەژنێکی کۆنە نەتەوەی کورد لە مێژەوە یادی ئەکاتەوە ، وشەی (نەورۆز) بە واتای ڕۆژی نوێ دێت ٠

ئەم ڕۆژە پـــیرۆزە لە یەکەم ڕۆژی وەرزی بەهـــارا بووە ، سەرما و بەفر و باران نەما ، بەفر توایەوە ، درەخت چرۆی کرد، زەوی کراسی سەوزی لەبەر کرد ، باڵندە خەریکی جریوە و بڵاو کردنەوەی ئاوازە خۆشەکانی بوو ، ئاوی زەلاڵ لەسەر شاخ و قەدپاڵ و گردەکانا ئەهاتە خوارەوە ، کوردەکانیش لەم ڕۆژەدا

ئەچنە دەرەوەی شـــار و دێهات ، هــەرە جوانترین جلیـــان لەبەر ئەکەن و بەخــۆشی ڕائەبوێرن ، ژن و پیاو شـــایی و هەڵپەڕکێ ئەکەن ، لەسەر ئاوازی مۆسیقای نەتەوەیی ، دەهۆڵ و زوڕنا و دەف و شمشاڵ ، سوارچاکەکان خەریکی تەراتێن و ڕمبازی ئەبن ، ئا ئەمەیە جەژنی نەورۆز لە ژیانی گەلی کورد ٠

قوتابی‌یەکە لــە قسەکانی بۆوە و گوێگران چەپڵــەیان بۆ لێدا و کۆمــەڵ کۆمەڵ بە خۆشــی و کامەرانی هــۆڵی زانکۆیان چۆڵ کرد و بەرەو ئاهەنگەکانی دانیشتوانی شاری سلێمانی ملی ڕێگایان گرت ٠

## دەستووری زمان :

من لە بەغداوە هاتووم ٠
ئەوان لە کەرکووکەوە هاتوون ٠
ئێمە لە زانکۆ ئەخوێنین ٠
لە ساڵی ئاییندەدا دەرئەچین ٠
لە گۆشتەکەم خوارد ٠

لە سلێمانیەوە ئەچم بۆ شەقلاوە ٠
بۆ خوێندن تێ ئەکۆشین
ئەمە بۆ من ئەوەش بۆ تۆ ٠
بە ڕۆژ ئیش ئەکەین بەشەو ئەحەسێینەوە ٠
بە ناو باخەکەدا پیاسە ئەکەین ٠

بەخوا کەمتەرخەمی ناکەم ٠
نامەکەم بە مەرەکەب نووسی ٠
لە سلێمانی گەنم بە ڕبە ئەفرۆشن ٠

ئاو ئەبێ بە سەهۆڵ ·
ئەم کراسە بە چەندە ؟

تا حللە چووم و گەڕامەوە ·
هەتا شەقامەکە لەگەڵتا دێم ·
دوێنێ شەو هەتاکو بەیانی نەنووستم ·
ڕوومەتی وەك گوڵە ·
من وەکو تۆم ·

## دەستووری هەندێ لە ئامرازەکانی پەیوەندی

ئامرازی پەیوەندی لە زمانی کـوردیدا زۆرە ، واتای هەر ئامرازێك لە ڕستەکەیدا دەرئـەکەوێت ، وا لە خوارەوە واتاو بەکار هێنانی هەندێ لەم ئامرازانە دەرئەخەین :

١ ــ (لە ··· وە) ــ ( ە ، وە ) ( من ، لابتداء المكان )

( لە ··· دا ) (في ، لتخصيص المكان والزمان)

( لە ) (من ، للتبعيض )

٢ــ بۆ (الى ، لانتهاء الغاية المكانية)
بۆ (لاجل)
بۆ (لام التخصيص)

٣ــ بە (الحرف ــ ب ــ للزمان)
بە (خلال للمكان)
بە (القسم)
بە (الحرف ــ ب ــ للاستعانة والواسطة)

به (الحرف – ب – للكمية)
به (الى للتحول من حال الى حال)
به (حرف – ب – للمقدار)
٤– تا، هەتا، هەتاوەکو، هەتاکو (حتى ، لانتهاء الغاية المكانية والزمانية)
٥– وەك ، وەکو (أداة التشبيه ك ، مثل)

دەربڕین :

بە دەمی باسی شارەکەتمان بۆ بکە .

## ڕاهێنانی ( ١ )

دەرسەکە بە وردی بخوێنەوە ئەمجا وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە :

١ – زەینەب لە کوێ دانیشتووە ؟
٢ – زەینەب چی لە جلەکانی جوان هەڵبژاردووە ؟
٣ – شاری سلێمانی شەوی نەورۆز چۆن بوو ؟
٤ – خۆ پیشاندانەکە چۆن ڕێکخرابوو ؟
٥ – ئەو دروشمانەی لە هۆڵی زانکۆدا هەڵواسرابوون چی بوون ؟
٦ – جەژنی نەورۆز لە ژیانی گەلی کوردا چی ئەبەخشێ ؟

## ڕاهێنانی ( ٢ )

ئەم وشانەی خوارەوە بە دەربڕینی خۆت لە ڕستەدا بەکار

بێنه :

دواکەوت ، نامە ، پیرۆزبێ ، هەڵبژێرە ، دانیشتوان ، کۆگا ، خۆپیشاندان ، یەکێتی ، شۆخوشەنگ ، زانکۆ ، ئەمەوێ ، بەهار، شاخ ٠

## ڕاهێنانی (٣)

ئەم ڕستانە بخوێنەوە ،لە پاشا هەرچی ئامرازێکی پەیوەندیت بەرچاو کەوت هێڵێکی بەژێردا بکێشە :

١ ـ جووتیارەکە بە مەکینە پێنج دۆنمی زەوی کێڵا ٠

٢ ـ کتێبەکانم لە سندووقەکەدا هەڵگرت ٠

٣ ـ لە دامێنی چیاکەوە ، خۆمان ئەکوتا بۆ لوتکەکەی ٠

٤ ـ وڵاتەکەمان وەکو بەهەشتە ٠

## ڕاهێنانی (٤)

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە ئامرزێکی پەیوندەی گونجاو پڕبکەرەوە ٠

١ ـ ئەڕۆم ٠٠٠٠٠٠ لادێ ٠

٢ ـ ٠٠٠٠٠٠ پێغەمبەر (د٠ خ) درۆناکەم ٠

٣ ـ ٠٠٠٠٠٠ سەرکەوتنە تێ ئەکۆشن ٠

٤ ـ چاوی ئەم منداڵە ٠٠٠٠٠٠ کووژەکەی شینە ٠

٥ ـ ٠٠٠٠٠٠ فڕۆکە ئەچین ٠٠٠٠٠٠ بەسرە ٠

٦ـ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ م داره میوه مه‌که‌ره‌وه ۰
٧ـ مه‌ژی ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ مردن ، بمره ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ژیان ۰
چۆن قازانج ئه‌که‌ی ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ نه‌که‌ی زیان ۰

| واتای وشه‌کان | معانی الكلمات |
|---|---|
| جه‌ژنی نه‌ورۆز | عيد (نوروز) |
| نامه | الرسالة |
| جه‌ژنه پیرۆزه | المعايدة |
| پیرۆزبایی | التبريك |
| که‌وا | الصاية |
| سه‌وز | الاخضر |
| کراس | الثوب ، القميص |
| ئاوه‌ڵکراس | لباس الطويل |
| زه‌رد | الاصفر |
| چه‌فته | الشال |
| ئاڵتون | الذهب |
| عاشق به‌ند | قطعة من الذهب تغطي الصدر |
| هه‌یاسه | الحزام النسائي |
| ملوانکه | القلادة |
| ته‌زبیحی شیلان | نوع من القلائد |
| بازن و گۆ | المنتشه |
| کۆگاکان | المخازن |
| خۆپیشاندان | التظاهر |
| شۆسته | الرصيف |

| واتای وشەکان | معانی الکلمات |
|---|---|
| سوار چاکان | الفرسان الماهرون |
| شیر | السیف |
| ڕم ، نێزە | الرمح |
| قەڵغان | الترس |
| ڕێکخراوان | المنظمات |
| یەکێتیەکان | الاتحادات |
| دیمەن | المنظر |
| شۆخو شەنگ | الجمیلة ، المهیبة |
| بەبۆنەی | بمناسبة |
| مەزن | العظیم |
| سروود | النشید |
| بەهاتەوە | بالسعد |
| وەرز | الفصل |
| چرۆی کرد | تبرعمت |
| قاسپەی کەو | صوت القبج |
| قەد پاڵ | السفح |
| گردەکان | التلال |
| شمشاڵ | النادي |
| تەراتێن | المسابقة |
| لووتکە | القمة |
| بەهەشت | الجنة |
| فڕۆکە | الطائرة |
| قازانج | الربح |

| واتای وشەکان | معانی الكلمات |
| --- | --- |
| زیان | الضرر |

## هاوینە هەوارەکانی وڵاتەکەمان

### بەشی یەکەم

ئەمە هۆڵێکە لە هۆڵەکانی کۆلێجی ئەنـدازیاری ، قوتابی‌یان پۆل پۆل ئەچنە ژوورەوە ، ئەمە جوانە بە پەلە دێت و خۆی ئەکا بە ژووردا ڕۆژباشی لە هاوڕێکانی ئەکاو دائەنیشێ •

هاوڕێکەی تەنیشتی‌یەوە : درەنگ گەیشتی ؟

جوان : بڵێم چی • پاسەکە درەنگ هات ، باشیش بوو هەر فریا کەوتم ، هاوینە هەوارەکانی وڵاتەکەمان بابەتێکی گرنگە ، هەموو ئەنـدازیارێك ئەبێ لـەم بابەتە بکۆڵێتـەوە و نەخشەی زانستی بۆ پێشخستنیان دابنێ •

### بەشی دووەم

ماموستاکە یەتە ژوورەوە ، قوتابی‌یەکان بێ دەنگ ئەبن •

ماموسـتاکە : بابـــەتی ئەمڕۆمـــان دەربـــارەی هاوینـــە هەوارەکانمانە ، ئاشکرایە گرنگی‌ی هاوینە هەوار ـ بەتایبەتی لەم ڕۆژانەدا کە شارستانێتی بەرەو پێشەوە ئەڕوا ـ پتر نرخی پێ ئـەدرێ ، چونکە سەرچاوەیەکە لـە سەرچـاوەکانی سامانی نەتەوایەتی و نیشانەی ئاوەدانی و ئاسایش و پێشکەوتنە •

بۆ ئەوەی پرۆژەی زانستی بۆپێشخستنی هاوینە هەوارەکانی

ولاتەکەمان دانێین ئەبێ بەر لە هەموو شتێك شوێن و سروشتی ئەم هاوینە هەوارانە بزانین ، بۆیــە وا منیش پارێزگە پارێزگە لە بەناوبانگترین هاوینە هەوارەکانی ولاتەکەمان ئەدوێم •

## بەشی سێیەم

هاوینە هەوارەکانی پارێزگای دهۆك :

هاوینە هــەواری ئەم پارێزگەیە تا بــڵێی زۆر خۆشن و تەنانەت مــەرکەزەکەی کە شاری دهۆکە هاوینــە هەوارێکە • دهۆك کە حەفتاو سێ کیلۆ مەتر لە مووسڵەوە دوورە ، ڕێگاکەی هەتا ئامێدی هەمووی هاوینە هەوارە وەکو :

( زاوێتە ) : لــە مووسڵەوە نەوەد کیلۆمەترە ، بــەرزی لە ڕووی دەریاوە هەشت سەد و پەنجــا مەترەیە ، ڕادەی گەرمی لە هاوین‌دا سی‌و هەشت پلەیە ، بێشەو جەنگەڵی سنەوبەر دایپۆشیوە، شوێنی حەسانەوەی زۆری تیایە •

( سوارەتووکە ) : سەدو چواردە کیلۆمەتر لــە مووســڵەوە دوورە ، بەرزی لە ڕووی دەریاوە هەزار و سەد و نەوەد و هەشت مەترەیە • ڕادەی گەرمی لە هاوینا سی‌وسێ پلەیە •

هەوارگەیەکی شاخاوی‌ی خۆشە ، بەسەر شیوێکی کراوەی قووڵدا ئەڕوانێ ، میوانگای باشی هەیە ، لەگەڵ گازینۆیەك لــە تەختی‌یەکەدایە کە بەسەر دەورو پشتی چیاکانی ئەودیوا ئەڕوانێ‌و چەند خانوویەکی پڕ لە کەلوپەلی ئامادە کراو بۆ میوانی هەیە •

( سەرسەنگ ): لە مووسڵەوە سەدو بیست کیلۆ مەتر ئەبێ بەرزی‌ی لە ڕووی دەریاوە هەزار و پەنجا کیلۆ مەتر ئەبێ ، کە گەرمی لە هاوینا ئەگاتە سی‌وچوار پلە ، هەوارگایەکی شاخاوی‌ی

گرنگه ، قەڵبەز و سەرچاوەی هەڵقوڵاوو درەختی زۆر هەیە ، ڕێگاکەی پێچ پێچ و شاخاوی‌یە ، میوانگایەکی گەورەی هەیە کە هەموو پێویستی‌یەك لە گەرماو و حەوزی مەلەی تیایە ·

( سۆلاف ) : لە مووسڵەوە سەد و شەست و هەشت کیلۆمەترە دوورە وە جێگایەکی زۆر خۆشە پڕە لە کانی و تاڤگە و باخ و دارستان ·

( زاخۆ ) : لە مووسڵەوە سەدوچواردە کیلۆمەتر دوورە ، ئەکەوێتە گەلی‌یەکی بچووکەوە ڕووباری خابووری پێدا ئەڕوا و ئەبێ بە دوو قۆڵەوە ، شارەکە وەکو دوورگەیەکی لێ دێ ، دیمەنی دڵفڕێنی زۆرە ، هەموو چەشنە میوەیەکی تیا دەست ئەکەوێ ·

## بەشی چوارەم

### پارێزگای هەولێر :

هاوینە هەوارەکانی پارێزگای هەولێر زۆرن ، بەناوبانگترینیان ئەمانەی خوارەوەن :

( پیرمام ) : لە هەولێرەوە سەد کیلۆمەتر دوورە ، لە ڕووی دەریاوە بەرزی لە هەزار مەتر پترە ، ڕادەی گەرمی لە هاوینا بیست‌و شەش پلەیە ،ناوچەیەکی شاخاوی‌یە لە بانێکی فراوان‌دایە کە بەسەر دەشتی هەولێردا ئەڕوانێ ، ئەم‌دیوی چواردە پێچی هەورازەو ئەودیوی چواردە پێچی نیشێوی‌یە · دوو ئوتێلی تیابە جگە لە کەپر و خانووی ناو باخەکان ·

( شەقلاوە ) : چل و هەشت کیلۆمەتر لە هەولێرەوە دوورە ، بەرزی لە ڕووی دەریاوە نۆسەد و شەست و شەش مەترەیە ،

گەرمی ی لە هاوینا ئەگاتە سی‌و پێنج پلە ٠

( گەلی عەلی بەگ ) : لە شەقڵاوەوە پەنجا کیلۆ مەتر ئەبێ ، بەرزی هەشت سەد مەترەیە ، ڕادەی گەرمی لە هاوینا سی‌و هەشت پلەیە ٠

( حاجی ئۆمەران ) : ئەم هاوینە هەوارە لە شەقڵاوەوە سەد و سی کیلۆمەترە دوورە ، بەرزی ئەگاتە هەزار و حەوت سەد مەتر ، لە هاوینــا گەرمی ی ئەگاتە بیست و هەشت پلە بەڵام لــە زستانا پلەی گەرمی ی وا نزم ئەبێتەوە هەتا ئەگاتە پانزە لەژێر بەستن‌دا ٠

## بەشی پێنجەم

### پارێزگای سلێمانی :

لەم پارێزگایەدا هاوینە هەوار زۆر هەیە، بەناوبانگترینیان ئەمانەی خوارەوەن :

( پێنجوێن ) : ئەم هاوینە هەوارە لە سلێمانی‌یەوە دووسەد و پێنج کیلۆمەتــر دوورە ، بەرزی پێنج هەزار و نۆســەد پێ‌یە ، ڕێگاکەی پێچاوپێچــە ، پێویستی بــە ئوتێل و جێــگای حەسانەوە هەیە ٠

( قــۆپی ـ داری زەرد ) : ئــەم هاوینــە هەوارە خۆشــە لە سلێمانی‌یەوە پەنجــا کیلۆمەتــر دوورە ، بەرزی ئەگاتــە شەش هەزار و سەد و چل و شەش پێ ٠ چاڵاوێکی گەورەیە کەپری لێ کراوە پێویستی‌یەکی زۆری بە ڕێگا و بان و ئوتێل و چێشتخانە هەیە ٠

( تەوێڵە ) : دێیەکی جوانە لە شیوێکدایە ، لە هەڵەبجەوە سی کیلۆمەتر دوورە ٠

( ئەزمڕ ) : نزیکی شاری سلێمانی‌یە ، ئاوی ساردو درەختی زۆرە ، هەمـــوو شاربازێـــڕی لێـــوە دیارە پێویستی بـــە شوێنی حەسانەوە و چێشتخانە و گازینۆ هەیە ٠

( زەڵم ) : نزیکی خورماڵەو تاڤگەیەکی بەرزی هەیە ، پڕە لە درەختی بەردارو دارستانی چڕ،هیچ چەشنە حەسانگایەکی نیە٠

ئالەم باسە کورتەدا بۆتان دەرئەکەوێ کە وڵاتەکەمان هاوینـــە هەوارێکی زۆری تیایەو ئەم هاوینە هەوارانە دیاریی سروشتن، پێویستیان بە دەستی تەکنیکیی مـــرۆڤ هەیـــە بۆئەوەی بگـــەنە ڕادەی هاوینە هەوارەکانی وڵاتـــە پێشکەوتووەکان ، بەڵێ ئـــەو هاوینە هەوارانە پێویستی‌یان بە ڕێگاو بانهەیە ، پێویستی‌یان بە شەقام هەیە ، پێویستی‌یان بەبازاڕو کۆگا هەیە ، پێویستی‌یان بە ئوتێلو یاریگاو باخچە هەیە ٠

جا ئەم هەموو پێویستی‌یانە ئـــەرکی سەرشانی ئێوەیە ئـــەی ئەندازیارانی دواڕۆژی وڵاتەکەمان ئیتـــر چاوەڕێی کـــۆششو بەرهەمتانین ٠

## دەستووری زمان :

کورد و عەرەب بران ٠

شوان هات ئەمجا سەمیر ٠

هاوین گەرمە بەڵام زستان ساردە ٠

که بەهار هات ئەچین بۆ سەیران ٠

یارمەتی ئەدەم ئەگەر پێویستی بە من هەبوو ٠

ئەم دەرمانە بخۆ بەڵکو چاك بیتەوە ٠

ئەچی بۆ بەسرە یان بۆ بابل ٠

تێ کۆشە ئەگینا دەرناچی ٠

هەموو قوتابی یەکان ئامادەن جگە لە نەورۆز ٠

من ئەڵێم بێ دەنگ بن ، کەچی ئێوە قسە ئەکەن ٠

لەگەڵ پیاوخراپ تێکەڵمەبە نەك ئازار بەڕەوشتت بگەیەنێ ٠

ئەم قوماشە مەکڕە چونکە گرانە ٠

## دەستووری ئامرازی پەیوەندی :

پیتی پەیوەندی لە زمانی کوردیدا جۆر بە جۆرە ، وا لە خوارەوە واتاو بەکارهێنانی هەندێکیان ڕوون ئەکەینەوە ٠

| | |
|---|---|
| ١ ــ ( و ) | ( واو العطف ) |
| ٢ ــ ( ئەمجا ) | ( ثم ) العاطفة للتراخی |
| ٣ ــ ( بەڵام ) | ( لکن )للاستدراك |
| ٤ ــ ( کە ) | ( عندما ) |
| ٥ ــ ( ئەگەر ) | ( اذا الشرطیة ) |
| ٦ ــ ( بەڵکو ) | ( عسی ، لعل ) للترجي |
| ٧ ــ ( یا ، یان ) | ( أو ) للتخییر |
| ٨ ــ ( ئەگینا ) | ( والا ) ان الشرطیة المدغمة في لا النافیة |
| ٩ ــ ( جگە ) | ( عدا ) |

١٠ــ ( کەچی ) ( في حين )
١١ــ ( نەك ) ( لئلا )
١٢ــ (چونکە) ( لان )

دەربڕیــن :

سەوا کردن لە بازاڕا •

بۆ خوێندنەوە :

وتارێك کە پەسەندت کردبێ لە گۆڤارێکی کوردیدا پەوردی بیخوێنەرەوە ، ئەمجا لە دەفتەرەکەتا بە کورتی بینووسەرەوە •

## ڕاهێنانی ( ١ )

دەرسەکە بە وردی بخوێنەوە،ئەمجا وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە •

١ ــ بۆچی جوان درەنگ گەیشت ؟
٢ ــ بابەتی لێکۆڵینەوەکە دەربارەی چی بوو ؟
٣ ــ هاوینە هەوارەکانی پارێزگای دهـۆك بـە دوورو درێژی باس بکە •
٤ ــ باسی یەکێك لە هاوینە هەوارەکانی پارێزگای هەولێر بـە دوورو درێژی بکە •
٥ ــ هاوینە هەوارەکانی پارێزگای هەولێر هەڵبژێرە •
٦ ــ هاوینە هەوارەکانی پارێزگای سلێمانی بژمێرە •
٧ ــ باسی یەکێك لە هاوینە هەوارەکانی پارێزگای سلێمانی بە دوورو درێژی بکە •

## ڕاهێنانی ( ٢ )

ئـەم وشانەی خوارەوە بـە دەربڕینی خـۆت لـە ڕستەدا بەکار بێنە :

هاوینە هەوار ، نەخشە ، پرۆژە ، ئاوەدانی ، جەنگەڵ ، پلە کەڵو پەل ، شاخاوی ، بەرزی ، گەرمی ، گەرماو ، هەوراز بەستن ، پێ ، ڕادە ، ڕێگاوبان •

## ڕاهێنانی ( ٣ )

ئەم ڕستانە بخوێنـەرەوە سەرو هێـڵ بەژێـر ئامـڕازە پەیوەندیەکانیاندا بکێشە :

١ ــ مرۆڤ پێویستی بە نان و ئاو و جل و بەرگ و هەوا هەیە •
٢ ــ باڵندەکان فڕین جگە لە کۆترەکە •
٣ ــ ئەگەر بچێنیت بەرەکەی ئەخۆی •
٤ ــ نانەکەت بخۆ ئینجا بچۆ بۆ زانکۆ •
٥ ــ بابچین بۆ کتێبخانە بەڵکو کتێبەکەمان دەست کەوێ •
٦ ــ حەز ئەکەم بچم بۆ سینەما بەڵام تاقی کردنەوەم هەیە •
٧ ــ ئیشم هەیە ئەگینا لە گەڵتا ئەهاتم •
٨ ــ چووم بۆ سەردانی نەنکم کەچی لەوێ نەبوو •

## ڕاهێنانی ( ٤ )

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە ئامڕازی پەیوەندیی گونجاو پڕ بکەرەوە •

١ ــ نەمامەکان ئاو ئەدەم • • • • • سەر لە نوێ هەڵبدەنەوە •
٢ ــ شێر بم شکێنێ • • • • • • ڕێوی بمخوات •

٣ ـ ئەم هاوینە هەوارە خۆشە ········ دوورە ·

٤ ـ ········چوویت بۆ ڕاو ئاگادارمکە ·

٥ ـ من سیروانم نەدی ········· تێم گەیاند ·

٦ ـ نازانم مەڕەکەت ئەوێ ···· بەرخەکە ···· بەرانەکە ·

| واتای وشەکان | معانی الکلمات |
|---|---|
| هاوینە هەوارەکانی وڵاتەکەمان | مصایف بلادنا |
| گرنگی | اهمیة |
| سامان | الثروة |
| ئاوەدانی | العمران |
| ئاسایش | الامن |
| تەنانەت | حتی أن |
| قیرتاو | المعبد |
| سازگار | الصحي |
| بەرزی | الارتفاع |
| ڕووی دەریا | سطح البحر |
| بێشەو جەنگەڵ | الغابة الکثیفة |
| شوێنی حەسانەوە | مکان الاستراحة |
| ڕادە | المستوی |
| شیو | المنخفض (الممر المائي) |
| ئەڕوانێ | یطل |
| کەڵو پەل | الاثاث |
| قەڵبەز | الاندفاع |
| پێچ پێچ | الملتوي |
| گەلێ | کثیر |

| معاني الكلمات | واتای وشەکان |
| --- | --- |
| المحافظة | پارێزگا |
| أربيل | هەولێر |
| سطح | بان |
| المرتفع في وعورة | هەوراز |
| التجمد | بەستن |
| المنخفض | چاڵاو |

## ئاهەنگی دەرچوون

### بەشی یەکەم

پاش نان خواردنی نیوەڕۆ خێزانی باوکی زەینەب و خێزانی باوکی شوان لە باخەکانی سەرچناردا دانیشتبون •

باوکی زەینەب : بەخوا ڕۆژێکی خۆشە ، هەرچەندە کات سێی نیوەڕۆیە و لە مانگی حوزەیراندایین هەواکەی فێنکە •

باوکی جوان : هەموو شتێ ئەمڕۆ جوان و خۆشە،سروشت ئەڵێی بە خۆشی سەمیر و هاوڕێ دەرچووەکانی دڵخۆش بووە •

سەمیر : سوپاست ئەکەم ، نوخشەش بێ لە جوان و شوان •

دایکی زەینەب و دایکی شوان : پشت بە خوا •

باوکی زەینەب : بەڕاستی وڵاتەکەمان پێویستی بە لاوی خوێندەوارو خوێن گەرم هەیە ، بۆ ئەوەی لە مەیانی پەرەسەندنی ئابوری و زانستی و ڕۆشنبیری هەنگاوی فراوان هەڵبنێ •

باوکی شوان : ئەمە ڕاستە ، یەزدان بەهەشتی سەرزەمینی بەئێمە بەخشیوە ، بەڵام ئەمبەهەشتە بەبێ زانینو ڕۆشنبیری هیچناهێنێ •

شوان : بەڵێ وایە ئێستاش هەر شەش زانکۆکەی عـیراق هەوڵی بەدی هێنانی ئاواتی پێشکەوتنی ولاتەکەمان ئەدەن ٠

باوکی زەینەب : کاکـە شوان ، ڕاست ئەکەی بـەلام بەمـەرجێ دەرچووانی ئەم زانکۆیانە ئەبێ خۆیان بە سەرباز بزانن‌و قۆڵی مەردانەی لێ هەڵماڵن‌و قەلاچۆی هەرسێ نەخۆشی‌یە دێرینەکانمان بکەن کە هەژاری و نەخوێندەواری و نەخۆشین ٠

سەمیر : مامەگیـان وابزانم ئەمـە هەستی هەمـوو قوتابی‌یەکی ولاتەکەمانە ٠

باوکی شوان : هەربژی ، ئێمەش لـەم نەوە تازەیە وا چـاوەڕێ ئەکەین ٠

کۆڕەکە تۆزێ بێ‌دەنگ ئەبێ ٠

شوان : کاك سەمیر درەنگ‌نیە ؟

سەمیر تەماشای کاتژمێرەکەی ئەکاو ئەڵێ : ئەرێ‌وەاللە درەنگە٠

دایکی زەینەب : ئۆغربێ ، خۆ هێشتا زووە بۆ ئاهەنگەکە ٠

سەمیر : بۆ ئاهەنگ ناچین ، ئەمەوێ بچم بۆلای وێنەگـرو چەند وێنەیەك بە ڕۆبی زانکۆوە بگرم ٠

باوکی زەینەب : زۆر باشە بچن ئێمەشـس سەعات شەش‌و نیو لـە یاریگاکەدا ئەبین سەمیرو شوان هەڵئەستن و ئەڕۆن ٠

## بەشی دووەم

باوکی زەینەب : بنیات نانی زانکۆی سلێمانی لە شاری سلێمانی ڕووداوێکی پەسەندە چـونکە ئـەم شارە لـە مێژەوە مەڵبەنـدی زانستی‌و سەرچاوەی ڕۆشنبیری کورد بووە ٠

زەینەب : تەماشـای باوکی شوان و دایکی شوان و جوان ئـەکاو ئەڵێ : ـ

باوکم لە مێژووی میللەتی کورددا پسپۆڕە ٠
جوان پێ ئەکەنێو ئەڵێ : مەگەر مامۆستانیە ؟
دایکی زەینەب : خۆزگەم لەم دانیشتنەدا تۆزێ باسی مێژووی کوردی بۆ ئەکردین چونکە هێشتا زۆرمان ماوە بۆ ئاهەنگەکە ٠

باوکی زەینەب سەیری باوکی شوان ئەکا ٠
باوکی شوان : بەخوا دایکی زەینەب پێش نیازێکی بەکەڵکی کرد، زۆر حەزئەکەین بیروڕای ڕۆشنبیرێکی عەرەب دەربارەی مێژووی نەتەوەکەمان ببیستین ٠
باوکی زەینەب : کەوابوو بەسەرچاو ٠

## بەشی سێیەم

پێش پەیدا بوونی ئاینی ئیسلام کوردەکان ئاینێکی تایبەتی خۆیان بووە کە بە ئاینی زەردەشت ناو ئەبرێ ، بەڵام لە ساڵی هەژدەی کۆچی‌یەوە کوردەکان پەیوەندی‌یان لەگەڵ موسوڵمانەکان پەیا کردو لەو کاتەوە چوونە سەر ئاینی ئیسلام ٠
زەینەب : بۆچی هەموو کوردەکان موسوڵمانن ؟
باوکی زەینەب : نەخێر نەء هەندێکیان یەزیدین و هەندێکیان مەسیحین بەڵام زۆربەیان موسوڵمانن و دەستێکی باڵایان لە مێژووی ئیسلامدا بووە ، بۆ نموونە : ـ
کوردەکان لایەنی سوپای جێ نشین مەروانی دووەمیان گرت دژی ( سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیك ) چونکە ئەم جێ‌نشینە دایکی کوردبووە ٠
دایکی زەینەب : لەمەوە بۆتان دەرئەکەوێ کە میللەتی کورد خاوەن دەسەڵات بووەو هەمیشە قەوارەی خۆی پاراستووە ٠
باوکی زەینەب : بەڵێ وایە ئەوەش بزانن کەنیشتمان پەروەرانی

کورد لەسەرەتای سەدەی بیستەما بەشداریەکی گەرمو گورپیان کرد لە هەڵسوڕانی شۆڕشگێڕانەدا شان بەشانی عەرەب و تورك و فورس بۆ هێنانەدی حوکمێکی دەستووری لە ئێران و وڵاتی عوسمانیدا •

پاش سەرکەوتنی شۆڕش لە ساڵی ١٩٠٨دا کوردەکانیش وەك عەرەبەکانو نەتەوەکانی تری وڵاتی عوسمانی خۆش حاڵی خۆیانیان دەربڕی •

دایکی شوان : هەرچەندە قسەکانتان خۆشو بەکەڵکە بەڵام وابزانم کات درەنگە •

دایکی زەینەب تەماشای کاتژمێرەکەی ئەکاو ئەڵێ : بەڵێ وایە •

هەموویان هەڵئەسن و بەرەو یاریگاکە ئەکەونە ڕێ •

## بەشی چوارەم

یاریگاکە بە ئاڵاو دروشمو چرای ڕەنگاوڕەنگ ڕازاوەتەوە ، کاتیش خەریکە ئەبێتە حەوتی ئێوارە ، شوێنەکە تادێت لە مامۆستایانو قوتابی‌یانو بانگکراوان پڕئەبێ • سەرۆکی زانکۆو عەمیدەکان دێنو لە جێگا تایبەتیەکانیاندا دائەنیشن •

ئاهەنگ گێڕێك ئەچێتە سەر میکرۆفۆنو بەخێرهاتنی دانیشتوان ئەکاو ئەڵێ :ـ
وا بە خوێندنەوەی چەند ئایەتێکی پیرۆز دەست ئەکەین بە ئاهەنگی دەرچوونی زانکۆی سلێمانی •

پاش خوێندنەوەی ئایەتە پیرۆزەکان ئاهەنگ گێڕەکە وتی :

ئێستاش گوێتان لە سروودی زانکۆ ئەبێ ، دانیشتوان

چەپڵەیان لێداو کۆمەڵێك کوڕان و کچان هاتنە سەر شانۆ لە گەڵ ئاوازی مۆسیقا سروودی زانکۆیان پێشکەش کرد کە لە سروودەکە بوونەوە ئاهەنگ گێڕەکە ڕای‌گەیاند کە سەرۆکی زانکۆ وتارەکەی پێشکەش ئەکا •

سەرۆکی زانکۆ بە گەرمی پیرۆزبایی لە دەرچووان و کەس و کاریانی کرد • ئەمجا باسی پێویستی عیراق بەگشتی و ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەتایبەتی بە لاوی خوێندەوارو زانا کردو هانی دەرچووانی دا کە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستن و خزمەتی نیشتمان و نەتەوەکەیان بکەن •

پاش وتارەکەی سەرۆکی زانکۆ ئاهەنگ گێڕەکە نوێنەری یەکێتی قوتابی‌یانی کوردستانی پێشکەش کرد •

دانیشتوان بەگەرمی چەپڵەیان بۆ لێدا ، نوێنەرەکە بە ناوی خۆی‌و دەرچووانەوە سوپاسی هەموو لایەکی کردو سەلماندی کە هەموو هاوڕێکانی بۆ بەجێ هێنانی ئەرکەکانی سەر شانیان ئامادەن‌و سوورن لە سەر پاداشی دانەوەی مامۆستاکانیان کە ئەرکیان لەگەڵ کێشاون‌و فێریان کردوون •

دوا بە دوای ئەم وتارە عەمیدی کۆلێجەکان دەستیان کرد بە پێشکەش‌کردنی بڕوانامەی قوتابی‌یان •

قوتابی‌یانی کۆلێجەکان هەڵئەستنە سەرپێ،عەمیدی کۆلێجەکان ڕوو ئەکاتە سەرۆکی زانکۆ و ئەڵێ : لەبەر ئەوەی ئەم قوتابی‌یانە هەموو پێویستی‌یە کانی خوێندنیان تەواو کردووە و دەرچوون تکایە بڕوانامەی بەکەلۆریسیان پێ ببەخشن سەرۆکی زانکۆش لەسەر پێش‌نیازی عەمیدەکە ئەو بڕوانامەیە بە قوتابی‌یەکانی ئەبەخشێ •

دانیشتوان بەوپەڕی خۆشی‌یەوە دەست ئەکەن بەچەپڵەڕێزانو هەلهەلەکێشان بەمجۆرە هەموو عەمیـدەکان بڕوانامەیان بەخشی بەقوتابی‌یانی کۆلێجەکان، ئەمجا سەرۆکی زانکۆ خەلاتی قوتابی‌یە پێشکەوتووەکانی کردو ئاهەنگەکە بە خۆشی و کامەرانی دوایی هـات ٠

## بەشی پێنجەم

لە باخچەی ماڵی باوکی شواندا هـەردوو خێـزانی دۆست دانیشتون میوە ئەخۆن ٠
دایکی شوان ڕووئەکاتە سەمیرو ئەڵێ : ئەمشەو خۆشترین شەوە لە لام ، هیوادارم کە هەمیشە سەرکەوتووبی وە لە یەزدانی پاك داوائەکەم کە دوا ڕۆژێکی بەختیات هەبێ ٠
سەمیر : پـورێ گیان زۆر سـوپاست ئەکـەم خـوا مناڵـەکانت بەختەوەر کات ٠
باوکی زەینەب : نازانین چۆن سوپاستان بکەین ، بەڕاستی زۆر زەحمەتمان دان ٠
دایکی شوان : توخوا وا مەڵێ زەحمەتی چی ؟ چیمان بۆ کردوون، ماڵی خۆتانە و سەمیریش کوڕمانە ٠
باوکی زەینەب : خـوا شـوانتان بۆ بهێڵێ زۆر زۆر سوپاسـتان ئەکەین ٠
زەینەب : بابە گیان درەنگ نیە ؟
باوکی زەینەب : بەڵێ کچم وا هەڵئەستین ٠
باوکی شوان : هێشتا زووە بۆ چی کەی ئۆغر ئەکەن ؟
باوکی زەینەب : سەعات پێنجی بەیانی،چونکە هاوینەو ڕێگاکەمان دوورە ٠

شوان : باشە ئێمەش زوو هەڵئەستین‌و یەین بۆ خوا حافیزیتان ٠
سەمیر : نەبەخوا قەت شتی واناکەن‌و خەو لەخۆتان حەرامەکەن٠
دایکی شوان چاو لە جوان دائەگرێ ، جوان هەڵئەستێ‌و ئەچێ بۆ ژوورەوە ، پاش تاوێك بوخچەیەك ئەهێنێ‌و دێتەوە ٠
دایکی زەینەب : ئەم بوخچەیە چی‌یە ؟
دایکی شوان : هیچ نیە ، دیاری‌یەکی بچوکە بۆ سەمیر ٠
شوان : دەستێ ڕانکو چۆغەو مشکی‌و کڵاوە ، هیواداریین کە کاك سەمیر بۆ یادگار وەری گرێ ٠
سەمیر : زۆر سوپاستان ئەکەم ، ئەمە باشترین دیاری‌یە لە لام چونکە نیشانەی برایەتیمانە ٠

هەموو هەڵئەستن‌و بە گەرمی دەستی یەکتر ئەگووشن‌و ئەمجا خێزانی باوکی شوان تا بەردەرگا خێزانی باوکی زەینەب بەرێ ئەکەن ٠

## دەستووری زمان :

کێ مامۆستاتانە ؟
کەی توتن ئەچێنرێ ؟
کوا کتێبەکەت ؟
جانتاکەت لە کوێ بەجێ هێشت ؟
ئەم قەڵەمەت بە چەند کڕی ؟
چی ئەکەیت ؟
کام قوتابی زیرەکە ؟
ئایا بە کوردی باش ئەدوێی ؟
چۆن هاتیت ؟

## دەستووری ئامرازی پرسیار :

ئەم ئامرازی پرسیارانەی خـوارەوە لە زمانی کوردیدا بە زۆری بەکاردێن :

١ ـ کێ : (من) للذات العاقل

٢ ـ کەی : (متى) للزمان

٣ ـ کوا : (اين) للمكان

٤ ـ لەکوێ : (في اي مكان)

٥ ـ بەچەند ، چەند : (بکم) (کم) الاستفهامية عن المقدار والعدد

٦ ـ چی : (ما) لغير عاقل

٧ ـ کام : (اي) للذات العاقل

٨ ـ ئایا : (هل) للاستفهام عن مفهوم الجملة

٩ ـ چۆن : (کيف) للاستفهام عن الحال

## دەربڕین :

بابەتێك هەڵبژێرە و وتارێکی لە سەر بنووسە ·

## ڕاهێنانی ( ١ )

خوارەوە بدەرەوە :

دەرسەکە بە وردی بخوێنەوە ئەمجا وەڵامی ئەم پرسیارانەی

١ ـ خێزانی باوکی زەینەبو باوکی شوان لەکوێ دانیشتون ؟

٢ ـ وڵاتەکەمان پێویستی بە چی هەیە ؟

٣ ـ سەمیر ئەیەوێ بۆ کوێ بچێ ؟

٤ ـ بۆچی بنیات نانی زانکۆی سلێمانی لە شاری سلێمانیدا ڕووداوێکی پەسەندە ؟
٥ ـ سەرۆکی زانکۆی سلێمانی لە وتارەکەیدا باسی چی کرد ؟
٦ ـ دیارییەکەی ماڵی شوان بۆ سەمیر چی بوو ؟

## ڕاهێنانی ( ٢ )

ئەم وشانەی خوارەوە بەدەربڕینی خۆت لەڕستەدا بەکاربێنە ·

دەرچوون ، قەڵاچۆکردن ، بەهەشت ، وێنەگر ، پسپۆڕ ، جێنشین قەوارە ، نیشتمانپەروەر ، تێکشکاندن ، داخوازیەکان ، ماف دادپەروەری ، دەرچوان ، وتار ، نوێنەر ، یادگار ·

## ڕاهێنانی ( ٣ )

لەم ڕستانەی خوارەوەدا هێڵ بێنە بە ژێر ئەو ئامڕازە پرسیارانەی کە تیایدا بەدی ئەکەی :

١ ـ ئایا سبەینێ ئەچی بۆ زانکۆ ؟
٢ ـ کەی هەنجیر پێ ئەگا ؟
٣ ـ کۆلێجی ئاداب لە کوێوەیە ؟
٤ ـ برنج چۆن ئەچێنرێ ؟
٥ ـ چ مانگێك خوێندن دەست پێ ئەکات ؟
٦ ـ چەند قوتابی لەم پۆلەدا هەیە ؟
٧ ـ مووسڵ کەوتۆتە کوێی عێراقەوە ؟
٨ ـ کەی زانکۆی سلێمانی دامەزراوە ؟
٩ ـ کام شار لە عیراقدا بەنەوت بەناوبانگە ؟

## ڕاهێنانی ( ٤ )

ا ـ بەیانی ئەچم بۆ بەغدا ٠
ب ـ کەی ئەچی بۆ بەغدا ؟

دەتۆش وەك وێنەی (ب) ئامرازی پرسیار بۆ ئەم وەڵامانەی خوارەوە دابنێ :

١ ـ ماسی لە ڕووبارا ڕاو ئەکرێ ؟
٢ ـ زستان بەفر ئەبارێ ٠
٣ ـ شەکر لە چەندەوەر دەرئەهێنرێ ٠
٤ ـ من بە عەرەبی ئەدوێم ٠
٥ ـ تەمەنی نەسرین بیست ساڵە ٠
٦ ـ کتێبەکەم نەکڕیوە ٠
٧ ـ ماجەلان ئەمریکای دۆزییەوە ٠

## ڕاهێنانی ( ٥ )

ا ـ ڕۆیشتم ، نەڕۆیشتم ٠
ب ـ ئەڕۆم ، ناڕۆم ٠
ج ـ بڕۆ ، مەڕۆ ٠

دە تۆش ئەم کردارانەی خوارەوە وەکو وێنەی ( ا ، ب ، ج ) لێ بکە : ـ

چووم ، ئەخوێنێ ، ئەخوێنین ، بڕوانە ، هاتی ٠

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| ئاهەنگی دەرچوون | حفلة التخرج |
| خوێن گەرم | المتحمس |
| سەرباز | الجندي |
| قەلأچۆی ٠٠ بکەن | يبيدون |
| وێنەگر | المصور |
| ڕووداو | الحدث |
| پسپۆڕ | المتخصص |
| ئایین | الدين |
| بە سەرکردایەتی | بقيادة |
| جێ نشینی | الخليفة |
| لایەنی ٠٠گرت | ظاهروه ، وأيدوه |
| لاواز | الضعيف |
| قەوارە | الكيان |
| نیشتمان پەروەران | الوطنيون |
| شان بە شان | كتفا الى كتف |
| پێشەوایان | القادة ، الطليعيون |
| جەنگ | الحرب |
| تێکشکاندن | التحطيم ، الهزيمة |
| بزوتنەوە | الحركة |
| داد پەروەری | العدالة |
| داخوازیەکان | المطاليب |
| پەیمان | المعاهدة |
| هاوپەیمان | الحلفاء |

| واتای وشەکان | معاني الكلمات |
| --- | --- |
| ئۆتۆنۆمی | الحكم الذاتي |
| بەڕێوەبەرایەتی | الادارة |
| ماف | الحق |
| ڕووخاندن | الاسقاط ، التهديم |
| ڕێکەوتن | الاتفاقية |
| پێشکەوتوو خواز | التقدمي |
| ئازایەتی | الشجاعة |
| ئاهەنگگێڕ | عريف الحفل |
| ڕاگەیاندن | أعلن |
| دەرچووان | المتخرجون ، الناجحون |
| بەگشتی | بعامة |
| بە تایبەتی | بخاصة |
| سەلماندی | أكد |
| سوورن لە سەر | مصرون على |
| پاداش دانەوە | الجميل ، المكافأة |
| خەڵاتی کرد | كافأ ، قدم الجوائز |
| پێشکەوتووەکان | المتفوقون |
| پوور | العمة ، الخالة |
| ئۆغر ئەکەن | ترجعون |
| چاو ٠٠ دائەگرێ | تؤشر بعينيها |
| مشکیو کڵاو | ما يوضع على رأس وهو لفة مع عرقجين |
| برنج | الرز |

## پیره مێرد

پیره مێرد ناوی تۆفیق کوڕی مەحمود ئاغای کوڕی هەمزاغای مەسرەفە لە ساڵی ١٨٦٧ دا لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی گۆیژە لە دایك بووە ، لە تەمەنی حەوت ساڵی‌دا خراوەتە حوجرە بۆ فێر بوون ، بەگوێرەی ئەو کاتە لە مزگەوتەکانی سلێمانی فێری عەرەبی و فارسی بووە ، ئیتر دەست لە خوێندن هەڵئەگرێ‌و ئەکەوێتە ژیانی دنیای‌یەوە ، لە ئەیلولی (١٨٨٢)ەوە تا ساڵی (١٨٩٨) لە عیراق‌دا چەند وەزیفەیەکی میری بینیوە ، لە ساڵی ١٨٩٨ دا خوا لێ خۆش بوو (شێخ سەعیدی) حەفید ئەچێ بۆ تورکیا ئەمیش لە گەڵیا ئەچێ ، بەم جورە عیراق بەجێ ئەهێڵێ‌و هەتا ساڵی ١٩٢٤ لە تورکیا ئەمێنێتەوە ، لەم ماوەیەدا چەند ئیشێکی گرنگی ئەبێ لەمانە : ــ

ئەندامێتی لەمەجلیسی عالی‌ی ئەستەموول، خاوەنی ئیمتیازی (مصور محیط) بۆ ماوەی چوار ساڵ ، بەشداربوون لە کۆمەڵێکی کوردی‌دا بەسەرۆکایەتی‌ی (شیخ عەبدولقادری شێخ عوبەیدوڵلا) ئیمتیازی ڕۆژنامەکەیان (کورد) بە ناوی ئەمەوە بووە ، قائمقامێتی (چۆڵە مێرگ) متصرفێتی (اماسە)۰ بەم جۆرە هەتا ساڵی (١٩٢٣)ی لە تورکیا بە سەر بردووە پاش دامەزراندنی حکومەتی عیراق لە ١٩٢٤ دا گەڕاوەتەوە عیراق لە پێشا بۆ بەغدا ئەمجا بۆ سلێمانی ۰ لەو ڕۆژەوە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی توخنی کاروباری میری نەکەوتووە ۰ ٢٦ ساڵ ژیانی لەگەڵ ڕۆژنامەکەی (ژیان ، ژین)و خزمەتکردنی نەتەوەکەیا بەسەر بردووە تا لە ڕۆژی ١٩ ی حوزەیرانی ١٩٥٠ دا لە سەعات چواری پاش نیوەڕۆ لەتەمەنی ٨٣ ساڵی‌دا ماڵاوایی لەخاکی کوردەواری‌و

لە جیهانی شیعرو ئەدەب ئەکات • لەسەر ڕاسپاردەیخۆی لە گردی «مامە یارە» کە کەوتۆتە ڕۆژ هەڵاتی سلێمانیەوە نێژراوە •

پیرە مێرد شاعیرێکی بە سۆزو نووسەرێکی خاوەن بەهرە بووە • بەرهەمەکانی لە شیعرو نووسیندا نموونەی زیرەکیو بلیمەتیین ، بابەتەکانی شیعری بە زۆری نیشتمان پەروەریو کۆمەڵایەتیو ئامۆژگاریو وەسفن • شێوەیەکی هونەری بەرزی هەبووە و بە زمانێکی کوردی ڕەوانو پەتی شیعرێکی زۆری هۆنیوەتەوە • ئەمەش نموونەیەك لە شیعرەکانی :

## سلێمانی

بەیانی بوو ، لە خەو هەستام کە ڕوانیم بەفرە باریوە
سلێمانی ئەڵێی بەلقیسە ، تارای زیوی پۆشیوە
دەمێ بوو چاوەڕێی بەفرێکی وابووم مژدەبێ باری
سەرم بەفرە کەچی هێشتا شەڕە تۆپەڵمە بۆ یاری
لەبیرمە شێرە بەفرینەم ئەکرد ، سواری ئەبووم بێ زین
نسێ بوو جێگەکەی ئەیبەست ، ئەما تاکو دەمی هاوین
بە بەرگی سپیەوە چەند خۆشە شاخی گۆیژە بیبینە
لە ڕەنگی ئاسمان دولبەر ترە ، ئەو سپیە ئەم شینە
ئەڵێن بەرگی فریشتەی ئاسمانیش سپیە وەك بەفرە
فریشتەی ئێمە باڵایە ، بەڵام ئاخ بۆچ ئەخۆین تەفرە؟
هەموو پێچە کلووی بەفرێك فریشتەی خوای لەگەڵدایە
فریشتە کەوتە ناومان بۆیە وا ئاشوب و هەڵڵایە

ئەوا ساماڵی کرد ڕۆژ کەوتە سەر شاخی گڵەزەردە
بەسەر ئەم بەفرەدا تیشکی هەتاو ئەڵماسی خوا کردە
بەسەر گۆنای سپی‌دا خشڵی زێڕینە بریسکەی دێ
پەری سەرکێوی قافیش هێندە پرچی زەردی خۆی لێ‌دێ
چلوورەی گوێسەوانە ، پلپلەی زیوی کچە کوردە
سەهۆڵ ئاوێنەیە ، لێکدانەوەی ئەم دوو شتە وردە
کە پیرێژن سەر و پۆیلەی بە شینی چلە تێک ئاڵا
بەهار یەت ، داری پیر ئەژێتەوە دێتە قەد و باڵا

( نیسانی/١٩٣٢ )

# گـــــــۆران

مامۆستا گۆران ناوی ( عەبدوڵڵا )یە کوڕی سلێمان بەگە لە ساڵی ۱۹۰٤دا لــە شاری هەڵەبجــە لە دایك بــووە ، قوتابخانەی سەرەتایی لەوێ تەواو کردووە پاشان بۆ خوێندن چۆتە کەرکووك، لەبەر ئەوەی باوکی مردووە و براکەی کوژراوە ئیتر خوێندنی پێ تەواو نەکراوە ، بەڵام لەبەر زیرەکی و هوشیاریی کراوە بە مامۆستای قوتابخانە ، پاش ئەوە بووە بە فەرمانبەر ٠

گۆران لە ساڵانی دوایی ژیانیدا بە ڕۆژنامەگەریەوە خەریك بووە ، ماوەیەك سەرنووسەری ڕۆژنامەی ( ژین ) بوو ، بەینێکیش گۆڤاری ( بەیــان )ی لە ســلێمانی دەرکردووە ، لــە ڕۆژنامەی ( ئازادی )شدا نووسەر بووە ٠

دوو ساڵ پێش کۆچی دوایی بوو بە مامۆستا لە بەشی زمانی کــوردیی کــۆلێجی ئــادابی زانکــۆی بەغــدا ٠ هەتـــا لــە ۱۹٦۲/۱۱/۱۸دا پــاش ژیانێکی پــڕ تێکۆشان و بــەرهەم بە نەخۆشی شێرپەنجە لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە ٠

گۆران یەکێك بوو لەو شاعرانەی دەورێکی باڵای بینیوە لە نوێکردنەوەی شعری کوردیداو شعرەکانی نموونەیەکی بەرزنو بە زۆری باسی جوانیی سروشت و نیشتمان پەروەری ئەکەن ٠

## گـــــولی خوێنـــــاوی

- ١ -

کوڕ :-

بڕوانە : شـایی‌یە ، چۆپی‌یـــە ، لەو ماڵـــە
گوێ بگـــرە ، زوڕنایـــە ، دەهۆڵــە ، شمشاڵە
زەرد و سوور تێکەڵ بوون ، ژن و پیاو هەرایە
لەو نـــاوە هەر هـــارەی هەیاسەی تـــۆ نایـــە
سا توخوا ، خێراکە ، با بڕۆین ، دەست بگرین
بە کامی دڵداری پێکەوە هەڵپەڕین . . . .

کـــچ :-

گوڵ نەبێ بۆ سەرم : ئاڵ چەپکێ زەرد چەپکێ
نایەم بـــۆ زەماوەن ، نایـــەم بۆ هەڵپـــەڕکێ

کوڕ :-

کچ لە ڕێی جوانیتا ، کـــچ لە ڕێی جوانیتا
کچ لـــە ڕێی نێو نیـــگای هاتو چـــۆی کانیتا
پاییـــزە ، گـــەڵای دار ڕژاوە ، باغ ڕووتـــە
گوڵ کوانێ ؟ گوڵ لێـــوی بەبزە نەپشکووتە

کـــچ :-

گوڵ نەبێ بۆ سەرم ، ئاڵ چەپکێ زەرد چەپکێ
نایـــەم بۆ زەمـــاوەن ، نایـــەم بۆ هەڵپەڕکێ
بتدایـــە دڵ بـــە من ، بـــە هەمـــوو مەعنـــاوە
دوو چەپکت ئەهـــانی لـــە باخچـــەی پاشـــاوە

کوڕ :ـ

ئەڕواو ( لەبەر خۆیەوە بە گۆرانی‌یەوە ئەڵێ )

**باخچەی پاشا لەوبـەر ئاوە**
**خێڵی دوژمـن دەورەی داوە**
**ئـەڕۆم ڕێـگام لێ گـیراوە**
**ئاڕۆم چاو کاڵ لێـم تۆراوە**

( بەرە بەرە لە دێ دوورکەوتەوە )

ـ ٢ ـ

کوڕ :ـ

**بە باخچەی پاشادا، ورد گەڕام، خوار و ژوور**
**زەرد هەبوو ، بۆم چنیت ، چنگ نەکەوت گوڵی سوور**
**نازانم ئەمجا دێیت بۆ شایی و هەڵپەڕکێ ؟**

کـچ :ـ

**نایەم ، گوڵ ماویەتی بۆ سەرم سوور چەپکێ !**

کوڕ :ـ

( یەخەی مراخانی ترازان )

**ناتەوێ ئەم زامی سەر دڵەم لە باتی ؟**

کـچ :ـ

**هەی هـاوار • تفەنگی دوژمنیش پێـکاتی ؟**
**ڕاکشـێ تاوێ سـەر بنێـرە سـەر ڕانـم ،**
**با بگـریم بۆ دڵێ ، بۆ گـوڵێ دۆڕانم ! ••**

# شـــاكر فەتتـــــاح

مامۆستا شـــاكر فەتتاح نووســـەرێکی هاوچـەرخە و خاوەن قەڵەمێکی بـە پیتە ، بەرهەمێـکی زۆری لـە وتار و چـیرۆك و شانۆگەری و وەرگێـڕان لە چاپ داوە ، مامۆستای ناوبـراو لە نووسینی پەخشاندا خاوەن شێوەیەکی بەرزە و بە کوردییەکی پەتی و ڕەوان ئەنووسێ لە ڕووی بیروباوەڕەوە بۆ بەدی هێنانی چەند ئامانجێکی دەست نیشان کراو قەڵەم بەکار ئەهێنێ ٠

لەبەر ئـەوەی شـــاکر فەتتاح لـە پەیدابـوونی چیرۆکی هونەریی کوردیدا دەستێکی باڵای هەبووە وا لە خوارەوە چیرۆکی « گرامەفۆنەکەم چۆن کڕی » لە کتێبی (شەبەنگە بەڕۆژ)ەکەیەوە وەرئەگرین و پێشکەشی ئەکەین :

## گرامەفۆنەکەم چۆن کڕی

٠٠ کاکم هەرچەندە قورئانخوێنیش بوو کە ئەیخوێند، بەڵام ئەوەندە دەنـگی ناخۆش بوو یان هەردوو گوێی خـۆمم بە لۆکە قایم ئەکـرد وە یاخوو بەلای کەمەوە هەزار هەنگاوێك لــە ماڵ دوور ئەکەوتمەوە ، تا خۆمم لە دەست گوێگرتنی دەنگی ڕزگار ئەکرد ٠ وام لێهاتبوو ، هەرچەندە بە برا بچکۆلەکەمی بگوتایە « ئا دەی قورئانەکەم بەرێ » ٠ دەمودەست پەلاماری کەوشەکانم ئەدا و خۆم دەرباز ئەکرد ٠ لاموایە هەر لەبەر ناخۆشیی دەنگی کاکم بـوو کە من دەنگی خۆمم بـەدڵا چووبوو ٠ ئەگـین وەك لە هاودەمەکانی خۆمم بیستبوو دەنگی منیش لەوانە نەبوو کە ئاواتی بۆ بخوازرێ ٠ واتە هەر لەبەر ئاهی سوێند بوو کە پێیان ئەگوتم دەنگ خۆشی ٠ لەگەڵ ئەمەشا کاکم هەر شەوێك دەستی بپەرژایە گۆرانیی هەمە ڕەنگی پێئەوتم ٠ ئەیوت :ـ

« ئەم گۆرانیانە خۆشن ، چونکە کوڕێنیی خۆمم ئەخەنەوە بیر !؟ » ٠

که شـایی خەتەنە سوورانیان بۆ کردم ، له شـارەکەدا کەم کەس گرامەفۆنی هەبو لەبەرئەوە که گرامەفۆنێکیان بۆ شاییەکەم هێنا ، وەخت بو لــه خۆشیانا بیخۆم ، بەلام داخــەکەم زۆری پێ نەچوو گرامەفۆنیان بردەوە ٠ وە هەرچەند هەڵپە و هاوارم کرد بۆیان نەهێنامەوە ٠ لەبەر ئەوە هەتا بڵێی دڵم چوو به گرامەفۆنا وە ئەوەندە بە مەراقیەوە ئەنووستم له خەویشما به شەو هەر له گرامەفۆن کڕین خەریك بووم ٠

جا چونکە کاکم ئەوەندە حــەزی له دەنگی خۆش و گۆرانی ئەکرد لام وابــوو هەر ئەوەندە کــه پێی بڵێم کــه گرامەفۆنێکم دۆزیوەتەوە ، گورج بۆم ئەکڕێ و لەو نەخۆشیەدا دڵم ناشکێنێ ، کەچی داخەکەم بە هەڵەدا چووم ، هەر ئەوەندەم خۆش بوو تا لام ئاشکرا کرد ، دوژمنی گیانت بێ ، زمانی به تەرحێك لێکردمەوەو بە جۆرێك دەستی لێدامە هەڕەشە کردن ، وەختبو له عاستی خۆما ببم بە تنــۆکێ ئاو ، که دایکم لەسەری کردمەوە ، قیــژاندی بە سەریا پێی وت : « هەمووی تۆ خووی هەتیوەکەت خراپ کردووە، من بە ڕیشی ســپییەوە وەختی گرامەفۆن کڕینمە ؟ ئنجــا نۆرەی ئەوەمە خەڵــك پێم بڵێن ماڵەکەی کردووە بە لۆتیخانــە ؟ ئایا نازانێ هەر ماڵێ گرامەفۆنی تیابێ فریشتە ڕووی تێناکا ؟ وە ڕووت و نابووت ئەبێ و ئەکەوێتە سەر ساجی عەلی ؟! ٠ ئەمجارە که دایکم بەرپەرچی دایەوە ، کاکــم دەستی کرد به جوێندانی ، ئەوەندەی نەمابوو هەڵسێتە سەر پێ ، وە تووکی سەری بڕو تێتەوە
ئەوەندەی نەمابوو هەڵسێتە سەر پێ،وە تووکی سەری بڕو تێنێتەوە

بەڵام لەم ناوەدا هەر منی تیاچووم • چونکە ئیتر لەو ڕۆژەوە کاکم ڕووی نەدامێ ، منیش نەمئەوێرا توخنی ئەو بکەوم •

بەڵام نەنکم زۆرزان بوو ، کە ئـەو ئەچووە دەرەوە هەموو جارێ دڵخۆشـیی ئەدامەوە ؟ ئەیوت کوڕم خەفـەت مەخۆ ، خۆت خۆش بی گرامەفۆنیشت ئەبێ ، من دەردی کاکت ئەزانم چی‌یە • بەخوا نە لەبەر خوا و نە لەبـەر نەهاتنی فریشتەی خوایەتی کە گرامەفۆنت بۆ ناکڕێ • وە نە لە قسەی خەڵکیش ئەترسێ ، ئێستا ئەگەر یەکێ گرامەفۆنێکی بۆ بنێرێ بە دیاری دەستی ماچ ئەکا ، وە لە خۆشیا پێی ناکەوێتە سەر عەرد • وە شەو و ڕۆژ لە لێدانی ناکەوێ • ئنجا ئەگەر بەقسەی نەنکی خۆت ئەکەی لەمەودا هەر ڕۆژە هەندێ لە ڕۆژانەکەتم بدەرێ بۆتی کۆئەکەمەوە ، تا زۆر ئەبێ ئەوسا بەو پوولە و بە هەنـدێ پوولی دایکت گرامەفۆنێکی خنجیلانەی پێ ئەکڕین •

بە ڕاستی قسەی نەنکمم زۆر پێ خۆش بوو • ئەم پیرێژنە زۆر ژیـر بوو گەلێ جار لە تـەنگ و چەلەمەی وەهـای ڕزگار کردبووم لەبەر ئەوە بێ‌پەروا جڵەوی خۆم دایە دەستی • زۆری پێ‌نەچوو پوولێکی باشی پێ کۆکردمەوە • بەڵام دیسانەوە بەشی کڕینی گرامەفۆنێکی نەکرد • لەبەر ئەوە بەملاو بەولادا تەقەلامدا گرامەفۆنێکی کۆنـەم دۆزیەوە • هەرچـەند پیرە گرامەفـۆن لە تەمەنی نەنکیشما ئەبوو ، بـەڵام من لام لە ساز و سەمتوورێکی شاهانی گەلێك خۆشەویست‌تر بوو •

لەو چەندانەدا کاکم هەستی بە کۆمەڵی یەکێتی‌ی من و دایکم کردبوو ، لەبەر ئەوە دیکتاتۆری خۆی لە ماڵدا ئاشکرا کرد • ئیتر لەو ڕۆژەوە هەرکەسێ ناوی گۆرانی و گرامەفۆنی بهێنایە ، یان

بەدار یان بەزار شلکوتی مەرگی ئەکرد ، خۆ من لە ڕستەی ڕەشی کاکما سەردەستە بووم ، قەت مەپرسە بە جارێ تۆقاندبوومی ، دوایی چووم بە لای دایکمەوە ، ئەو پارەی زۆر زۆر بوو ، سەرت نەیەشێنم ئەوەندە دەستم ماچ کرد و هێندە سوێندە گورگانەم بۆ خوارد کە ئیتر هەرچی ئەو بیلێ بە قسەی بکەم و قەت بێ دڵی نەکەم ، تەفرەمدا ، وە بەڵێنم لێسەند کە لە پارەی گرامەفۆنەکە هەرچی مایەوە ئەو بیدا • بەڕاستی ئەوەندە لە دڵپاکی و خۆشەویستی دایکم دڵنیا بووم بێخەم پاڵم لێدایەوە ، وە ئیتر ئەو شەوە بە خۆشی‌یەوە نووستم تا بەیان •

سەرت نەیەشێنم ، دوایی من و دایکم و دوو کارەکەر چووینە ماڵی خاوەن گرامەفۆن دەستمان کرد بە لێدان و کڕینی گرامەفۆنەکەی بەڵام چی بێ لە تۆ نهێنی بێ ، ئەوەندە پەلەی کڕینم هەبوو ، هەرچەند دایکم بیوتایە بەوەندە پێم بفرۆشە من ئەوەندەی ترم بۆ ئەخستە سەر ، بەڵام کە تەماشام کرد دایکم لێم مۆڕ ئەبێتەوە ترسام کە لە کڕینی گرامەفۆنەکە پەشیمان بێتەوە •

ناچار بووم دەستم کرد بە مێچکە مێچکە • سا بە دەست ماچ کردن بێ یان بە پاڕانەوە ، گرامەفۆنم بە نرخێکی گران بە دایکم کڕی • هەرچەند کە لە ژێریشەوە کسپە لە جەرگمەوە ئەهات بۆ ئەو نرخە گرانە کە دامان بەڵام کە بیری ئاهەنگ و زەماوەندی پیرە گرامەفۆنم ئەکردەوە ئەو نرخەم لەبەر چاو نەئەهات ••

لە کورتی بیبڕمەوە ، لە سایەی سەرپۆش و بەرماڵ و چارۆکەو کۆڵوانەو سەبەتەو مام گرامەفۆنمان وەها شاردەوە • کە هێنامانە ماڵەوە، نەك کاکم کەسی تریش هەستی پێ نەئەکردین • بە پەلە تا ئەوان هاتنە ژوورەوە • من یەغدانێکی کۆنی باپیرم

هەبوو پـــاكم كردەوە و پیرە گرامەفۆنم تیا شـــاردەوە و كلیل و قلۆمی یەغدانم كرد ، ئیتر هەر خوا خوای ئەوەم بوو كاكم لە ماڵ بەدەربێ ـ تا تێروپڕ گرامەفۆنەكەم لێ بدەم ، لێت ناشارمەوە تا مانگێكیش گرامەفۆنم بێ بۆری لێ ئەدا ، كەلێشم ئەدا پەنجەرەو دەرگاكانم توند دائەخست و كەل و قوژبنی ژوورەكەم باش كون بڕ ئەكرد • كاكم بلیمەتێك بوو بـــۆ خۆی ، قەت مەپرسە ، وەك دێو و درنج سامێكی هەبوو لە ماڵدا ، هەر لە دوورەوە زەندەقی پیاوی ئەبرد ! لە ترسی كاكیشم خاوەن گرامەفۆنیش كە ناسیاومان بوو ئامۆژگاریمان كردبوو كە لای كەس نەڵێ گرامەفۆنەكەی بە ئێمە فرۆشتووە ، بەڵام كاكم كە تۆزێك لە هەڕەشە و گوڕەشەی خۆی سارد بوبۆوە گەلێكمان بە گـــوێدا دا كە ئەو ناسیاوەمان گرامەفۆنێكی باش و قورئانی دەنگ خۆشی هەیە •

لەبەر ئەوە تا جەژن هات ئێمە بە هەمووومان توانیمان كاكم بهێنینە ســـەر ڕێ و ئەو گرامەفـــۆنە بۆ جەژن لـــەو ناسیاوەمان بخوازین • بەڵكو تۆزێ گوێ لەقەوانی دەنگ خۆشی قورئان بگرین •

ناسیاوەكەشمان ـ خـــاوەن گرامەفۆنەكەمان ـ ڕۆژ بە ڕۆژ لەم كەینە و بەینە ئاگادار ئەكرد • ئیتر هەر ئەوەندەی پێ چوو كرا بە جەژن • بۆ سبەینێ منت ئەبینی پیرەگرامەفۆن لێ ئەدەم وە كاكم بەدڵ گوێی لەقەوانی قورئانەكە ئەگرێ •وەئەڵێ ئەمجارەش لێی دەرەوە و دەرزییەكەی تازەكەرەوە • منیش ئەوەندە قەوانی قورئانم لێدا وەڕسم كرد تاخۆی ناچار بوو گوتی، ئەی قەوانەكانی تر چین ؟

نەنكم زەردەخەنەیەكی كـــرد • دایكم دایە قاقای پێكەنین • بەڵام مـــن نەمهێشت كاكم بەم تیزە پێ بزانێ ، گـــورج قەوانێكی

( شنوی فارسی )م بۆ خستە سەری پاش ئەوە قەوانێکی ( بەزراوی )شم بۆ لێدا • لە ژێرەوە سەیرێکی کاکمم کرد • خەریك بوو ئەگەشایەوە ، وا دیار بوو کوڕێنیی خۆی کەوتبووە بیر • بە ڕاستی تووکەی سمێڵی ئەهات • هەر ئەوەندەم زانی قۆڵی لێ هەڵکرد و قاچی خستە سەر ئەژنۆی ، دەستێکی خستە سەر ئەژنۆی ، چەناگەی خستە ناو مستی‌یەوە و دەستی کرد بە گۆرانی وتن • منیش کە زانیم کاکم گۆرانی ئەڵێ ، قورئان خوێندنەوە ناخۆشەکەیم کەوتەوە بیر ،گورج پەلاماری کەشەکانمداو خەریك بوو ڕابکەم ، بەلام نەنکم توند چمکی کەواکەی ڕاکێشام و دایناموە • ئنجا بە گوێ‌یدا چرپاندم « نەکەی بڕۆی وەختی ڕۆین نی‌یە ، دان بە خۆتا بگرە ، ئەوەندەی نەماوە کۆمەڵی خۆمان سەرکەوێ ، کاتێکت زانی جلەوی کاکیشتمان کەوتە دەست ، دانیشە مەڕۆ گرامەفۆنی خۆت لێدە ، بەڕاستی نەنکم ژنێکی تێ‌گەیشتوو بوو،نازانم چۆن وا دەماری کاکمی ناسیبوو، ئەوەندەی پێ‌نەچوو کاکم هاتە سەربار وە لە پاش جەژن ــ کە بە فڕو فێڵ وامان تێ گەیاند بوو کە گرامە فۆنەکەمان ناردۆتەوە ماڵی خاوەنی ــ تکای کردەوە کە بچم گرامەفۆنەکە لە ماڵی ناسیاوەکەمان بخوازمەوە • زۆری پێ نەچوو قەوانەکانی تری یەك بە یەك پێ لێدام ، وە ئەوەندە گیرۆدەی دەنگی پیرە گرامەفۆن بوو بوو کە من دیار نەئەبووم خۆی لێ‌ی ئەدا ؟

ڕۆژێك هاتمەوە ، کە سەیرم‌کرد ئەوا پیرە گرامەفۆن یاخی بووە • دەسکەکەی بائەدەم باناخوا•بە زۆر بای ئەدەم دەسکەکەی ئەگەڕێتەوە توند ئەدا لە دەستم ، مەچەکم ئەشکێنێ ، دوایی ناچار بووم سنگێکم بۆ داکوتا • وە کە دەسکەکەیم بائەدا گورج بە گوریسێك دەسکەکەیم بەو سنگەوە ئەبەستەوە ، بەم تەرحە

له دەست خاو بوونەوەی زەمبەلەكو شـەڕوو شـۆڕی دەسكەكەی ڕزگارم بوو ، دەستم كرد بە لێدانی ، بەڵام كـە سەرنجمدا ، لـە جیاتی دەنگ ، قەوانەكە زیڕەی دێ ، تومەز ئەمە كاكم ویستبوی میناكەی پاكاتەوە ، ئەمەندە فـووی لـە كونـە لوتیەوە ( جـێ دەرزی‌یەكەی ) پیا كردبوو باغەی میناكەی تەقاندبوو ٠

هەر چۆنێك بێ ، بـە قاقەزو جەوی میناكەیشم چاكردەوە ، بەڵام كە سەیرم كرد چونكە دەوری‌یەكەی بە خێرا خولی ئەخوارد، كام قەوان دەنگی زڕ بوو ، وەك دەنگی منالی لێ ئەهات ، پاشان ئەمەندە خاو ئەبۆوە ، دەنگی ژنیش بوایە وەك هی پیاوێكی پیری لێ ئەهات ، كـە دەسكەكەیم بائەدایەوە ، دەنگەكە ـ ئەبۆوە بـە دەنگی منالْ ، كە تۆزێ دەستم لێ بەرئەدا ، دەنگەكە ئەبۆوە بـە هی پیرە مێرد ، دوایی ناچار بووم ( كۆمەڵی دیموكراتی ـ من و نەنكم و دایكم )كردە سەر كاكم وە بـەهەر پلار و توانجێك بـوو چەند پۆلێكمان لە دەست كردەوە ٠ ئنجا چوومەلای چەخماخ سازو گرامەفۆنەكەم پـێ چاكردەوە ٠ كاكم ئەو شەوە لـە داخی ئـەو پارەیە نانی نەئەخوارد ، وەتا چەند سەعاتێك بە داخەوە تلایەوە تا خەوی لێ كەوت ٠ بۆ ڕۆژی دوایی تا توانی قەوانی پێ لێدام، وا دیاربوو ئەیویست تۆڵەی ئەو چەند پـووڵە بكاتەوە ، بـەڵام لەم وەختە تەنگو چەڵەمەیەدا نەنكم لەگەڵ منو دایكما دەنگی كرد بە یەك ٠

دامان نا ، ئەگەر كاكم نـە هاتە سەر ڕێ و لاساری لـە گەڵ كردین ، هەرچیەكی لێكردین لێی بكەینەوە ، وە هەرچیەكیشی پێ وتین پێی بڵێینەوە ٠

وە چەند قسەیەكیشمان ڕێك خست كـە بـە كاكمی بڵێین ،

ەنکم لە پێشەوە من و دایکیشم لە دوایەوە، بە مەشقی سێ کەسی و ڕۆیشتین تا گەیشتینە ژووری کاکم ئنجا نەنکم پێی ووت ، « ئەمەی تۆ ئەیکەی بۆ ئێمە باش نیە • ماڵەکەت تەواو لە تام خستووە ، ئێرەت کردووە بە لۆتی خانە شەوو ڕۆژ گرامەفۆن ! جائیتر خوا چاوی لە سەرمان ئەبێ ؟ چۆن فریشتە ڕوومان تێ ئەکاوە چۆن نانمان نابڕێ و ناکەوینە سەر ساجی عەلی !ئنجا ڕوی کردە من و وتی « هەستە کوڕە هەستە ، هەر ئێستە ئەبێ ئەم گرامەفۆنە بەریتەوە ماڵی خاوەنی ، ئیتر نامەوێ بیهێنیتەوە بەم ماڵەدا » هێشتا نەنکم قسەی خۆی تەواو نەکردبوو من پەڕە گرامەفۆنم فڕاندو گەیاندمە سەر پلیکانەکان ، بەڵام کاتێکم زانی کاکم بە سەری قوتین و پێی خاوس بە هەڵەداوان گەیشتە سەرم وە گرامەفۆنی بێ گێڕامەوە سەرێ ! وتی : « نەنکت هەزار قسەی وا بکات بەخوا ئەبێ گرامەفۆنم هەر بۆ لێدەی » نەنکیشم وتی : « کەواتە ئەگەر بە خۆڕاییش دەست کەوتبێ توورە نابی ؟! »

کاکم وتی : « پەشیمان بوومەوە ! » نەنکم وتی : ئەی ئەگەر گرامەفۆنەکە لە چوار مانگێ لەمەوپێشەوە بە دزی تۆوە بە پارەی براکەت و دایکی کڕابێ ئەڵێی چی ؟ کاکم وتی « ئەڵێم سەد جار پیرۆزمان بێ »کاکم ئەوەی وتو لە خۆشیانا دەستی کرد بە بازدان و هەڵپەڕین ! •

ئنجا نەنکم دەستی کردە قاقای پێکەنین و بە من و دایکمی وت « هەرچیەکم وت نە هاتە دی ؟ » •

وتمان : بەڵێ ، پاشان هەرسێکمان بە کاکمان وت : خوا هەر ئەو خوایەیە کە چروکی پیاو فێری خوا ناسین ئەکات •

وە ڕەوشتو خوی چاکی پێ ئەگرێو زمانی تەڕو پاراوی پێ پەیدا ئەکاو شەڕو شۆڕو تووڕەیی فێر ئەکات : ئـاخ ئایـینو دیـنو ڕەوشتی چاکی بەسەزمان ! چەند خراپەو دزیو درۆزنیو شەڕو جوێنو زۆرو ستەم لەژێر پەردەی پاکی ناسکی ئێوەدا ئەکرێ • کاکم سەریداخست ئێمەش هەموومان پێکەنین، بەلام کاکم گوێی نەدایە ، لە شەرما دەستی کرد بە گرامەفۆن لێدان ، بەلام تا ئەو قەوانێکی خستە سەر من سنگێكو گوریسێكو هـەندێ جـەویو چـەند پارچە قاقەزێکم بـۆ ئامادە کردو خستمە بەر دەمی ! کـە ئاوڕیدایەوە ، دایە پرمەی پێکەنینو ناوچەوانی ماج کردم وە چوو دەستی نەنکمو دایکیشمی ماچ کرد ، بەلام تـا ئـەو سەری هەڵبڕی کیسە با خەڵەکەیم دەرهێنا کە تەماشای کرد ئەوا پێشەکی پارەی چاکردنەوەی گـرامەفۆنەکەی لـێ دەرئەهێنم ، زوو لـە مەبەستم گەیشت ، دەست بەجێ گرامەفۆنەکەی بۆ بەجێ هێشتم، ئیتر لەو ڕۆژەوە ، ببڕای ببڕای کاکم بتوانێ بێ دڵیمان بکات و (دیکتاتۆری) مان بـە سەرا بکـا وە ئیتـر کارو بـاری ماڵ بـە هونەرمەندی و ژیری نەنکم و پولی منو دایکمو هێزی (کۆمەڵی دیموکراتی ڕاستە قینە)ی هەرسێکمانەوە بە جوانی و پەسەندیو شادمانی هەڵسوڕێنرا •

## حوسێن عارف

ماموٚستا حوسێن عارف که ناو ئەبرێ یەکسەر هونەری کورته چیرۆك له ئەدەبی کوردیدا دێته یادمان ، چونکه ئەم ماموٚستایه یەکێکه له خولقێنەرانی ئەم هونەره به زمانی کوردی ٠

ماموٚستای ناوبراو سالێ (١٩٣٤) له گەڕەکی سەرشەقام له شاری سلێمانی له دایك بووه ٠ له تەمەنی ژیانی قوتابی‌یەتی‌یەوه دەستی دایه نووسینی ڕاستەقینه ٠ له سەرەتای سالێ (١٩٥٨) له موسابەقەی چیرۆکی گۆڤاری شەفەقدا به پێش‌کەش کردنی چیرۆکی (چای شیرین) خەلاتی یەکەمی وەرگرت ، وه هەروەها لەو سەردەمەدا نامێلکەی (کامەران و هۆنراوەی نوێ)ی نووسی٠

بەرهەمەکانی ئەم قۆناغەی ژیانی به ناوی (محمد صديق عارف)ەوه بلاو ئەکردەوه ٠ پاش شۆڕشی ١٤/تموز/١٩٥٨ کۆمەلە چیرۆکێکی به ناوی (له کۆڕی خەبات)دا دەرکرد که به نموونەیەك له ئەدەبی ڕیالیزمی ئەژمێررێ،له سالی ( ١٩٦٥ )دا کۆلیجی حقوقی تەواو کرد،له سالی (١٩٧١)دا کۆمەلێك چیرۆکی کورتی به ناوی (کلافەیەك ژانی تووڕه) بلاو کردەوه ٠ شێوەی نوسینەوەی له پەخشاندا تا بلێی هونەری‌و بەرزه وێنەی جوان جوان به خوازه و لێکچواندن‌و درکه ، ساز ئەدا بۆ نموونه با چیرۆکی (چای شیرین) بخوێنینەوه : ـ

## چای شیرین

سەرم له خۆم سوڕماوه ئەمڕۆ به پێچەوانەی هەموو ڕۆژانی ترەوه ، ئەو سەماوەره تێك قوپاوەی جارانم لێ بۆته کەمانێکی نەشمیلەو جوان‌و خۆشترین ئاواز،ئەڕژێنێته ناخی دەروونمەوه ،

قوریە گەرە لە تەل گیراوەکەی کە جاران قیزم لێ کردەوە ، ئێستا زۆر بە خنجیلەو خاوێـن دێتە پێشـی چاووم ، کوڕە بگـرە پیالە پۆرخزەکان و جامە ژەنگاوییەکەو شەکردانە ڕەزا قورسەکەش ئەڵێی ئەمرۆ خۆیان لە ئاوی جوانی هەڵکێشاوەو بەدەم منەوە ئەخنێنەوە • داەو دەستگای چا لێنانەکە هەموو نازانم بڵێم مـن بەدەم ئەوانەوە یـان ئەوان بـەدەم منەوە پێ ئەکەنو گەشکە ئەیانگرێت • هەرچۆنێك بێ ، ئەمرۆ وا هەست بـە خـۆم ئەکەم کە هێزێکی ئەفسـاناوی لە ناخی دڵو دەروونما ڕەگی داکوتاوەو ئارامی لە بەر بڕیوم • ئەی گەر وانیە ، بۆچی تا دوێنێش ئـەم چوار قۆڵی چـا خواردنەوەیە (مـن و وەسـتام و وەسـتا ژنم و لەگەڵمانا ئافتاوی کچیشیان) هێندەی دڵتەنگێو پەستی ئەکردم ، کە ئەتوت بە کوتەکەوە بەسەرمەوە وەستاون و ناچاری ئەم چا خواردنەوەیەم ئەکەن ؟ •• کەچی ئەوەتا ئەمرۆ هەموو جووڵەو لەرەو تەقەیەکی ختووکەی هەستو دڵم ئەدەن ـ تـا دوێنێش لـە شەرمو تەریقیا ئارامم لەبەر ئەبڕاو جێگەم بەخـۆم نەئەگرت ، کەچی بێئارامی ئەمرۆم ، ئەنجامی ئـەو هێزە ئەفساناوییەیە کە گیانو هۆشمی هێناوەتەجۆش و خرۆش •

لە کاتێکا من هەر لە سووچەکەی جارانما ، ماتو بێ دەنگ دانیشتبووم‌و بەم جۆرە لەگەڵ خـۆما بـیرم ئەکردەوەو ئـەدوام (ئافتاو)و دایکی وەك هەمـوو ڕۆژانی تـر داەو دەسـگای چـا لێنانەکەیان دامەزراندبووەوە • کلۆ خەڵوزەکانی ناو تەنووری سـەماوەرەکە ، کەوتبوونە تێلە تێڵ و کلپەیان لێ هەڵئەسـتا • ئاوەکەی هاتبووە مێروولەو نەرمە زیلەیەکی بە چەشنی ئاوازێکی ناسك پێك ئەهێنا، ئیتر ها ئێستاو ها ساتێکی تر بکەوێتە کفەکف
ناسك پێك ئەهێنا، ئیتر ها ئێستاو ها ساتێکی تر بکەوێتە کفەکفەو

جۆش و خرۆش ، بێ ئەوەی هەست بە خۆم بکەم ، تاسێکی قوونّ بردمیەوە ، کارەساتەکەی دوێنێ بۆ جاری جارەها سەرنجی ڕاکێشامەوە ٠

بەڵێ : دوێنێ ٠٠٠ هەر ئەم کاتە بوو ٠٠٠ هەمان چوار قۆڵی لە دەوری پیرە سەماوەر ، کۆمەڵەیان بەستبووەوە ، هێشتا فەرمانەکەی وەستا ژنم لە گوێدا ئەزرنگایەوە کە بە ئافتاوی وت:
ـ دەی چایەکەیان بۆ تێکە ٠

ئافتاویش وەك هەموو ڕۆژانی‌تر ، پیاڵەکانی ئامادە کرد ، بەڵام بۆچی بە تایبەتی یەکێکیانی لەوەکانی تر باشتر ئەشت ؟ بگرە شەکریشی دوو ئەوەندەی ئەوانی‌تر تێ ئەتەپان ؟ ئای چەند حەپۆلکە بووم ؟ هەموو ڕۆژێ ئەم کردەوەیەم لە ئافتاو ئەدی ٠ کەچی جارێك سەرنجم بۆ ئەوە نەئەچوو لە خۆم بپرسم « ئەرێ ئەمە بۆچی و یانی چی ؟ ٠٠ » ٠

چا دابەش کرا ، بێ گومان پیاڵە تایبەتیەکە ، وەك هەموو ڕۆژانی‌تر بەرمن کەوت ، بەم جۆرە ، ئەو کردەوەکەی خۆی لێ (سەد بارە !) کردمەوە ، هەر وەها منیش ئەوەکەی لەمەڕ خۆمم لێ (سەد بارە !) کردەوە ، هەریەکەم قومو چایەکەم بۆڕەت کردەوە وتم : ـ
ـ چایەکەم هەمیسان زۆر شیرینە،کەمێکی تاڵم بۆ بکە بە سەرا !.

کەچی ئافتاووم ئافتاو خێسەیەکی پڕ ڕق و کینەی لێ کردم ٠ لچێکی لێ هەڵقورتاندم و بە نیمچە تووڕەییەکەوە لێی وەرگرتمەوە ، دیار بوو کە ئەم تەقینەوەیەی ئەنجامی پێش خواردنەوەیەکی دوورو درێژ بوو ، چاوم تێوە بوو لە باتی ئەوەی تەنها پیاڵەکەم بۆ پڕکاتەوە لە چای تاڵ هێندەی تێ قلپان تا

ژێرپیاڵەکەشی پڕ کرد بێ گومان ئەمجارە لە تاڵی یا نەئەخورایەوە هەر وەها منیش شەپۆلێکی ڕقو کینە دڵمی ئاوسان ، لە دڵی خۆما وتم : توخوا دەوەرە چۆن تووشی ئەم چەتیوە دەعەجانیە بووم • ئیتر وەها پیشم لێ خواردەوە شورەیی نەبوایە چایەکەم ئەکرد بە چڕو چاوی نەگریسیاو کارێکم پێ ئەکرد با بە دەواری شڕی نەکردبێ ، وەستا ژنم ، هەر وەکو هەستی بەم کەتنەی ئافتاو کردبێ ، بە دڵسۆزیەکەوە لێی پرسیم •

ـ ئەترسم ئەمجارە چایەکەت تاڵ بێ ؟ ! •

هەستمکرد ئافتاو چاوێکی لە دایکی مۆڕ کردەوە هەر وەکو بیەوێ بڵێ :

ـ چاکم کرد •• دەستم خۆش بێ •• خەتای ئەوە ! ؟

منیش لەبەر شەرمنی خۆم ، ناچار بووم لە وەرامدا بڵێم :

ـ نەء ئێستا زۆر باشە •

ئیتر دوو چای تری لەم بابەتەمکرد بە قوڕگما ، بێ ئەوەی بتوانم نقە بکەم ، لەگەڵ هەر چایەکیشدا کە بۆی تێ ئەکردم ، وام بۆ دەرئەکەوت کە وەستا ژنم بە تیلەی چاو خێسەیەکی لێ ئەکردو ئەویش بە لالووتێکەوە ، ڕووی لێ وەرئەگێڕا ، ئەم کەینو بەینە هەمووی ڕووی ئەداو وەستاشم وەك لە دەریای بیرکردنەوەدا مەلە بکا پەیتا پەیتا بەدەم حەپەساوی‌یەوە ، چای هەڵئەلووشی •

ڕۆژی دوێنێ ، ئەم کارەساتە لە دڵما پەنگی خواردەوە ، ئارامی لەبەر بڕیمو لێم بووە مەراق ، خۆم بە خۆمم وت : ئەم ئافرەتە بۆوا لە من ئەکا ؟ ! چ ڕقێکی لێم هەڵگرتووە ؟ ! ئاخۆ هیچ خراپەیەکم بۆی هەبووە ؟ • بەشیم خواردووە ؟ ! ئەی‌چی ؟ •

بەڵام ئەوەی دوێنێ ئێوارێ لە دایکم بیست،(خوا سەر فرازی کا ئــەو مەراقو خەفەتەمی ڕەوانەوەو هەموو شتێکی بــۆ یەکالا کردمەوە )٠

هەردوکمان ( نەسرین ) ی خوشکیشم لەگەڵمان دانیشتبوین٠ باس هاتە سەر باسی ژن هێنانو شوو کردن٠ ئەمانیش (بێ قەزاو بەلا بن) خۆ خوا نەکا لە گفتو گۆیاندا ، جگە لەم باسو خوازانە بتوانن باسێکی تر بجوون٠٠٠وا چوونە خوازبێنی فلان وا فیسار گوێزرایەوە ٠٠ ئیتر باس بە سەر باسدا هات ، تــا منیش خــۆم پێ نەگیراو باسەکەی خۆمم درکانو لە نووکەوە بۆم گێڕانەوە ، بەڵام هەر هێندەم نەزانی،دایانە قاقای پێکەنینو یەك بەسەر یەکا ئەکەوتن ٠

من لەم کارە هەر واقم وڕماو لە تەریقیدا لەشم داگیرسا ، بە حەپەساوییەوە لێم پرسین : ــ

ــ ئەوە بۆ پێ ئەکەنن ؟ ! ٠

ئەوان لە تاو پێکەنین ، وەرامیان نە ئەدایەوە٠من وەختابوو شەق بەرم ، لە دڵی خۆما ئەموت « تــۆ بڵێی شتێکی ناشیرینم لێ نەوەشابێتەوە ، وا پێم پێ ئەکەنن ؟ » ئیتر لەبەرما نەما ٠٠ ڕووم کردە خوشکم و لێشاوی تووڕەییم بەسەر ئەوا برێژم ، پێموت :

ــ ئەرێ ئەوە شەرم ناکەی ؟! ٠٠ بۆ وا پێم پێ ئەکەنیت ؟ ٠

هەر بەدەم قاقای پێکەنینەوە وەرامی دامەوە و وتی :

ــ بە چا شیرینەکانی (ئافتاوی براژنم) پێ ئەکەنم ! ٠٠

منیش هەر بە تووڕەییەوە دووبارە وتم :

ــ وڕێنە ئەکەی ؟! ئافتاوی براژنتی چی ؟!

دایکم که زانی زۆر پەست و دڵگیر بووم لە پێکەنین کەوت و وتی :ـ

ـ بەخێرێ نۆزدە ساڵت تەمەنــە و هێشتا بەوەت نەزانیوە کە چای شیرین مانای خۆشەویستی‌یە ٠

بەسەرسامی‌یەوە لێم پرسی :

ـ خۆشەویستی‌ی چی ؟! مەبەستت چی‌یە ؟

ئەمجارە بە بێزار بوونەوە لە وەرامدا وتی :ـ

ـ ئۆی ٠٠ بە ڕاستە ؟ یا خۆتم لێ گێل ئەکەی ؟ بە کورتی‌یەکەی ئافتاو حەزی لێکردووی ٠٠ ئیستا تێگەیشتی ؟!

« قەت ناشێ ! ٠٠ ئافتاو حەزی لێکردووم ؟ ٠٠٠ ئای لەو فێڵبازی‌یە ٠ ئای لەو زۆرزانی‌یە ! ٠٠ کە وابێ ئەو چا شیرینانە بێ مەلامەت نەبوون ، بەڵێ ئێستا تێ گەیشتم ، ئێستا زانیم‌ئافتاو لە کوێوە قسەی ئەکرد ٠ بەڵام قەیناکە ئافتاو ، من وام ئەزانی هێندەت قین لێمە ، کە چاوت پیاما هەڵنایەتەوە ٠ کەچی تومەس لە گوێی گادا نوستبووم ٠ ڕاوەستە بۆم ، من‌و تۆ و سبەینێ » ٠

کە دایکم ئەو مژدە خۆشەی دامێ ، من ئاوەها لەگەڵ خۆما دوام ، بەم جۆرەش دوێنێ شەو تا درەنگ وەختێ ، خەو نەچووە چاووم ، چونکە زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانێی ئەم سبەینێ‌یەم ئەکرد کە چی بکەم ، چۆن ئەو ئافتاوە جانانەیە تێگەیەنم کە من وا مەتەڵەکەی ئەوم هەڵهێناوە و ئەویش لەسەرێتی پاداشتەکەیم خەڵات بکا ٠

ـ ڕۆڵە مەحموود ٠٠ ئەوە بۆ وا کش‌وماتی ؟ ٠٠ وەستا ژنم لە گەرمەی ئەم بیرکردنەوەیەما و لە کاتێکا کە وێنە و دیمەنەکانی ئەو کارەســاتەی دوێنێ بــە بیر و هۆشــما ڕائەبــووردن ، ئەم

پرسیارەی دا بە تەنگەما ، هەر وەکو لە دڵی خورپابێ کە بیر لە باسەکەی لە مەڕ خۆم و خۆی و ئافتاو ئەکەمەوە ، منیش زمانم بە یەکا هات و نەمزانی چ وەرامێکی بدەمەوە ، تەنها لەبەر خۆمەوە بڵمە بڵمێکم لێوە هات و خۆشم نەمزانی چیم وت ‧‧ ئەویش ئیتر بە زەردەخەنەیەکی پڕ مانا و سەر لەقاندنێك وازی لێ‌هێنام ‧

کە چاوێکم بەملا و بەولای خۆما گێڕا ، سەیرم کرد وا چا دەمی کێشاوە و ئافتاویش ئامادەی تێ‌کردنێتی ، زەردەخەنەیەکی تێکەڵ بە گلەیی لە نێوان لێوەکانی‌یەوە سەرەتاتکێی لەگەڵ ئەکردم ‧‧

تا دوێنێش ‧‧ تا لەم چا خواردنەوەیە ئەبومەوە ، ڕووم نەی‌ئەهێنا تەنانەت کورتە سەرنجێکیشی بدەمێ ، کەچی ئەمڕۆ ئارەزوویەکی بەجۆش پاڵی پێوە ئەنام بۆ تێ‌ورد بوونەوەی ، هەر هەلێکم بۆ هەڵئەکەوت ، تێر تێر سەرنجم ئەدایە ، وام ئەهات بە بیرا کە ئیتر لە سەیر کردنی تێر بووم ، بەڵام هەر هێندەی ڕووم لێ وەرئەگێڕایەوە ، ئەم ئارەزووەم زیاتر جۆشی ئەسەند و بێ ئەوەی هەست بە خۆم بکەم ، سەرنجم لێ گیر ئەکردەوە ‧

ئا لەم کاتەدا لە دەرگا درا ‧‧ وەستا ژنم ڕاپەڕی و چوو بە پیر دەنگەکەوە ، زۆری پێ نەچوو بانگی کردە وەستام ، وتی :

ـ باوکی ئافتاو وەرە داوات ئەکەن ‧

هەر ئەوان ژوورەکەیان چۆڵ کرد و من لەگەڵ ئافتاوا خۆم بە تەنها دی ، لە هیچی نەبوو دڵم کەوتە کوتە کوت و لەشم داگیرسا ‧ ڕوخسارم دڵۆپ دڵۆپ ئارەقێکی گەرمی نیشتە سەر ! هەناسەم سوار بوو ‧ ئەتوت بە شاخێکی سەختا هەڵگەڕاوم ! لە دڵا بە خۆمم وت « ئای کە هەلێکی جوانە !؟ ئەبێ لە دەس خۆمی

نەدەم و ئەوەی لە دڵمایە بیدرکێنم ··· هاکا هاتنەوە درەنگە ! ·· درەنگە ! ·· » ·

لە لایەکەوە ترسی هاتنەوەی ئەوان و لەدەس چوونی ئەم هەلە بە نرخە دڵمی ئەکرمان ، لە لایەکی تریشەوە ، شەرمنیم دەم کوتی ئەکردم و زمانی ئەبردمە کلیلە ·· خۆ دەروونیشم جۆشێکی وەهای سەندبوو کە ئەتوت « ئاگری نەورۆز » ی تیا کراوەتەوە ·

لە ئەنجاما بڕیارمدا پێ بنێم بە جەرگی خۆما ، چونکە ئەو هەستەی زۆری بۆ هێنابووم ، ترس و سام ، شەرم و شۆ ، نەیان ئەتوانی بەری لێبگرن ، کۆڵی پێ بدەن ، دەمم هەڵهێنایەوە چیم لە دڵا بێ دەری بڕم ·· وتم : —

— ئافتاو ····

بەڵام لەم وتەیە زیاترم بۆ نەوتـــرا ! · تەنها ئەم وتەیە و ئیتر ئەوانی‌تر لە قوڕگما خنکان ! ·· لەگەڵ ئەوەشا تەنها ئەم وتەیە بەس بوو بۆ ئەوەی کە ئافتاو لەوپەڕی مەبەستم تێبگات ، چونکە لەگـــەڵ وتنیا ، لێشاوی ئـــەو هەستە بەجۆشەم لـــە ناخی دەروونمەوە هروژمی هێنایـــە دەرەوە ، لە دوو توێیا ئەوپەڕی دڵسۆزی و خۆشەویستیم ڕوون ئەبـــۆوە ، بۆیە ئەویش هەر کە سەری هەڵبڕی و سەرنجی دامێ ، ڕوومەتەکانی هێندەی‌تر سوور هەڵگەڕان ، چاوەکانی کەوتنە بریســـکە بریسك و گەشکەیەکی بەختیاری پڕایە سەر نیگای وە کە لە وەرامدا وتی : بەڵێ ! ··

ئەتوت ساڵەهایە چاوەڕوانە من بڵێم « ئافتاو » ، تا ئەویش بڵێ : ( بەڵێ ) · دوای ئەوە ، بێدەنگی‌یەکی دڵ پروێن دەستی گرت بەســـەرمانا بێگومان ئەو چاوەڕوانی دەمی منی ئەکـــرد ،

منیش چاوەڕوانی وتەیەکی کاریگەری تەڕوبڕ بووم کە بۆم پێك بێت و ئەو لێشاوی هەستەمی پێ دەربڕم کەچی دوای ئەو ماوە بێدەنگی یەی کە بە چەرخێك ئەچوو ، تەنها هێندەم بە دەما هات کە بە پچڕ پچڕی یەکەوە وتم :ــ

ــ ئافتاو گیان ۰۰۰ من ۰۰۰ من تۆم خۆش ئەوێ !۰

ئەوەی ڕاستی بێ ، ئەتــوت ئەم وتانەم بە چەقۆ لە قوڕگم دەر ئەهێنن ۰

ئەمەش تەنهــا لەبەر ئەوەی کە ئەمە یەکەم جار بــوو ئەم قسانەم هەڵئەدا بە گوێی کچێکدا ! ۰۰

سا ئــەویش لە لای خۆیــەوە ، سەرنجێکی قــووڵی دامێ و چاوێکی ناز و ڕازی بۆ ترووکانم۰۰ زەردەخەنەیەکی شادمانیش، کەوتە سەر لێوەکانی ! ۰۰ ئیتر من پێویستم بەوە نەبوو ، ئەو بە دەم و زمــان وەرام بداتەوە ، بەڵکــو چاوە ڕەشــە گەشەکانی ، ئاشکرا پێیان ئەوتم :

ــ منیش زیاتر تۆم خۆش ئەوێ ۰
ــ ئینجا ئیتر زمانم بەربوو ۰۰۰ بە گاڵتە و گەپێکەوە پێموت :
ــ ئاخۆ چایەکانی ئەمڕۆشم ، وەك ڕۆژانی‌تر شیرین ئەبێ ؟!

بە دەم زەردەخەنە و نازکردنێکی دڵ ڕفێنەوە وتی :

ــ ئا : ئەگەر وەك جاران ڕەتیان نەکەیتەوە ! ۰۰

دەمم هەڵهێنایەوە وەرام بدەمــەوە ، بەڵام تەپە تەپی پێی وەستاو وەستا ژنم ، دەم کوتی کردم ! ۰ زۆری پێ نەچوو ، بە جووت خۆیــان کرد بە ژوورا ، ئیتر چوار قــۆڵی ، وەك هەموو

ڕۆژانی‌تر که‌وتینه‌وه‌ چا خواردنه‌وه‌ ، من زۆر به‌ تام و کام سێ پیاڵه‌م له‌ چا شیرینه‌کانی جاران هه‌ڵلووشی ! ·· بێ ئه‌وه‌ی هیچ بێزار بم ! ··· به‌ڵکــو ئاواتــه‌خواز بــووم ، ئه‌م کۆمــه‌ڵی چا خواردنه‌وه‌یه‌ ، هه‌رگیز دوایی نه‌یــه‌ و چا شیرینه‌ تامداره‌کانی ئافتاویش هه‌رگیز له‌بن نه‌یه‌ن ! ··

زانکۆی سلێمانی کتێبخانه‌

پڕ بەدڵ سوپاسی هـاوڕێی خۆشەویستم مامۆستا کامەران موکـری ئەکەم سـەبارەت بە سـەرپەرشتیی چاپکردنی ئەم کتێبە ·

**د· کامل بصیر**

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ١٥٢٥ لسنة ١٩٧٧ ـ ٢٠٠٠/٣٠/١٢/١٩٧٧